# پردی دیلان

ڕۆمان

شارام قەوامی

ناسنامەی کتێب: پردی دیلان

بابەت: ڕۆمان

نووسەر: شارام قەوامی

ئەم ڕۆمانە سەرەتا بە زمانی ئاڵمانیی نووسراوە

پێشکەش بە یاما مەقسوودی

لە پشت ڕوومەتی نادیاری ژنەکەوە، بە سەر چراخانی شاردا، بازنەیێکی گەورەی نێئۆن، لە سووڕانەوەی بەردەوامدایە. لە ناوەڕاستیدا سێ ڕمبی سپیی وریشەدار، هەرکامە لە ئاراستەیێکەوە بەربەستکراو، هێمای ئەم شار و وڵاتە زەنگینەیە. هەرچەن ئەم پیاوە، بیست و چوار ساڵی ڕەبەقە لەم شارەدا ئەژیت و ئەم بازنەیە هەموو شەو و ڕۆژەکان، بێ پسانەوە سووڕاوەتەوە، قەت نەکەوتبووە بەر چاوی. ئەو کاتەی بەرەو ئەم وڵاتە هەڵات، تەمتوومانی ناو مێشکی نیشتبووە سەر جیهانی دەرەوەی. لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنا، ئەم بازنەیەی لە بەر چاو کاڵ بووەوە. وەک دووکانێ وا هەموو ڕۆژێ بە بەر دەم تابلۆکەیدا تێپەڕ ئەبین، کەچی ئەگەر کەسێ ناونیشانیمان لێ بپرسێ، دائەمێنین. لە وڵاتی خۆیدا، ئەم بازنەیە وەک ماشێنێکی شین، پلەوپایەی جیاوازی بنەماڵەیانی ئەسەلماند. بەڵام لەم ساتەوەختەدا پرسیارێکی ئاڵۆزکاوە و دایگرتووە.

هەرچەند ڕوومەتی ژنە بە ئەستەم ئەبینرێت، بەڵام باش ئەزانێ کە ئەو سەیری ناو چاوانی ئەکات.

پیاوەکە سەردائەخات و لە لێوانە ئاوجۆکەی ئەڕوانێ. هێشتا کەفەکەی نەنیشتۆتەوە. لێی ڕائەمێنێ، کەچی دیسان بیری ئەڕواتەوە بۆ بەرەی پێشەوەی شەڕ. بەرەو ئەو دەمەوبەیانییەی وا کوایێکی خۆڵ هاتە ملیا. داچڵەکی و هەڵات بەرەو چەکەکەی. لە سەرەوەی خاکرێژەکەدا گەڵابەیێکی بەرچاوکەوت. بە سەرسووڕمانەوە لە هێمای گەڵابەکەی ڕوانی. لە دوایین ساڵەکانی شەڕدا، هەموو شتێ پورتووکاو و داشقە بوون. دەرکەوتنی گەڵابەیێکی مێرسێدسی پرتەقاڵی لە بەرەدا، ڕێک وەک دیتنی ژنێ وا بوو. گەڵابەکە خزا بەرەو پشت خاکرێژەکە و ون بوو. بە چنگەکرێ بە خاکرێژەکەدا هەڵزنا. عیسای لە ژووری شۆفێردا بەرچاو کەوت.

بانگی کرد. وڵامی نەدایەوە. بە پەلە بە خاکڕێژەکەدا داگەڕا، بەرەو گەڵابەکە هەڵات و دەرگاکەی هەڵتەکاند. نێوچەوانی عیسا بە گوللە پێکرابوو. وەها قیژاندی، هەموو هاوسەنگەرەکانی لە خەو داچڵەکین. بەرەو دەنگەکە هەڵاتن و بە خاکڕێژەکەدا هەڵزنان. عیسا، فەرماندە نەبەزەکەیان کوژرابوو. دۆستە تاقانەکەی بە زمانێکی نامۆ و جەرگبڕ ئەیلاواندەوە. پاش تاوێ سوورکەڵەیێ هاتە گۆ:

- کەوایە فەرماندە کورد بووە.

- یان ئەرمەنی.

- نە، بە کوردی ئەیلاوێنێتەوە. من بۆ خۆم لە کوردستاندا خزمەتم کردووە.

بۆ ئەو پیاوەی وا لە ژووری شەوفێردا ئەگریا، ئیتر گرنگ نەبوو هەمووان بە شۆناسی ڕاستەقینەی بزانن. لەگەڵ ئەم کارەساتەدا هەموو هەویاکانی ڕووخان. پەنجە بە ڕوومەتی عیسادا ئەهێنێت و بە دەم بەرهەنسکدانەوە ئەگریت. لە سەر ڕوومەتی عیسادا نە ترس بەر چاو ئەکەوێ نە تووڕەیی. مەرگەکەی هەمان ئاسوودەیی پێوە دیارە وا خۆی وتبووی، چەند ساعەت پێش ئەوەی فیشەکی نێوچەوانی بپێکێ. عیسا قەت باسی مردنی نەدەکرد. ئەو بەردەوام ورەی ئەبەخشییە سەربازەکانی، بۆ ئەوەی لە مەترسیدارترین دۆخەکاندا بوێرانە شەڕ بکەن، جگە لە دوێنێ ئێوارە. پاش ئەوەی نەیتوانیبوو قەناعەت بە لێژنەی فەرماندەیی بێنێ، دەسبەرداری نەخشەی پێشووی شەڕ بن، بەدەم قریوەی پێکەنینەوە لەجیپەکە دابەزی. سەربازێکی ڕەقەڵە بەرەو لای هەڵات.

- فەرماندە، نەخشەی هێرشکردنەکە گۆڕا؟

- نە.

- بەڵام ئەم نەخشەیە ناچێتە سەر. لە گەڵ حاجیا قسەتان کرد؟

- ئەرێ. هەتا هەر هەمووماں تیا نەچین، ئەو گەمژەیە لە هەڵە بوونی نەخشەکەی تێناگات.

بە پێچەوانەی هەمیشە، لە باتی بەرماڵ، بانگی کرد بۆ چا. قۆزترین سەربازی ئەو دەڤەرە لە قورچکەیێکدا چای بۆ هێنا و لێی پرسی:

- فەرماندە ئەوە بە ڕاستان بوو کە وتتان هەمووماں تیا ئەچین؟

- تۆ نە، تۆ لەم خاکڕێژە دەرناکەوەی.

- بۆ؟!

- چونکە تۆ ئەتەوێ بمریت. سەربازی واش لە بەرەی شەڕدا گەوهەرە.

- جا خۆ ئێوەش ناترسن لە مەردن.

- من لە مەرگ ناترسم، بەڵام تۆ ئاشقەو مردنی.

- من بە ئیمام زەمان بەڵێنم داوە بەر لە موحەڕەم، بەرەو لای بفرم.

- زۆرت پەلەیە، خۆت بکوژە.

- بۆ وەک مناڵ قسەم لەگەڵ ئەکەن. ئەوە دایکی هەموو گوناحەکانا. بەڵام شەهید بوون بەختەوەری هەتاهەتاییە.

- هەردووکیان هەر خۆکوژین.

- ئێوە کەسێکی بەرژەوەندیخوازن و ئەتانەوێ بەر لە هەمووماں شەهید بن.

ئەم قسەیە عیسای هێنایا قریوەی پێکەنین. زۆری خایاند هەتا بە سەر پێکەنینەکەی خۆیدا زاڵ بۆوە. قروچکەکەی لە سەر ئەرد هەڵگرت و وتی:

- ئەمە دەستووری بنکەی فەرماندەییە.

عیسا ئەبوا لە سێ کاژێری داهاتوودا لە گەڵ نیوەی سەربازەکانی هەڵبکوتێتە سەر گردێکی دوژمن. بەر لە هەموو هێرشێکی ئاوەها، سەربازەکان خڕ ئەبوونەوە و باسی دوایین ئاوات و بیرەوەرییەکانی خۆیانیان ئەکرد. عیسا پاش ئەوەی دوایین پەیامەکانی بە بێتەل گۆڕییەوە، هات بۆ لای هاوڕێکانی. ئەوان بە دەور ئاگرە بچکۆلەیێکی سووچێکی خاکرێژەکەدا دانیشتبوون. هەرچەن زۆر بە ئەسپایی بەرەو لایان چوو، کەچی هەر هەموو لە بەری هەڵسان و دانەنیشتنەوە هەتا ئەم دانیشت. دەرکەوتنی لەناکاوی فەرماندە، هەموویانی مت کرد و قرچەقرچی بە ئەستەمی ئەو ئاگرە بچکۆلەیەش نەیدەتوانی بیزڕێنێ. لە ئاکامدا عیسا بۆ خۆی ناچاربوو بێدەنگییەکە بشکێنێ. هەڵسایە سەر پێ و چوو بەرەو لای ئاگرەکە. کترییە ڕەشەکەی لە سەر کوانووەکە هەڵگرت، چایێکی بۆ خۆی کردە نێو قروچکەیێکی پاڵ ئاگرەکە و گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی.

- بەزمەکەتانم تێک دا. ئەم چا ئەخۆمەوە و ئەچم.

- ڕێک بە پێچەوانەوە، ئێمە زۆر کەیفخۆشین بە هاتنت.

- ئەگەر وایە بۆ قسەکەتان بڕی؟!

- قسەمان پێ نەماوە.

سەربازە ڕەقەڵەکە پرسی:

- فەرماندە، بۆم هەیە شتێکتان لێ بپرسم؟

- پرسە.

- ئێوە لە هیچ ناترسن؟

- بۆ مەگەر من بەشەر نیم؟

- بەڵام هەموو کەس لای وایە ئێوە لە هیچ ناترسن. بۆ خۆتانیش ئەمڕۆ وتتان.

- ترس لە چی؟

- لە مردن.

- وایە، من لە مردن ناترسم، بەڵام ئەمە پێوەندی بە قارەمانێتیمەوە نییە. من مردن ترسناک نابینم. حەز ئەکەی بزانی لەبەر چی؟

- هەموومان حەز ئەکەین بزانین.

عیسا بە دەورا چاوی بە سەر هەموو سەربازەکانیدا گێڕا. هەر هەموویان بە سەر تەکاندن، هەمان داواکاریيان دووپاتکردەوە. لە گەڵ دانانی قروچکەکەیدا وتی:

- شەش ساڵان بووم کە تاقانە پوورم کچێکی هێنایەدنیا. کۆرپەکەی نەخۆش بوو، بۆیە پوورم لە گەڵ بەرمەمکەکەی سێ مانگان لە ماڵی ئێمەدا ئەژیان. لە نێو گەڕەکەکەماندا بەس من تاقانە بووم، بۆیە ئەو کۆرپەیەی پوورمم زۆر خۆشئەویست. ڕۆژێکان دایکم پێی وتم بچۆ بۆ ماڵی زۆراو هەتا ئێمە ئەگەڕینەوە. ئێوارە کە هاتنەوە، کۆرپەکەیان لە گەڵ نەبوو. من سۆراخیم گرت. دایکم وتی باوکی بردوویە بۆ لای خۆی. باوەڕم بە قسەکەی نەکرد، چونکە ڕۆژی پێشتر گوێم لە ورەوری دایکم بوو لە گەڵ دراوسێکمان کە ئەیگوت، دوکتۆر پێی وتووە کۆرپەکە نامێنێ. من ئەو کاتە مانای نەمانم نەئەزانی. بەس ئەمزانی شتێکی باش نییە. بۆیە

هەموو ماڵەکە بە دوایدا گەڕام. هەتا ژوورێکی داخراوم بەرچاوکەوت. چوومە حەوشە و لەوێوە بە ستادییێکدا هەڵزنام و خۆم بە ژوورەکەدا کرد. کۆرپەکەم لە سەبەتێکی پەمەییدا بینیەوە. لە هەمیشە ئارامتر بوو. لێوە سوورەکانی هێشتا کراوەبوون. دەستەکانی لکابوونە چەناگەیەوە و شیر بە دەور دەمیەوە بوو. گرتمە باوەش و چەنەها جار ماچم کردەوە. لەو کاتەوە مەرگ وەک کۆرپەیێک ئەبینم کە بە دەم مژینی مەمکی دایکییەوە خەوتووە. بۆ چەن ساتێ بۆنی شیر ناو گەڵابەکە دائەگرێ، بەڵام دیسانەوە چەقەوڕی خوێن و barووت باڵا ئەکات. لە سەر ڕوومەتی عیسادا بەس خاڵێکی ڕەش ئەبینرێ، وەک نیشانە، بەڵام باش ئەزانێ ئەمە دیمەنێکی ڕووکەشییە و پشت سەری تڵیشاوە و لەوێوە مێشکی تێکەڵ بە barووت و خوێنی دەرپەڕیوە.

ئەم دیمەنە خۆساختەیە بۆ هەمیشە لە مێشکی زۆراودا چەسپا. ئەو لای خۆی بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئاخۆ ئەم ژنە ئاڵمانیە چۆن لە مردن ئەڕوانێ. مردن لە مێشکیدا چ وێنەیێکە؟ لەوانەیە ژنێکی سەد ساڵ تەمەن بێ وا لە دووچەرخە دائەبەزێت و ئەیژێ› ئای کە ماندووم‹ زۆراو سەری هەڵئەبڕێت و لە ژنە ئەڕوانێت. ئەو هەروەک پێشتر سەیری ڕوومەتی ئەم ئەکات. کەفی ئاوجۆکە نیشتووتەوە. لێوانی ئاوجۆکەی لە سەر مێزەکە هەڵئەگرێ. ژنەش لێوانەکەی خۆی هەڵئەبڕێ. بەرلەوەی وەک هەمیشە لێوانەکانیان لە یەکتر بدەن لە ژنەکە ئەپرسێ:

- ئەزانی بۆ خەڵکی پەرداخی خواردنەوەیان لە یەکتر ئەدەن؟

- بۆ؟

- مرۆڤ بە چاو خواردنەوەکە ئەبینێ، بە لووت بۆنی ئەکات، بە دەست ڕایئەمووسێت و بە زمان ئەیچێژێ، بەس گوێ هیچی بەرناکەوێ، بەڵام کە زرینگە لە پەرداخەکانەوە هەڵسا، گوێش چێژی خۆی وەرئەگرێت.

- چیرۆکێکی جوانە.

زۆراو سەرلەنوێ لە پشت سەریەوە بازنە بسوورەکە ئەبینێتەوە. ئەیهەوێ لێی بپرسێ، ئەم هێمایە چ ماناییێکی بۆی هەیە، بەڵام ئەو، لێوانەکەی ئەنێ بە لێویەوە. ئەمیش قومێک ئەخواتەوە و ئەڵێت:

- تۆ چۆن لە مردن ئەڕوانی؟

- تەواو ڕەش ئەیبینم.

- با بە جۆرێکی تر لێت بپرسم. کە بیری مردن بکەویتەوە، یەکەم وێنەیێ بە مێشکتدا دێت چییە؟

- وێنەیێکی ڕەش.

- مەبەستم شتێکیترە. بیر چ شوێن و چ کەسگەلێ ئەکەویتەوە، کاتێ کە بیری مەرگ داتئەگرێ؟

- ئەگەر ئەم وشەیەم لە ڕۆژنامەدا بەرچاو بکەوێ یان لە بەرنامەیێکدا گوێ لێ بێ، ئاسایی بە لایا تێپەڕ ئەبم، بەڵام ئەگەر لە گوێمدا بزرنگێتەوە، ئەوسا بیر مردوویێکی ڕاستەقینە ئەکەومەوە. بۆ وێنە دایەگەورەم.

- دایەگەورەت لە چەن ساڵاندا مرد؟

- نەوەد و پێنج.

دیسانەوە بیر ژنە سەد ساڵانە دووچەرخەسوارەکە ئەکەوێتەوە. لە شەوەبەفرێکی زستانی پاردا، کاتێ لە شەقامی پاشادا بە تەنێ خۆی لە سەر ئاسکەمیلێکی ئاسندا دانیشتبوو، بۆ یەکەم جار ئەم وێنەیەی هاتە مێشکەوە. ئەوێ

کەسی لێ نەبوو. بەناوبانگترین و بڵخەترین شەقامی شتووتگارت لەو کاتەدا چۆڵەوانی بوو. ئەو هەمیشە هەستی ئەکرد شەش دانگی ئەم شەقامە هی ئەوە، لەو ساتانەی وا کەسی لێ نییە. بە دەگمەن سەیری جامخانەی دووکانێ یان تابلۆیێکی بکردبا. بەس لە نەبوونی ئەو خەڵکە بێئەژمارەی ئەڕوانی وا هەنووکە  لە خەوی قووڵدابوون. لەم ناوەناوەدا بیس سانتێ بەفر دایکردبوو. هەموو لاێ سپی ئەچووەوە. لەپڕ پیاوێ دەرکەوت. جل و جەستە لە بەفرا سپی، بەرامبەر بە ئەو وەستا. ساکەکەی سەرشانی کردەوە و ویۆلۆنێکی دەرهێنا. دەرکەوتنی ئەو کابرایەی پێ ناخۆشبوو. بۆ ئەبێ کەسێ ئەم بێدەنگییە جوانەی درەنگانی شەوە تێکبدات.

لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و خەریک بوو بڕوات، کە کابرا دەستی بە ژەندن کرد. قاچەکانی نووسا بە زەوینەوە و لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە. سۆناتێکی شووبێرتی ئەژەند کە بۆ ئەو  ئاشنا بوو. هەتا پێنج ساڵی لەوەوپێش ئەم سۆناتە بۆ ئەو هەڵگری هەستێکی قووڵ بوو لە خۆشەویستی و مەرگی ژنە ئاڵمانیێک. کە بیست و چوار ساڵی لەوەوپێش لە ئێران هەڵات، بەس لەبەر ئەو ژنە لە ئاڵماندا مایەوە، سەرەڕای ئەوەی  بیستبووی ئاڵمان بۆ غەوارەکان، شوێنی ژیان نییە . ژنە ناوی مارگرێت بوو. ئەم لە ئێران بە مەگی بانگی ئەکرد.  بۆ دامەزراوەی خاچی سوور کاری ئەکرد کە لە ئێراندا بە ناوی پەیڤی سوور ئەناسرا. جوانێکی بەرچاویی نەبوو، بەڵام ڕۆحسووک بۆو زەرەشیرین. کامێراییێک و هەستێکی بەهێزی هەبوو بۆ وێنە گرتن لە شوێنە مەترسیدارەکانی مەیدانی شەڕ. ئەو و عیسا لەو ڕووەوە یارمەتی زۆریان دا، سەرەڕای ئەوەی ئەیانزانی ئەو کارەیان تەواو بێمانا و پڕمەترسییە. ئەبوایا هەموو جارێ جلی سەربازی بکەنەبەری و ڕیشێکی دەستکردی بۆ بنێن بۆ ئەوەی بگاتە بەرەی شەڕ. لە ماوەی نۆ مانگدا هەستێکی قووڵ لە نێوانیاندا دروست بوو، کەچی ئەو ژنە لەپڕ نەما و ئەو نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە ئاڵمانیشدا نەیتوانی شوێنی هەڵبکات. زۆراو ساڵانێکی دوور و درێژی لە گەڵ یادی سێکس کردن لەگەڵی و هەروەها خەمی مردنی تێپەڕاند. پاش بیست و یەکساڵ توانی لە شارۆچکەیێکی نێزیکی کۆڵندا

بیدۆزێتەوە. دەمەوبەیانییێکی زوو بە نیازی دیتنی  کەوتە ڕێ. ئەو ژنە لە ماڵێکی جوان و شازدا بە باخەحەوشێکەوە ئەژیا کە بۆ ژنێکی تەنیا زۆر گەورە ئەینواند. گڵۆپەکانی ماڵەکە ئەگڕان. بەرامبەر بە خانووکە لە بنە دیوارێکدا دانیشت. ئەگەر مناڵی هەبێ، ئەبێ بۆ قوتابخانە یان باخچەی مناڵانی بەرێ.

پاش ساعەتێ دەرگای ماڵەکە کرایەوە و ژنە بە تەنێ خۆی سەری بە حەوشەدا کرد. کراسێکی بێقۆڵی کەسکی لە بەر بوو. زۆراو هەڵسایە سەر پێ و لێیڕوانی. مینیژووپی پرتەقاڵیی لەپێبوو. دڵی کەوتە لێدان. ئەو ئێستا هەمان جەستەی چاولێئەکات وا بیست و یەک ساڵی لەوەوپێش زۆر جاران ڕایمووسیبوو. هەر هەمان ژنێ بوو وا دەیان جار لە گەڵی خەوتبوو، کەچی قەت لە ئاوەها جلوبەرگێکدا نەیدیبوو. هەمیشە پۆشتەبوو، تەنانەت ئەو کاتانەی وا سێکسی لە گەڵ ئەکرد. لە ماوەی نۆ مانگ دۆستایەتیدا بەس یەکجار ئەو ژنەی بە ڕووتی بینی، لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا، لە سەر گەلابەیێکی سەربازی و لە مانگەشەوێکدا.

دوای ئەوە قەت نەیتوانی ئەو جەستەیە لە بیر بکات، سەرەڕای ئەوەی لە گەڵ بێ ئەژمار ژنیتر خەوت. ئێستا هەر هەمان جەستەی لە بەر چاوە. ژنە ئەچێ بەرەو دووچەرخەیێ. زۆراو بە پانتایی کۆڵانەکەدا ئەپەڕێتەوە و بە دەستە ڕاستا هەتا سەر شەقامەکە ئەچێت. پاشان لائەکاتەوە و لە دەرگای حەوشەباخەکە ڕائەمێنێ. هەرکە یەکەم تایەی دووچەرخەکەی بەرچاوئەکەوێ بەرەو ڕووی ئەچێ. پاش چەند چرکەیێ چاوی ئەتەقێتە نێو چاویەوە. لەوانەیە بە پاڵ دەستیدا تێپەڕایا، ئەگەر بە ناوی خۆی بانگ نەکرایا. لە دووچەرخەکەی دائەبەزێت، دەستی تۆقە کردنی بۆ ڕائەکێشیت و زۆر دۆستانە ئەڵێت:

- Good morning.

- Good morning.

- How are you?

-You must be quite well meeting an old time friend.

- I am also glad to see you again.

-you're going to work?

-yes, and what are you doing here?

- I go into the forest. Do I have permission to walk in your town?

مەگی سەیرێکی جلە وەرزشییەکەی ئەکات:

-but of course my honey.

هاوکات لە کاتژمێرەکەی دەستیشی ئەڕوانێت.

-I have to go unfortunately.

زۆراو وەک نەناس پێی ئەڵێت:

- پێت خۆش بێ ئەتانم ژمارەکەمت بدەمێ.

ژنە بە سەرسووڕمانەوە ئەڵێ:

- ئەی لەوە ! جا خۆ ئاڵمانی قسەکردنەکەت تەواوە، ئەرێ پێم خۆشە.

- مۆبایلەکەتت پێیە؟

- نە بە داخەوە.

هەمیسان لە کاتژمێرەکەی ئەڕوانێتەوە و خەریکە سواری دووچەرخەکەی بێتەوە. زۆراو ناسکارتێکی خۆی لایە. بەڵام نیگاییێکی قووڵ ئەبڕێتە ناو چاوانی.

- Good by!

ئەویش بە دەنگێکی زۆر دۆستانەوە ئەڵێ:

- هەتا چاو پێکەوتنی دووبارە.

زۆراو بە خێرایی بە جێی دێڵێت و هاوکات بیر لەوە ئەکاتەوە کە هەتا چاوپێکەوتنەوەیێکیتر، وڵامێکی باش نییە بۆ گوودبای. پاش چەن چرکەیێ دەنگی دابەزینی لە دووچەرخەکە ئەبیسێ، بەڵام لای لێناکاتەوە و ڕێک بەرەو ناو دارستانەکە ئەڕوات. کە بیست و یەک ساڵی لەوەوپێش ئەو ژنە لەپڕ ون بوو، قەت بیری بۆ ئەوە نەچوو کە ئەو سووک و ئاسان بە جێیهێشتووە. ئەوکاتە بە دڵەڕاوکێ زۆرەوە هەموو شوێنێکی بۆ دایەپاوە، کەچی کەس نەیتوانی یان نەیدەویست وڵامێکی ڕاستی بداتێ. لە ئاکامدا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو ژنەش یەک لە بێئەژمار قوربانییەکانی شەڕ بووگە، کەچی قەت نەیتوانی فەرامۆشی بکات و بەردەوام بیری ئەکەوتەوە، هەرکە ناوی ئاڵمانی ئەژنەفت، سۆناتێکی شووبێرتی بەرگوێ ئەکەوت و بەتایبەت لەگەڵ هەموو مانگەشەوێکدا.

ڕووداوی ئەو شەوە بوو بە یادەوەرییێکی هەتاهەتایی بۆ ئەو. زۆر جاران بە خەیاڵیەوە دەسپەڕی ئەکرد. هەموو جاریش ویجدانی پێ دەیشا، چونکە هەستی ئەکرد دەسدرێژی لە ڕۆحی مردوویێ کردووە، سەرەڕای ئەوەی بێدینیش بوو. بیست و یەک ساڵی ڕەبەق ئەو ژنەی وەک قوربانییێکی شەڕ بینیبوو، کەچی ئەو هەموو ڕۆژێ ئاوەها بە کاوەخۆ دووچەرخەی لێخوڕیوە. ئێستەش وا ئەنوێنێ کە بەردەوام دووچەرخە لێبوخڕێ هەتا سەد ساڵ پڕ ئەکاتەوە. ئەو ماندوو نابێ لە

دووپاتکردنەوەی ئەم کارەی، هەر وەک ئەم بازنە سپییە بریسکەدارە وا هەموو سات و وەرزەکان بێپسانەوە لە سووڕاندایە. ئەگەر ئەم بازنەیە لە دەقەدا سێ جار بسووڕێتەوە، لە کاتژمێرێکدا سەد و هەشتا جار بە دەور خۆیدا ئەسووڕێتەوە. لەپڕ کەڵکەڵەی پێواندنی خێرایی سووڕانی بازنەکە دایئەگرێت و سەیری کاتژمێرەکەی دەستی ئەکات.

- زۆراو پەلەی ڕۆیشتنتە؟!

- نە، کارێکم نییە.

- دڵنیای؟

زۆراو ئەزانێ کە پرسیارەکەی کێرستێن گومانێکی گەورەی تیایە بەرامبەر بە وڵامەکەی ئەم. بێشک کێرستێن ئەوەندە زیرەکە لە دۆخ و حاڵی شێواوی ئەم تێبگات. ئەگەر بێدەنگییەکەی زیاتر بخایێنێ، لەوانەیە بەدگومانییێکی گەورەی لا دروست بێت. بەڵام ناتانێ وڵامی ڕاستیشی بداتێ. لەوانەیە کێرستێن هەر تەواو بە گەوجانە بیبینێ، ئەگەر بێت و پێی بڵێ ویستوویە خێرایی خولخواردنی ئەو بازنەیە بپێوێ.

- کێرستێن، منیش لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەموو کەس بە لای کەمەوە چەن دەقەیێ لە ڕۆژدا مناڵە. لەو کاتەی داتچڵەکاندم، لەو ساتەوەختەدا بووم. خەریک بووم بیرم لە پرسیارێکی مناڵانە ئەکردەوە.

- چ پرسیارێ؟

- چۆناوچۆن بێژم... گەرەکم بوو بزانم هێماکەی مێرسێدس، لە دەقەدا چەن جار بە دەور خۆیدا ئەسووڕێتەوە.

ئەم قسەیە هریکەی پێکەنینی لە کێرستێن هەستاند.

- ئەوەت بۆچیبوو؟!

- بۆ منداڵکاری خۆم.

- زۆراو گرفتێکی تایبەتیت هەیە؟

- گرفتی چی؟

- نازانم، بەڵام تۆ ئەمشەو زۆر بێدەنگی. بۆ سەبارەت بە مردن لێت پرسیم؟

- تۆ پرسیاری وا بە نائاسایی ئەزانی؟

- نەرێ.

- بۆ من وا نیە. من بەردەوام لە گەڵ ئەم پرسیارگەلە ژیاوم. ئەزانم ئێوە ئاڵمانیگەل کردەوەخوازن. ئێوە بەس بیر لەو شتگەلە ئەکەنەوە وا پێوەستە بە داهاتووتانەوە، بە ئاوی کانزا، خواردنی سروشتی و بازرگانی دادوەرانە. بەڵام من قەت ناتانم خۆم لە ڕابردووم قوتار بکەم. من دایمە قاچێکم لەوێیە، تەنانەت ئەو کاتانەش وا خەیاڵی داهاتوو ئەمبات.

- زۆراو بۆ باسی ڕابردووی خۆتم بۆ ناکەی. من حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم.

- بۆ؟

- چونکە خۆشتم ئەوێ.

- لەبەر چی؟

- خۆشەویستی پرس هەڵناگرێ. ملیۆنەها کەس لەم جیهانەدا ئەویندارن، منیش

یەکێکم لەوان.

- من وای بۆ ناچم. لەوانەیە ڕۆژانە سەدان جووتی بەختەوەر لە سەر شەقامەکاندا ببینین، هەزاران ماچی سینەماییمان بەرچاوکەوێ، بەڵام ئەم دیمەنە ڕووکەشیگەلە بەس خەڵکی خاوی پێ ئەخڵەتێ.

- بەڵام تۆ بۆ خۆتیش هەڵوەدای ژنێ بووگیت و ئێستاش هەر خۆشت ئەوێ.

- کامە ژن؟

- ئەوەی وا ناویت لە سەر هەر دوو باسکت بە خاڵ کوتاوە.

- بەڵام خۆ من پێشتریش چەنەها جار پێتم وتووە. ئەوە ناوی پیاوە نەک ژن.

- پیاو یان ژن فەرقی چیە؟ تۆ هێشتاکە هەر ئەو کەسەت خۆش ئەوێ.

- بەڵام ئەو پیاوە بیست و چوار ساڵ بەر لە ئێستا مردووە.

- بە داخەوە... ئێمە باسی خۆشەویستیمان ئەکرد. کە تۆ پاش ئەو هەموو ساڵە ئەوت لەبیر نەکردبێ، دەرئەکەوێتەوە کە خۆشەویستی خەونەزا نییە.

- جا من کەی وتم خۆشەویستی خەونەزایە، بەڵام ئەگەر دوو کەس یەکتریان بەڕاستی خۆش بوێ، پێویستیان بە نمایشدانی نابێت و خەریکی چێژبردنی خۆیان ئەبن. پاشان ئەو پێوەندییەی وا لە نێوان من و عیسادا بوو، ناکرێ ناوی ئەوینی لێ بنین. ئەوین مانایێکیتری هەیە. ئێمە هاوڕێ بووین. لە نێوان من و عیسادا هەستێکی ئێجگار قووڵ بوونی هەبوو کە ڕەگی لە ئامانج و چارەنووسی هاوبەش و متمانەی بێسنووردا بوو. وشەی ئەوین ئەم مانایەی نییە، بەڵام من لە زمانی ئاڵمانیدا وشەیێکی گونجاو شک نابەم.

- وا نییە، وشەی ئەوین هەڵگری هەموو ئەو واتاگەلەشە.

- نە کێرستێن، ئەوین پێوەندییێکی ئایدیالیستی پێناسە ئەکات، بەڵام دۆستایەتی ئێمە ڕاستەقینە بوو. ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی ئێمە هاوبەش بوون. بۆیە پاش مەرگی عیسا من بۆ هەمیشە داهاتووی خۆمم دانا.

- بەڵام ئەمە زۆر ناسروشتییە، بیست و چوار ساڵ عومرێکە. تۆ ئەبێ خۆت بە دەروونناسێ بناسێنی.

- هەشت ساڵی لەوەوپێش لە گەڵ یەکێکا قسەم کرد، لە ئاخرا بەس وتی ئەبێ واز لە ڕابردوو بێنم.

- دەی جا خۆ ڕاستی وتووە. تۆ نابێ بۆ هەتاهەتایە بە دوای کڵاوی بابردوودا هەڵێی.

- جا ئەوە دەروونناسی بۆ چییە؟ خۆمیش ئەزانم ئەبێ خۆم لەو کانی پەرۆشە دەرباز بکەم. بەڵام ئەو ڕابردوویە بەردەوام لە مندا قووڵتر ئەبێتەوە. من هیچم لە دوایین گانم لە گەڵ تۆ، کە بەس حەوتەیێ بە سەریدا تێپەڕیوە، لەبیر نەماوە، بەڵام زۆر بە باشی هەموو شتێکی ڕۆژی مردنی عیسام لە بیرە، بە هەموو وردەباسەکانیشیەوە، سەرەڕای ئەوەی خەریکە سێ دەیەی بە سەردا تێئەپەڕێ.

- کە تۆ بەردەوام بیری لێ بکەیتەوە، هەر واش ئەبێ.

- من بەردەوام هەوڵم داگە خۆم لەم بیرەوەریە ڕۆحپڕووکێنگەلە دەرباز کەم. ناوی هەر هەموو نۆزدە هاوسەنگەرەکەمم لەبیر کردووە. بەڵام ڕواڵەت و قسەکانیانم وەها ڕوون لەبیرە، چما هەر دوێنێ بووبێت.

- بۆ سەردانێکی سەر قەبرەکەی ناکەی. خاک سوکنایی دێنێت.

- ڕەنگە وابێ، من بۆ خۆم قەبرەکەیێم هەڵکەند، بەڵام نەمتانی بەشداری ناشتنەکەی بکەم. پاش ئەو ڕۆژە لە ئێران هەڵاتم و ئیتر بە سەردانیش نەچوومەتەوە.

- تاسەی ئەوێت نەکردووە؟

- زۆر تاسەی شاخەکانی کوردستان، بیابانەکانی باشووری ئێران و شەقام و کۆڵانەکانی سنە ئەکەم. بەڵام حەز ئەکەم تیایانا تاقەبەشەرێ نەبینم. کە بیر لە کوردستان ئەکەمەوە، پێم خۆشە کەسم تیا بەرچاو نەکەوێ.

- قینت لە خەڵکەکەتە؟

- ڕقی هەندێ کەسم لە دڵدایە، بەڵام زۆربەیان بۆم بێگانەن. من کەسم لەوێ نییە حەزم لە دیتنی بێ.

- بەڵام خۆ دایک و خۆشک و براکانت لەوێ ئەژین، هەروەها زۆربەی خزمەکانت.

- لە گەڵ کەسیان قسە ناکەم. ئەو کاتەی گەیشتمە ئاڵمان، هەوڵم دا بە تەلەفۆن قسەیان لە گەڵ کەم، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون قسەم لەگەڵ کەن. پاش چەن ساڵێ هەموو شتێ ئاوەژوو بووەوە. ئەمجارە ئەوان ئەیانویست قسەم لەگەڵ کەن، بەڵام من ئیتر حەزم نەئەکرد دەنگیشیان ببیسم. ئێستاش هەر هەمان هەستم بەرامبەریان هەیە. حەز ناکەم کەسیان ببینم. ڕۆژ نییە لە ڕێگەی فەیس بووکەوە وێنەی مناڵ و زەماوەندەکانیانم بۆ نەنێرن، بەڵام چاویان لێ ناکەم.

- زۆراو، ئەو کەسەی لە هەموو ساڵ و ژیانیدا بەس بیر لە یەک ڕۆژ بکاتەوە، ئاساییە نەتوانێ ئەو تاقە ڕۆژە لە بیر بکات.

- من پێم وایە ئەو ڕۆژە نەک لەبەر ڕوانینی من، بەڵکوو لە خۆیدا جیاوازە.

- چ جیاوازیێ ئەبێ لەو ڕۆژەدا بووبێت. ڕاستە لەو ڕۆژەدا باشترین دۆستت مردووە. ئەمە ناخۆشە، بەڵام کارەساتێکی ناوازە نییە. ملیۆنەها لەم چیرۆکگەلە لە مێژوودا بوونی هەبووە.

- بەڵام مەرگی عیسا تاقە ڕووداوی ئەو ڕۆژە نەبوو. لە هەموو شتێ گرنگتر ئەو ڕاستییەی بوو وا لەو ڕۆژەدا بۆم دەرکەوت.

لێرەدا زۆراو دەنگی ئەشکێت، لەرز هەموو جەستەی دائەگرێت و قسەی پێ ئەبڕێت. کێرستێن پەنجەکانی بە سەر مێزەکەدا ئەخشێنێت و دەستە لە ئارەقەی سارد نیشتووەکانی زۆراو ئەگڵۆفێت، هەتا گەرم دادێنەوە. پاشان سەیری ناو چاوانی ئەکات:

- چ ڕاستییێک، بۆم باس بکە، تۆ ئەبێ من بە دۆستی خۆت بزانی.

- تۆ پاڵپشتی منی. گرفتەکە لای منە. پێوەندی بە تۆوە نییە. من زۆر بیرم لەوە کردووتەوە چۆناوچۆن ئەو شتگەلەت بۆ بگێڕمەوە. من بڕوام پێتە کێرستێن، بەڵام کاتی زیاترم ئەوێ.

- چۆنت پێ خۆشە با وا بێ.

کێرستێن سەرپەنجەکانی ئەکشێنێتەوە و بتڵە ئاوجۆیێکیتر هەڵئەتەکێنێ. زۆراو پاشماوەی ئاوجۆکەی ئەخواتەوە.

- کێرستێن ئەمەوێ سەردانێکی کوردستان بکەم، دێی لە گەڵم؟

- کەی ؟

- هەر کاتێ تۆ دەستت گەییشت.

- ئەی بۆ نایێم.

زۆراو هەڵدەستێتە سەر پێ و دەستەکانی بەرەو کێرستێن ڕائەکشێت. کێرستێن لە گەڵ ڕاکێشانی دەستیدا ئەڵێت:

- پێویست ناکا گفتم لێ وەرگری، من بە سەر دێم نەک بە پێ.

- گفت وەرگرتنی چی؟! ئەمەوێ کورسییەکەم لەگەڵت بگۆڕمەوە.

- لەبەر چی؟

- چۆن ئەوەی تۆ گەرمتر و بەرزترە.

کێرستێن بە بێ ئەوەی ئێلەکەکەی لە کورسییەکە بکاتەوە، هەڵدەستێت، مێزەکە دەور ئەداتەوە و چنگ بە بن با باڵیدا ئەکات.

- ها شوێنە باشەکە بۆ تۆ بەبە گیان.

زۆراو لە سەر کورسییەکەی کێرستێن دائەنیشێت و گەرمتر و بەرزتر لەوەی چاوەڕوانی ئەکرد ئەیبینێ. کێرستێنش لە سەر کورسییەکەی ئەو دائەنیشێت و خۆی نزمتر لە پێشتر ئەبینێتەوە. بە سەرسووڕمانەوە تێئەگات، بە هۆی ئەو پرۆژێکتۆرەوە وا تیشکی کەوتووەتە نێو چاوەکانی، ڕوومەتی زوراو لێڵ ئەبینێ، کەچی هێماکەی مێرسێدێس بێنز لە پشت سەریەوە ئەدرەوشێتەوە. بۆ یەکەمجار لە ژیانیا لەو هێمایە ڕائەمێنێ. پاش چەن چرکەیێ کەڵکەڵەیێکی سەیر دایئەگرێ بۆ پێواندنی خێرایی سووڕانەوەی ئەو بازنەیە. لای خۆی ئەڵێت› هەر ئەوەندەی بزانی ئەم بازنەیە لە دەقەدا چەن جار ئەسووڕێتەوە، زۆر بە ئاسانی ئەکرێ ڕادەی سووڕانەوەکەی لە شەست ساڵی ڕابردوودا بپێوی. بەڵام ئەم پێواندنە بە کەڵکی چی دێت؟ ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە بتەوێ ڕادەی ترووکانی پێلوو یان هەناسەدانی کەسێ بپێوی. نە وانییە،

کەس ناتانێ پێلوو یان هەناسەدانی مرۆڤ لە ساڵێکدا و تەنانەت لە ڕۆژێکدا بپێوێ... بەڵام باش ئەکرێ ئەوە لە گەڵ خۆ سووڕاندنەوەی ئەم ئەستێرە گەنجەی خۆمان لە چوار میلیارد ساڵی ڕابردوودا بەراورد بکرێ<

لەم بیر لەخۆ دابڕینەدا لەخۆوە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی ئەکات و هاوکات بیر وڵامەکەی زۆراو ئەکەوێتەوە وا ئەم زۆر بە جەفەنگی زانیبوو. قاقای پێکەنین دایئەگرێ. زۆراو ئێستا بە باشی ڕوومەتی پێکەنین داگرتووی ئەبینێت و ناپرسێ لە هۆکاری ئەو پێکەنینە لەناکاوەی. بەس لە سیمای ڕائەمێنێ. قژە زەردەکەی وا زۆر لە گەڵ چاوە فیرۆزەییەکانیدا دێتەوە، وەک هەمیشە جوان ئەبینێ. لە لووتە قنج و بچووکەکەی ئەڕوانێ، کەچی بە هەمان شێوەی بەر لە نەشتەرگەری کردنی هەشت ساڵی لەمەوبەری ئەیبینێت و دیانە ڕێکە بچووکەکانیشی بە هەمان شێوەی نێو ڕەسمەکانی کاتی قوتابخانەی دێنەبەر چاوی. ئەگەر پیاوێکیتر لەم ساتەوەختەدا و هەر وەک ئێستای لێی بڕوانێ، بە ئافرەتێکی شەنگ و شۆخی چڵ ساڵان تەمەن دایئەنێ، هەرچەن پێی ناوەتە ناو چل و حەوت. زۆراو ئەم پێکەنینەی کێرستێن لە هەموو شتێکی لا جوانترە و هەر ئەم جوانییەی، لە دووهەم چاو پێکەوتندا بەرەو لای ئەوی ڕاکێشا. لە یەکەم چاوپێکەوتنا ئەوی زۆر ئاسایی هاتە بەرچاو. لەو ڕۆژەدا کێرستێن لە پاڵ سنۆقێکی گەورەی جلی خێراتدا ڕاوەستابوو. خەریک بوو جلە کۆنەکانی باوێژێتە ناو سنۆقەکە. ئەم لەخۆوە قیڕاندی:

- دەس ڕاگرن!

- بۆ؟!

- بەو کارە ئەتانەوێ یارمەتی خەڵک بدەن؟

- نە، بەس فڕکیان ئەدەم.

- دەی داوای لێبوردن ئەکەم.

زۆراو ملی ڕێگای خۆی گرتەوە بەر. لەو ڕۆژە هیچ وتەیێکی لەگەڵ نەگۆڕیەوە، بەس جارناجار لە بەر تارمەوە بە دزییەوە لێی ڕائەما، لەو کاتانەی وا بە تەنیا یان لە گەڵ دۆستەپیاوەکەی سەری بە ماڵەوەدا ئەکرد. هەتا بەیانیێ کە ئەبوایە لەبەر دیداری کەسێ، زووتر لە جاران لە ماڵ دەرکەوێ. لەناکاو باران دایکردە بارین. خەریک بوو بە پلیکانەکاندا سەرکەوێ کە دەنگێکی ژنانەی هاتە گوێ:

- فەرموون سەرکەوون!

ئاوڕی لە دەنگەکە دایەوە و ئەو ژنەی لە پشت فەرمانی ماشێنەکەیدا بینی. پانتایی کۆڵانەکەی بڕی و چوو بەرەو لای، هەتا بە خاناوایی کردنێ داوەتەکەی ڕەت کاتەوە. بەڵام ئەو وەک مێشکی ئەمی خوێندبێتەوە، هەمان داواکاری و ئەمجارە بە دەنگێکی دۆستانە دووپات کردەوە.

- سەرکەوە.

چوو بەرەو دەرگاکەیتری ماشێنەکە و کردییەوە. کەلووپەلێکی زۆر لە سەر کورسیی پێشەوە هەڵڕژابوون. ویستی دەرگاکەی دواوە بکاتەوە، کە ئەو پێی گوت:

- تاوێ ڕاوەستە.

خێرا شاتاڵی لە شت و مەکەکە دا و هەرهەمووی هەڵڕژاندە سەر کورسییەکەی پشتەوە. زۆراو هەمیسان دەرگاکەی کردەوە و لە تەنشتی دانیشت.

- بەیانی باش.

کێرستێن تۆقەی لەگەڵ کرد.

- بەیانی باش...ئێوەش هەموو شەموان کار ئەکەن؟

- نە، ئەمڕۆ کاری تایبەتم هەیە.

ویستی خۆی ببەستێتەوە، پاشگەز بووەوە.

- بەس هەتا یەکەم ئێزگەی قەتار بمگەیێنی گەورەیی ئەکەی.

- من بۆ ناوەڕاستی شار ئەچم، هەتا کوێ حەزت کرد ئەتانی لە گەڵم بی.

لەگەڵ ئەم قسەیەدا لێی خوڕی. پاش ئەوەی بەرەو کۆڵانێکی گەورەتر پێچاندی لێی پرسی:

- بۆ ئەوجارەی پێشوو پێت وتم جلەکانم نەخەمە نێو سنۆقەکە؟

- زۆرینەی خەڵک جلەکانیان داوێژنە نێو ئەو سنۆقانەی کلێسە، چۆن پیان وایە ئەدرێنە خەڵکی ڕەش و ڕووت، کەچی نوێنەرانی یۆهانیتا ئەو جلانە ئەفرۆشن و پارەکەشی ئەنێنە تەنکەی باخەڵیان.

- بەڵام یۆهانیتا دامەزراوێکی خێرخوازانەیە، لە کوێ ئەزانی ئەوان ئەو جلانە ئەفرۆشن و پارەکەی بە خەڵکی هەژار و فەقیر نادەن؟

- من سوور ئەزانم ئەوان ئەو جل و پێڵاوگەلە ئەفرۆشن و پارەکەشی ئەدەنەماڵ و ماشێن بۆ خۆیان.

- ئەو شتە مەگەر خوا بیزانێ.

ئەم قسەیەی کێرستێن نوکتەیێکی بیر خستەوە کە وڵامی پڕ بەپێستی  گومانەکەی بوو، هەرچەن بۆ ئەم ساتەوەختەی ئێستا نەگونجاو ئەینواند.

- بۆم هەیە نوکتەییێکتان بۆ بگێڕمەوە؟

- ئەرێ حەزم لە نوکتەیە.

- دایکێک ئەیەوێ ژن بێنێ بۆ کوڕەکەی. بۆیە پێشنیاری کچە عازەبێ ئەداتە مێردەکەی. شووەکەی ڕازی نابێت و ئێژێ دایکی ئەو کچە قەحپەیە. ژنەش ئەڵێ کورە خوا ئەزانێ. شووەکەی تووڕە ئەبێت و ئێژێ، گوایێ خوا لە کێری من باشتری لێ ئەزانێ؟!

وەک کەڕەنایێ کوڕێ خۆی فووی پیا بکات، قریوەی قاقای لێوە هەڵسا. زۆراو ئەم پێکەنینەی ژنەی زۆر ناوازە هاتەبەرچاو. قاقای هەڵدابۆو هەموو ڕوومەتی پێئەکەنێ، هاوکات بە دەستێکیشی بەردەوام ئەیکوتایە سەر فەرمانی ماشێنەکە. ئەم هەتا ئەو ڕۆژە لای وابوو، ئەڵمانییەکان وا لە سەر شەقامەکان سەدان مۆدێلی ماشین لێئەخوڕن، بە کردەوە بەس دوو جۆر پێکەنینیان هەیە. جۆری یەکەم پێکەنینی بەڕەڵایانەیە و تایبەتە بە مناڵگەڵ و خوت و خوێڕی سەر شەقامەکان. جۆری دووهەم پێکەنینی ماقووڵانەی پێ ئەڵێن و ئەوەی ئاڵمانیی خاوەن ئەدەب بێت ئەبێ فێری ببێت. ئەم پێکەنینە سێ هەتا پێنج چرکە ئەخایێنێ. لە شوێنە گشتییەکانا نابێ لە سێ مەتر زیاتر بڕوات، بەڵام لەماڵەخۆدا هەتا شەش مەتر و لە بیابان و چۆڵەوانیدا هەتا حەوت مەتریش هەر ئاساییە. ئەم پێکەنینە دژوار بەڵام ماقووڵانەیە دەم داچەقاندنیش هەڵناگرێت و دەم، ئەوپەڕەکەی بە قەدەر کاتی فلچەکێشان ئەکرێتەوە. پێکەنینی ئەم ژنە ئەکەوێتە خانەی پێکەنینی یەکەمەوە، سەرەڕای ئەوەی ژنماقووڵیش ئەنوێنێ. ژنە پاش پێکەنینێکی دوور و درێژ و پان و پۆڕ وتی:

- ئەی باشە کێر چی داوە لە کلێسە؟!

- من بۆ خۆم دوو ساڵان لای یۆهانیتا جلم کۆ ئەکردەوە.

دەرەنجامی دوو مانگان سوارەلەمی بوو بە لە تۆڕ دانی ئەو ژنە دانسقەیە، تووشبوونی بە جگەرە کێشان و هەروەها دوو جار غەرامە کران لە لایەن پۆلیسەوە. چۆن هەموو ڕۆژێ ئەبوایا نیو ساعەت زووتر لە ماڵ دەرکەوێت و ناچار ئەبوو ئەو کاتە زیادییە بە جگەرەکێشان و میزکردن بە بنەدیواران پڕ کاتەوە.

ئێستا هەمان پێکەنین لە سەر سیمای لە بەر تیشکا درەوشاوەی ئەبینێتەوە. ئەم ژنە نائاسییە لە خاڵێکیتریشدا خۆی لە خەڵکانیتر جیا ئەکاتەوە، ئەویش ئەو گوارە گەورەیانەیە وا زۆربە لە گوی دەکات. لەم نێوانەدا جووتێ گوارەی زێڕی سپی، نەک هەر وەکوو تایبەتمەندییێکی ئەو ژنە، بەڵکوو وەکوو پێوەری هەستی ئەو بەرامبەر بە خۆی ئەبینێ. لە یازدە ساڵی ڕابردوودا گەلێ جاران جودایی کەوتبووە بەینیان. لە ئاکامی یازدە ساڵ دۆستایەتیدا زۆراو فێر ببوو ئەو گوارەگەلە وەک گەرماپێوی هەستی کێرستێن بەکار بێنێ. مادام ئەو گوارگەلەی لە گوێ بوایا ئەیزانی کە هێشتا ئەمی خۆشئەوێ، ئەگەر ئەو گوارەگەلەی لە گوێ نەکردبا، ئەیزانی باشترە جارێ توخنی نەکەوێ، بەڵام ئەگەر گوارەیتری لە گوێ کردبا دڵنیا ئەبوو کە دۆستی تازەی گرتووە. بە یارمەتی ئەم نیشانەیە ئەیتانی هەتا ڕادەیێکی زۆر لە هەستی ئەو ژنە بەرامبەر بە خۆی تێبگات. بەڵام لەو زناگە جێی متمانەتر سکی کێرستێن بوو،

ئەگەر ئەو، گوارەییێکیتری لە گوێ کردبا، ئەوسا ئەم ئەبوو نەک هەر بە دزییەوە لە گوێچکەکانی، بەڵکوو لە سکیشی بڕوانێ. ئەم نیشانە ئەرخەیینە بۆ ئەو بە مانای دوو مانگان مانەوە لە دۆزەخ بوو، هەتا بەرزبوونەوەی سکی یان فرکی درانی ئەو گوارە فریودەرانەیە. پاش یازدە ساڵ چاوشارەکێ هەست بە ماندوویەتی ئەکات و پێی وایە کێرستێن وتەنی ئەبێ واز لە ڕابردووە بێکەڵکەکەی خۆی بێنێ. زۆراو چاوی بڕیوەتە ناو چاوەکانی کێرستێن و دڵنیایە کە چاوەکانی ئەم نابینێت، بۆیە بۆ یەکەمجار دەرفەتی

خوێندنەوەی چاوەکانی بۆ لواوە. بیر لەوە ئەکاتەوە کە کێرستێن چل و حەوتی پڕ کردۆتەوە، هەرچەنیش وەک ژنێکی چل ساڵان بنوێنێت و ئەم ئەبێ لەو ڕاستییە تێبگات.  بتڵی ئاوجۆکە هەڵئەگرێت و هەر دوو لێوانەکە پڕئەکات. کێرستێن هێشتاکە هەر لە چراخانی شار ئەڕوانێ. زۆراو پەنجەکانی لە سەر مێزەکە دائەنێت و بە ئارامی زەرب ئەگرێ. ئەو تۆزێ سەری بەرەو دەنگەکە با ئەدات، کەچی بێدەنگ ئەمێنێتەوە. واز لە زەرب گرتن ئەهێنیت.

- کێرستێن، گەرەکمە ئەمشەو هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە.

- مەبەستت لە هەموو شتێ چییە؟

- مەبەستم ئەو شتانەیە وا قەت بۆ کەسم باس نەکردووە.

- بە دڵ گوێ ئەگرم.

- نازانم کە من هەموو شتێکم بۆ گێڕایتەوە، چۆن سەیری من ئەکەی. لەوانەیە بۆ هەمیشە لە بەرچاوت بکەوم، ڕەنگە باشتر بێ هەندێ ڕاستیت بۆ باس نەکەم. بەڵام ئەمهەوێ هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە. ئیتر تاقەتی شاردنەوەی هیچم نەماوە. من پەنجا ساڵم تەمەنە. جاری وا هەست ئەکەم ئیتر عەیبە ئەوەندە بە دەور خۆمدا بسوورێمەوە. ناتانم لەوە زیاتر حاشا لە کەسێتی خۆم بکەم. من گەورەترین دوژمنی عیسا بووم، سەرەڕای ئەوەی ئەو باشترین دۆستم بوو. کەس بە قەت من زیانی بۆ عیسا نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەو بە درێژایی ژیانیدا یارمەتیدام. من یەکەم کەس بووم بە ژاراوی کردن و کوشتنی کەڵەشێرەکەی، ئەوم گریاند، چونکە ئەوەی ئەو کەڵەشێرەکەی من بەزاندبوو. لەو ڕۆژەوە هەتا ئەو کاتەی مرد، بە ناوی دۆستیەوە، بەردەوام دوژمنایەتیم ئەکرد. ئەو ڕۆژەی وا ئەمهەوێ بۆت باس بکەم، عیسا لەبەر من خۆی بە کوشتدا، کەچی من پاش مردنیشی خەیانەتم لێ کرد. من بە

گێڕاندنەوەی درۆیێکی بێشەرمانە قەناعەتم بە لێژنەی فەرماندەیی هێنا، تەرمەکەی نەنێرنەوە بۆ کوردستان.

- چ درۆیێ؟

- بە درۆ وتم عیسا پێمی سپاردووە، تەرمەکەی هەر لە خاکرێژەکەدا بنێژن.

- بۆ نەتدەویست تەرمەکەی بنێرنەوە بۆ شارەکەی خۆی.

- نازانم. ڕەنگە هەستم کردبێ ئەو کارە جارێکیتر ڕیسواییەکەم ئەخاتەوە سەر زاران. ئەگەر ئێمە کورد نەبووینایا، شتەکان ڕێک پێچەوانە ئەبوون. لە شارەکانیتردا تەرمی کوژراوەکانی شەڕ گەرمترین پێشوازیان لێ ئەکرا، بەڵام بێ شک لە کوردستانا تەرمەکەی بەر لەعنەتی خەڵک ئەکەوت.

- لەبەر چی؟

- چۆن ئێمە لە مەتەرێزی دوژمنا شەڕمان ئەکرد.

- تۆش تەرمەکەیێت لە خاکرێژەکەدا ناشت؟

- ئەرێ.

- بەڵام ئەو کارەت ئەکرێ لەبەر خۆشەویستی بووبێ.

- ئەوە بەس پاساوی من بوو بۆ فریو دانی خۆم. من ئەترسام خەڵک تێبگەن کە من عیسام فریو دابۆو بەرەو ئەو لاڕێیە ڕاکێشابوو.

- بەڵام جا ئەمە کوێی گرنگە؟ کە کەسێ مرد، فەرقی چییە لە کوێ بینێژن؟

- ئەزانم، بەڵام چارەنووسی ڕوفات هەمیشە هێمایێ بووگە بۆ ژیان. کە ئانتیگۆن هەوڵی ئەسپەردە کردنی لاشەی براکەی ئەدا، هاوکات هەوڵی داوە چارەنووسی ڕەشیشی بشارێتەوە. هەوڵی باوکی هێکتۆریش هەر بۆ ئەوە بووگە. بەڵام چارەنووسی عیسا گەلێ خەمناکتر بوو، چۆن ئەو بەر لە مردنیشی ئەیزانی کە نابێ تەرمەکەی بەرەو نیشتمانی خۆی ببرێتەوە. هەرچەن عیسا قەت باسی ئەو شتەی بۆ نەکردبووم، تەواو دڵنیام ئەویش ئەم ڕاستییەی ئەزانی. خۆیشی ئەیزانی بۆ تەرمەکەشی باشترە ئەگەر هەر لە هەمان شوێنی مردنیدا ئەسپەردە بکرێ.

- جا ئەگەر وابێ، تۆ ئاواتی ئەوت بەدیهێناوە.

- نە، من بۆ خۆم ئەو چارەنووسە ڕەشەم بۆ نووسی. ئەو ئەکرا لە کوردستاندا، وەک قارەمانێ ئەسپەردە بکرێ.

- بەڵام ئەوەش چارەنووسی نەئەگۆڕێ، جا خۆ تۆش ماتریالیستی. بە مردن هەموو شتێ ئەبڕێتەوە.

- بەڵام ئەو هەتا ئەو ڕۆژەی مرد، لە گەڵ ئەو چارەنووسەدا ژیا.

- ئەمە هەموو ئەو شتەیە وا زەجرت ئەدات؟

- نە، لەو ڕۆژەدا زۆر شتی سەیروسەمەرتر ڕوویدا.

زۆراو لەپڕ مت ئەبێت. سەر هەڵئەبڕێ. سازای ئەو دارستانەی بەرچاو ئەکەوێتەوە وا لە ڕۆژدا سەوز و پڕشکۆیە. بیر مەگی ئەکەوێتەوە وا ماوەی بیست و یەک ساڵ خۆشی ئەویست، کەچی ڕۆژێکان سەری بە ناو دارستانێکی ئاوەهادا کرد و ئیتر قەت نەیویست بیبینێتەوە. بۆ ئەبێ ئێستا نهێنییەکانی خۆی بدرکێنێ؟ کورد و ئاڵمانی کەی لە یەکتر تێئەگەن؟ کێرستێن لەوانەیە هەر گاڵتەشی بە قسەکانم بێت. زۆراو

گەرەکیەتی واز لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی بێنێ، کەچی کێرستێن دێتە گۆ.

- زۆراو، ئەوە دۆستایەتیمان خەریکە بۆ دوازدە ساڵ ئەچێ. ڕاستە سەرەتا من ئەم پێوەندییەم بە جیدی وەرنەئەگرت. بەڵام لە حەوت ساڵەی ڕابرددودا خۆشمویستووی. تۆ ئێستا گرنگترین کەسی ژیانمی.

- لەوانەیە بەیانی هەستێکیترت هەبێ. لەو یازدە ساڵەی ڕابردوودا دەیان جار هەستت بەرامبەر بە من گۆڕاوە.

- وا نییە زۆراو، تۆ ژن ناناسی. لە حەوت ساڵەی ڕابردوودا من بەردەوام تۆم خۆش ویستووە. هەندێجار هەست ئەکەم تەنانەت پێش ئەوەش هەر خۆشمویستووی، بەڵام نەمدەتوانی دیانی پیا بنێم. زۆرم خۆشئەوێی زۆراو، بەڵام تۆ ئەبێ واز لەو ڕابردووە تاڵەت بێنی. بیر لە داهاتوو بکەوە. ئەوسا من بۆ هەمیشە لە پاڵتا ئەمێنمەوە، تەنانەت ئەگەر بتەوێ بۆ هەمیشە بگەڕیتەوە بۆ وڵاتی خۆت.

زۆراو لە چاوە فیرۆزەییەکانی ڕائەمێنێت و ئێژێ:

- لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا مرۆڤ زۆر لە مردن نزیکە. بەر لە هەموو هێرشکردنێ، ئەو نزیک کەوتنەوەیە ئەگاتە تەشقی خۆی. لەم ساتەوەختانەدا، کات زۆر بە هێواشی ئەڕوا. مرۆڤ هەست بە پێویستی قسە کردن لە گەڵ خەڵک ئەکات. من هەتا ئەو ڕۆژە لام وابوو هەموو ڕاستییەکان و زۆرێ لە نهێنییەکانی هاوسەنگەرەکانم ئەزانم، بەڵام ئەو ڕۆژە بۆم دەرکەوت کە ئەوان پێشتر قەت بە تەواوەتی هەستیان بە مەترسیی مردن نەکردبوو. لە گەڵ مردنی عیسادا هەموویان ورەی خۆیان دۆڕاند. عیسا لە گەڵ نیوەی سەربازەکانی دەستی بە سەر گرنگترین تەپۆڵکەی دوژمنا گرت. ئەمە بۆ لێژنەی فەرماندەیی سەرکەوتنێکی گەورە بوو، سەرەڕای ئەوەی هەموو سەربازەکانی مردبوون، جگە لە سەربازێکی قووڵ بریندار وا عیسا بۆ خۆی دەربازی

کردبوو. هەموو ئەو سەرکەوتنەی وا لێژنەی فەرماندەیی شانازی پێوە ئەکرد، ئەو ئاڵایەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو وا هێشتا لە سەر گردەکەدا ئەشەکایەوە. ئەوان منیان دەسبەجێ بە فەرماندەی پاشماوەی گرووپەکە دیاریکرد هەتا لە شەوی داهاتوودا هەمیسان هێرشکەینە سەر هەمان تەپۆڵکە. من ئەمزانی ئەوە شتێکی وەها دژوار نابێ، چۆن عیسا پێشتر نەخشەی هێرشکردنەکەی پێ وتبووم و دڵنیاش بووم عێراقییەکان وا بە خێرایی هەوڵی گرتنەوەی ئەو گردە نادەن. کەچی لای کەس باسم نەکرد.

من تەواوی ڕۆژ بە هەڵکەندنی گۆڕی عیساوە خەریکبووم. نەمهێشت کەس یارمەتیم بدات و خۆم لە هیلاکیا ون کرد. لەم نێوانەدا قەت بیرم لە پەلاماردانی ئەو گردە نەکردەوە، بەڵکوو بەس بیرم لای هەڵکوتانە سەر گردێکیتر بوو کە لەوێوە تاقەتیرهاوێژێ نێوچەوانی عیسای پێکابوو. کاتێ لەو گۆڕە خاڵییەم ڕوانی وا ئەبوایا عیسای تیادا بنێژرێ، هەستێکی قووڵی خۆکوژی دایگرتم. چووم بەرەو گەڵابەکە. تەرمەکەی عیسا لەوێ نەمابوو. دەرگاکەم کردەوە و ئەمجارە بۆنی گوڵاو هاتە ڕووما. ئەو گەڵابەیە هی کوردێکی کرماشانی بوو کە بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی بەرەو ناوەڕاستی ئاگری شەڕ ملی نابوو. بە پێچکوشتی ئاسەڕی دەرگاکەم کردەوە و دەڵقێ ئارەقی مێوژم تیا دۆزیەوە. لە ئێلەکەکەمدا شاردمەوە و سەرم کرد بە گچکەژووری فەرماندەییا. لەوێ سێ ساعەت بە دەم گریانەوە خواردمەوە. کاتێ بە مەستی دەرگای ژوورەکەم کردەوە، هەوا هێشتا ڕوون بوو. بە پێچەوانەی جاران وا لە گەڵ عیسا پاش خواردنەوە، بۆنی دەممان بە قورس نەعنا ئەگۆڕی، ئەمجارە بەو بۆنی ئارەقەوە بەرەو لای هاوسەنگەرەکانم بوومەوە. ئەوان لە هەمان شوێنی دوێنێ شەودا دانیشتبوون. لە شوێنی دانیشتنی دوێشەوی عیسادا چەکەکەی لە سەر گڵکۆکەی دانرابوو. لەو ساتەوەختە، بەس ئەوەم لەبیرماوە. کاتێ وریا بوومەوە کە یەکێ لە سەربازەکان لێی پرسیم ئاخۆ بۆی هەیە بیرەوەریێکی نائاسایی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە؟ هەرچەن ڕەشەمەستیش بووم، کەچی تێگەیشتم پرسیارەکەی دووپاتئەکردەوە.

هەوا تاریکی کردبوو. هەموومان بە دەور ئاگرە بچکۆلەیێکا دانیشتبووین. من لە پاڵ قەبرەکەی عیسادا بووم و سەرم ئەسووڕایەوە و خەریک بوو هێڵنج بدەم. پێویست بوو ئاو بە سەروچاوما بدەم. بە ئاستەم هەڵسامە سەر پێ و وتم:

- ئەمشەو دوایین شەوی ژیانمانە، چیتان دێتە دەما مەیگێڕنەوە.

خەریک بووم بچم، بەڵام کە یەکەم وشەکانی هاتە گوێم لە جێگەی خۆمدا وشک بووم.

- مامۆژنێکی زۆر جوانم هەیە. لەماڵە بچکۆلەیێکا لە دراوسێتیماندا وەک تەنیا ئەژیا. مامم ئەو کاتە لە شەڕدا بوو. ئەمە باسی سێ ساڵی لەمەوبەرە. لەو کاتەدا شازدە ساڵان بووم. ئەو لەوێ غەریب بوو، بۆیە ئەبوا زۆربەی شەوان بچم بۆ لای و لەوێ لە ژوورە بچکۆلەیێکدا بخەوتبام. ماڵەکەیان ژووری دیکەشی هەبوو، بەڵام لەبەر نەبوونی نەوت، پێکەوە لە هەمان ژوورە بچکۆلەیەدا ئەخەوتین. ئەو نەک هەر ژنێکی زۆر جوان، بەڵکوو زۆریش مێهرەبان بوو. کۆرپەیێکیشی هەبۆو کە بیویستایە مەمکی بدات، پشتی لێئەکردم. گەلێ تامەزرۆ بووم ئەو مەمکە خڕانەی وا لە ژێر کراسەکەیەوە خۆیان ئەنواند، بە ڕووتی ببینم. من ماوەی سێ مانگان زۆربەی شەوان لەوێ ڕۆژم ئەکردەوە. ئەو زۆر مێهرەبان بوو لە گەڵم، کەچی من بەس بیرم لەو مەمکە خڕ و قوتانەی ئەکردەوە. ڕۆژێکان کراسێکی سووری زۆر تەنگ و ناسکی لە بەر کردبوو. من پاش ئەوەی تێر تێر لە مەمکەگەلیم ڕوانی، بەرەو ئاودەس هەڵاتم و سێ جاران لە سەر یەک دەسپەڕم کرد. کە گەڕامەوە بۆ ژوورەکە، خەریکبوو مەمکەی کۆرپەکەی ئەدا. بۆ یەکەمجار لە خۆوە چووم بۆ لای، چونکە ئەمویست لە شیر خواردنی کۆرپەکەی بڕوانم. مەمکەکانی سپی و خڕ و تەرچک بوون. لەو ڕۆژەوە ئەموێرا لە کاتی شیر داندا لە مەمکەکانی بڕوانم، بۆیە هەستێکیتر لە دەروونما باڵای کرد. ئەمجارە ئەمویست چنگ بە مەمکەگەلیا بکەم یان وەک

کوڕەکۆڕپەکەی بیانگرمە دەم. بەڵام ئەو ژنێکی نوێژخوێن و هەروەها مامۆژنیشم بوو. شەوێکان خەوم لێ زڕا. بە دەنگی هەناسەکێشانیا زانیم خەوتووە. ئارام ئارام بە پل خواردن چوومە نزیکیەوە و سەرمم لە سەر سەرینەکەی دانا. دەمم نا بە لێوەکانییەوە. لەپڕ مەمکەگەلیم لە نێو پەنجەکانما دیەوە. دڵم کەوتبووە لێدان. هەناسەبڕکێ دایگرتبووم و هەموو گیانم ئەلەرزی. ئەو هێشتا هەر دانەچڵەکیبوو. بە پەلەپەل و دڵەورێزەوە دۆکمەکانی کراسەکەیێم کردەوە و بۆ یەکەم جار هەر دوو مەمکیم بە جارێ بینی.

ئەو لە خەوی قووڵا بوو، کەچی  بە ترس و لەرزەوە دەستم برد بۆ مەمکەکانی. ئەو دەستەکەی ترم  کردە نێو پانتۆڵەکەم و کەوتمە مشتەکردن. کە خۆمم ڕاحەتکرد، بزەیێکی زۆر جوانم لە سەر لێوەکانی بینی. ئەو قەت لەبەر ئەو کارەم لۆمەی نەکردم، بەڵام بە ڕوانینی مێهرەبانانەی خۆی تێیگەیاندم کە ئیتر بۆم نیە ئەوە دووپات کەمەوە. پاش چەن مانگ بە مەیلی خۆم هاتم بۆ سەربازی، چونکە مامم لە شەڕ گەڕابووەوە. لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا بەردەوام بیرم لەو لەشە جوانە و لەو پێکەنینە دڵڕفێنەی کردۆتەوە. لە هەموو ئەو کاتانەی وا لە مەترسی مردنا بووگم و دنیام لێتەپیوە، یادی ئەو بزە جوانەی ئوخژنی کردووم. ئەگەر ئەمشەو لە مردن دەرباز بم، ئەچم بۆ لای. گەورەترین ئاواتم ئەوەیە جارێکیتر بیبینمەوە و سپاسی ئەو پێشکەشییە ناوازەیەی بکەم و پێ بێژم› تۆ هەموو ئەو شتەی وا جەستە و ڕۆحم تامەزرۆی بوو سەربەزیاد پێمتبەخشی. گەرەکمە لە نێو چاوانی بڕوانم و پێی بێژم› ئیتر ڕێگە بە خۆم نادەم و پێویستیشم بە زیاتر لەوە نییە، هەر لە ئێستەوە هەتا ئەو ڕۆژەی ئەمرم. فەرماندە ئێوە دڵنیان کە ئەمشەو تیا ئەچین؟

- ئەرێ، کەسمان دەرناچین.

- کە وایە، بۆ شەڕ ئەکەین؟

- ئێوە نازانم، بەڵام من لەبەر ئەو ئالایە شەڕ ئەکەم وا عیسا هەڵیواسیوە.

- بەڵام لەوانەیە ئەمشەو هەر چاومان بە دوژمن نەکەوێت و بە بێ شەڕ دەست بەسەر ئەو گردەدا بگرینەوە. ڕەنگە ئەوان نەیانەوێ ئەمشەو پەلاماری ئەوێ بدەن. ئالاکەی ئێمە لەوێدا شەکاوەیە. ئەوان چوو زانن کەس لەوێ نییە؟

- ئەوان ئەوە بە باشی ئەزانن. هەمان قەناسەبەدەستێ وا عیسای پێکاوە و هەروەها دیکەی ئەو ئێراقییانەی لەوێن، هەموو شتێکیان دیوە.

لە پاش قسەکەی ئەو کەوتمە ڕێ بچم، بەڵام یەکێکیتر لە هاوسەنگەرەکانم وتی ئەیهەوێ بەسەرهاتێکی خۆی بگێڕێتەوە و پێی خۆشە گوێی لێ بگرم. ئەو سەربازێکی سەیروسەمەر بوو. نەک هەر نوێژی نەئەکرد، بەڵکوو بە بەر چاوی هەمووانەوە گاڵتەی بە شەڕ ئەکرد. لە چوار ساڵی پێشترەوە بەرەو سەربازیی زۆرەملی ناچاریان کردبوو، کەچی بە هۆی شەڕ و ئاژاوە نانەوەی بەردەوام و هەڵاتنی چەن جارەی، هێشتاکە دوو ساڵەی سەربازی خۆی تەواو نەکردبوو. ئەو شەڕکەرێکی زۆر باش بوو، بۆیە هەرکە لە شارەکەی خۆی دەسبەسەر کرابا، بەرەو بەرەی شەڕ بەڕێ ئەکرایەوە. یەکەمجارێ چاوم پێ کەوت، بە گەڵ و قنگی ڕووت لە ناو تەشتێکدا خۆی ئەشوشت. ناو شان و سەر و قۆڵی یەکسەر خاڵی ژنە مینیاتۆرییەکان بوو.

چونکە کەسی وام لە بەرەی شەڕدا بەرچاو نەکەوتبوو، زۆر زەڕەشیرین هاتە پێش چاوم. من و عیسا خێرا لە گەڵی سەر دۆستایەتیمان داهێنا، بەس نەمانئەوێرا وەک ئەو گاڵتە بە دەسکەوتەکانی شەڕ بکەین، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام لە گەڵی ئارەقمان ئەخواردەوە. ئەو بەردەوام لەبەر شێوەژیانی نابەدڵی خۆی، جنێوی بە دار و بەرد ئەدا، بەڵام قەت باسی نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ نەئەکردین، بۆیە دەسبەجێ گەڕامەوە و لە تەنشت قەبرەکەی عیسا دانیشتمەوە. ئەو وەها ڕێک لە من ڕاما، چما بەس قسە بۆ من بکات و ئەوانەیتر هەر بە پیاو نەزانێ. بە دەنگێکی گڕ و بەهێزەوە

وتی:

- زۆراو تۆ خۆت باش ئەزانی دۆسایەتی ئێمە و عیسا چۆن بوو. ئەو زۆر پیاو بوو. بەر لەوەی ئێوە بناسم هەر بیرم بە لای هەڵاتن لەم شەڕە حیزەوە بوو. من بەس لەبەر ئێوە لێرە مامەوە. شەڕی پیرۆز و دەسکەوتەکانی بە تووکی بەریشم نازانم. ئیمام و دەسکەوتەکانی شەڕ، کێریشم ناخورێنن، بەڵام کە لە گەڵ ئێوە شواڵم ئاوێتە بوو، ئیتر سەقامگیر بووم، چۆن پێکەوە تەڵخمان لێ نەئەچوو. ئێستا دۆستە باشەکەی هەردووکمان مردووە. ئەمشەو پیاوانەتر لە هەمیشە شەڕ ئەکەم هەتا خۆشکی ئەو بێقیمەتە بگێم وا لە دوورەوە تەقەی لە عیسا کردووە. من لەم تەمەنەی خۆمدا لە زۆر کەسم داوە. خۆیشم نازانم چەنەها کەسم بە چەقۆ، ڕووبەڕوو یان لە پشتەوە هەڵدڕیوە. بە لاشمەوە کای دێت و بای دێت. ئێستاش بیانبینمەوە لەوە خراپتریان لێ ئەکەم. هەموو بەچەقنەڕ و زۆڵەزا بوون. بەڵام جارێکان زۆر ناپیاوانە لە ژنێکم دا و بۆ هەمیشە قوڕم کرد بە سەریا.

بێوەژنێ بوو. بەر لە دوو ساڵان شووەکەی لە تەسادفا مردبوو. ژنێکی زۆر جوان و هەڵکریاگ بوو. باوکێکی دەولەمەند و لایەقیشی هەبوو، بۆیە چی پیاو بوو لەو شارەدا قنیان دەرهاتبوو بۆی. داواکاری زۆریشی هەبوو، بەڵام لەبەر خوشکە بچووکەکەی نەیدەویست شوو بکا، چۆن هەر چەن مانگ پاش مردنی شووەکەی دایکیشی مرد. من ئەو کات حەوت ساڵم تەمەن بوو، بەڵام باش لە بیرمە هەموو کچە عازەبەکانی گەڕەک، بە خوشکە پێسپەنێرەکەی خۆشمەوە، ئیرەییان پێ ئەبرد. من بە پووریێ بانگم ئەکرد، چۆن زۆرم خۆش ئەویست و خوشکەکەشی دۆستم بوو. باشترە بێژم گانەدۆسم بوو. هەمیشە بە قەڵەمەکەم بە ناو پایا خواقەزات و بینمە لات و ئەمانەم بۆ ئەنووسی. چەن جار لە کاتی دەرەساوا هاتە ملمانا. سەرەتا ئەترساین بۆ باوک و وانمانی بگێڕێتەوە. بەڵام ئەو لای کەس نەیدرکاند. ڕۆژێکیان چووم بۆ ماڵیان هەتا جووجەڵە نوێیەکەم پیشانی خوشکی بدەم و برساقەکەشم

بساومە ماسەکەیا. گانەدۆسەکەم لە ماڵ نەبوو. لە پووریێ سۆراغیم گرت. وتی وا لە ماڵی باوایدا و هەتا ئەم ڕۆژەوەش ناگەڕێتەوە. وتم ئەی جووجەڵەکەی لە کوێیە. وتی چووزانم،لەوانەیە لە حەوشەکەی پشتەوەدا بێ. حەوشەکەی پشت و کۆڵانەکانی دەور و بەرم بۆ دایە پاوە. نەمدۆزییەوە. لە ئەخیرا گەڕامەوە بۆ لای میمکە.

ئەو لە دیوەخاندا مەجومعەییێکی گەورەی لە باوەش بۆو لە سەر کورسی پشت مێزێکا خەریکی نۆک پاککردن بوو. کراسێکی ناسکی شینی لەبەر بۆو لە ژێریەوە مەمکەگەل و ڕانە سپییەکانی دیار بوون. ئەو کاتە بستێ باڵام بوو، بەڵام قیبلەنوێنێکی باشم بوو، بەرەو قیبلەی بان و خواری ژنگەل ڕاس ئەیچەسپاند. زۆر گوێم لە قسەکانی باوکم و دراوسێکان ئەگرت لەو کاتانەی وا دەمیان ئەتەقاند بۆ لەش و لاری پووریێ، بۆیە لە باتی ئەوەی وەک هەمیشە لە سەر کورسییە بچکۆلەیێ دانیشم، خۆم لە سەر فەرشەکە پاڵخست، با ژێر تەنوورەکەی ببینم. لێی پرسیم:

- جووجەڵەکەیت دۆزیەوە؟

- نە.

- ئەبێ لە گەڵ خۆی بردبێتی بۆ ماڵی باوەگەورەم. ئێوە هەردووکتان جنۆکەن... جووجەڵەکەتت چی لێکرد؟

- لە نێو حەوشەدا بۆ خۆی چینە ئەکات.

- ئەبێ ئاگات لێ بێ کتک نەیخوا.

- کتک ناتانێ بیخوا. ئەو فرە هارە.

- خۆ لە پشیلەکانی ئەم گەرەکەی خۆمان هارتر نییە.

هەرچەن ئەمزانی ڕاسیش ئەکات، کەچی نەمدەویست لەوێ هەڵسم، بەر لەوەی ناوپای ببینم. چاوگەلم بەملا و بەولادا ئەگێڕا بەڵکوو ناوپای ببینم، بەڵام تەنوورەکەی ڕێگای لێگرتبووم. چوومە ژێر مێزەکە. بەس لاڕانە سپیی و ساف و سۆڵەکانی دیار بوون. خۆم خشاند بەرەو تەنوورەکەی و گەرەکم بوو بە دەس بەیاخەکەی لادەم و دەسێ بە مێحراوەکەیا بێنم. وەها لە گەڵ کەشفەکەما سەرم قاڵ ببووم، نەمزانی ئەو لە سەرەوە تێمئەڕوانێ. بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

- ئەوە خەریکی چیت؟!

نەموێرا هیچ بڵێم. کورسییەکەی کێشایە دواوە و دیسانەوە پرسیارەکەی دووپاتکردەوە. بەڵام ئەمجارە بە دەنگێکی نەرم.

- لەوێ بە دوای جووجەڵەکەتا ئەگەڕی؟

مت ببووم. بۆیە خۆی شوێن پەتەکەی گرت.

- حەز ئەکەی لە گەڵ منیشا هەمان کایە بکەی وا لەگەڵ خوشکما ئەتکرد؟

- ئەرێ.

- بەڵام من گەورەم، تۆ بچووکی. بۆ ئەتەوێ کایەم لەگەڵ کەی؟

- ئاخر تۆ زۆر جوانی.

- ئەی قەزای ئەو کوڕە شیرینە. تۆ لای کەس باسی گەمەکان خۆت و خوشکمت کردووە؟

- نە.

- دەی دەر کەوە لە ژێر ئەو مێزە.

لە ژێر مێزەکە دەرکەوتم. لە سەر ئەرز هەڵیبڕیم و نامیە باوەشی. من شۆرتە ناسکەیێکم لەپێبوو، بۆیە پێشە خورماکەمی ئەدی. نەختێ سەر پەنجەی پیا هێنا و پاشان بردمی بۆ ناو ژوورەکەی خۆی. لەوێ لە سەر فەرشەکە پاڵ کەفت و وتی:

- ئادەی گەمەکەی خۆت بکە.

خێرا دەرپێکەمم داکەند. سەیری دەمنە سگارەکەمی ئەکرد.

- دەی وەرە گەمەکەت دەسپێبکە.

- کامە گەمە؟

- ئەوەی وا هەمیشە لە گەڵ خوشکم ئەیکەی.

خێرا خەوتمە ملیا، هەتا دەستێ بێنم بە خەزێنەکەیا، بەڵام چۆن پێشتر قەت قوزی ژنی گەورەم نەدیبوو، ترسام. قوزی کوڵکن و زۆر گەورە بوو. وەک قەپۆزی ئاژەڵێکی ترسناک هاتەبەرچاوم.

- گەمەکەت بکە.

- نە، حەزم لێ نییە.

- بۆ؟! هەمان گەمەیێ وا لەگەڵ خۆشکم ئەیکەی لە گەڵ منیش بیکە.

ویستی دەستم بکێشێ، بەڵام من بوومە گریانەوە و لە ماڵ هەڵاتم. لە نێو کۆڵاندا دایکمم بەر چاو کەوت. لەگەڵ دراوسێکاندا خەریکی سەوزە پاککردن بوو. وتی ئەوە بۆ ئەگیری؟ وتم پوورێ گەرەکی بوو بە قوزی کێرم بخوات. ئەم قسەیە هریکەی

پێکەنینی لێوە هەستاندن. لەو ڕۆژەوە هەموو خەڵکی گەرەک و شارە بچووکەکەمان ئەویان بە ناوی میمکە کێرخۆر بانگ ئەکرد و ئەو ئافرەتە دوورەدەستە، ئیتر وەک ژنە سۆزانیێ چاوی لێ ئەکرا.

باوکی پاش دوو مانگان باوەژنی هێنایە سەریان. ئەو سەڵیتەیە زۆر خراپ بوو لە گەڵی. کە ئەبوو بە شەڕیان بە جۆرێ کە بەس قوڕگە حیزەکەی خۆی بیتوانیایا ئەیقیڕاند› من چی بکەم بە دەس میمکە کیرخۆرەوە. من قەت نەمتانی ئیتر قسەی لەگەڵ کەم ، بەڵام هەمیشە لای خۆم بە پوورێ بانگم ئەکرد. پاش چەن ساڵ لە ماڵ هەڵات. چەن جارێکیتریش بینیم ، کەچی قەت نەموێرا قسەی لەگەڵ کەم، چۆن ئەمزانی هێشتاکە ئەو ڕۆژەی لە بیر نەکردووە. دووایین جار، چەن مانگی لەوەوپێش دیم. بە ڕێگەی ئەم جبهە قنەرەوە بووم. لە سەر سنوور کۆڵێکی زۆر گەورەی لە سەر شان بۆو لە نێو پیاواندا ڕێئەکرد. هەر تەواو پیر بووە. هەرهەمووی چل ساڵیشی تەمەنە. ئەگەر ئەمشەو نەمرم، ئەچم بۆ لای. ملیۆن جار داوای لێبوردنی لێ ئەکەم. ئەبێ نەختێ لە خەسارەکەی بۆ قەرەبوو کەمەوە. میلیۆن جار پێڵاوەکانی ماچ ئەکەم. باشترین پارچە ئەرزێ وا لە باوکی گەنەگووم بۆم ماوەتەوە پێی ئەدەم و بە قەمە هەموو ئەو سەگبابانە، لە کونی قنیانەوە هەتا دەمی گایراویان هەڵئەدڕم کە بیانەوێ قسەیێکی تاڵی پێبکەن. زۆراو ئەمشەو کە ئەو کوڕی قەحپەیەم تۆپاند، بۆ بەیانی ئەچم بۆ لای. چاوەڕوانی ئیجازەی ئەو قووندەرانەی ستادیش ناکەم. تازە لەم کاتەدا زانیم کە ئەویش مەستە. تکام لێکرد پێکەوە بچین بۆ ناو ژووروچکەی فەرماندەیی. ئەمویست لەوێ باسی نەخشەکەی خۆمی بۆ بکەم و پاشماوەی ئارەقەکەمی لە گەڵ بخۆمەوە. من هەمیشە ئارەقی مێوژم بە لاوە تایبەتی بووە. ئا تێکە لەو کوڕ ناعەلاجییە.

- ئاوجۆ نەماوە. ئەبێ بچم لە نێو ماشێنەکە بێنم.

کێرستێن هەڵدەستێت و بەرەو ماشێنەکەی، کە دوور لەوان لە سەر شەقامە سەرەکییەکەدا وەستێندراوە، ئەبێتەوە. زۆراو لە دواوە لێی ئەڕوانێ. تەنوورەیێکی تەنگی خۆڵەمێشی لەپێیە. سمتی نەرم و خڕی، بە دەم ڕێکردنەوە شەپۆلان ئەدات. باڵابەرز و هەستبزوێنە. لە پشتەوە جەوانتر لە ژنێکی چڵ ساڵانی تۆزێ مەست ئەنوێنێ. پێستی سافە و سپی و هیچ ئاسەوارێکی پیر بوونی پێوە دیار نییە. ئەو پێستە سپی و لووسەی ئێجگار بەدڵە، چونکە تاقە جوانیی جەستەیەتی وا ڕێک لە سروشتەوە هاتووە و بە درێژایی ساڵانی پێوەندییاندا وەک خۆی ماوەتەوە. لە سەرەتای دۆستایەتیاندا بەردەوام هەوڵیئەدا بڕۆنزەی کاتەوە. بیر ڕۆژێ ئەکەوێتەوە وا بە دیتنی پێستی لە بەر خۆر ڕەشداگەڕاوی حەپەسا. ئەوە پاش جیابوونەوەیێکی دوور و درێژیان بوو. ئەو کاتە خۆ برێنجەکردنەوە بۆ ئەو وەک هەویا یان کێبەرکێیێک وابوو. ئەو کاتە لە قرچەی نیوەڕۆدا لە بەر خۆر دائەنیشت و هەموو سەفەرێکیشی بەرەو پاڵ بەستێنەکانی پرتەقاڵ بوو. بەڵام لەپڕ وازی لەو بەزمە هێنا. بۆ؟ چەن بیرئەکاتەوە وڵامێکی گونجاو نادۆزێتەوە. ئەکرێ ئەو وازهێنانەی، پێوەندی بە منەوە بووبێ. هەرچەن من قەت لەبەر ئەو خۆماندوو کردنەی لۆمەم نەئەکرد، بەڵام ئەیزانی چەن حەزم لە هەمان پێستی سپی و بریسکەداریەتی. ئەی کەی بوو وازی لەو چاولێگەریی خۆ بۆرکردنەوەیە هێنا؟ ڕەنگە لە سەرەتای ئەو حەوت ساڵی دواییەدا بووبێ وا منی بە لاوە گرنگ بووەتەوە. ئەگەر وابووبێ لەبەر دڵی من ئەو کارەی کردووە. کە وابێ من ئەتانم بڵێم پێستی من سپی و لووسە، چونکە تەنیا کەسێکم وا بۆم هەیە هەموو شوێنێکی ئەو پێستە تەرچکەی ڕامووسم. ئەم ڕستەیە، پێستم سپی و لووسە، لای زۆراو گەلێ سەیر ئەنوێنێ. مرۆڤ بە خەڵکیی ئەڵێت دۆستەکەم، ژنەکەم ، شووەکەم یان تەنانەت کۆیلەکەم، کەچی کەس بە کەس ناڵێ پێستەکەم، هەرچەنیش ئەو تاکە کەسێ بێ وا چێژی لێئەبینێ. کوردگەل بە خۆشەویستی خۆیان ئەڵێن، چاوەکەم، ڕۆحەکەم، دڵەکەم... ئەمە ڕاست نییە. کەس ناتوانێ چاو و دڵ و ڕۆحی کەسیتر بکا بە هی خۆی، بەڵام ئەتانێ ببێت بە

خاوەنی برێ شوێنی جەستەی خۆشەویستەکەی خۆی. کە کەسێ وتی پێستم سپییە، مەبەستی هەر هەمان پێستە وا جەستەی خۆی داپۆشیوە. کوردگەل قەت بە خۆشەویستی خۆیان نالێن، مەمکەکەم، سمتەکەم یان پێستەکەم، چونکە ئەوان ئاکامناس نین، ئاڵمانییەکانیش لە باتی هەموو شوبهاندنێ بەس وشەیێکی ئاکامخوازانە بە کار دێنن -زێڕ و زیوەکەم- چۆن ئەمان خۆیان نادەنە دەم خەیاڵەوە. ئاڵمانی ڕێ بە خەیاڵێک ئەدات کە بتوانێ دەستەبەری کات. ئەوان ئەتانن بە ڕۆژان لە بەر قرچەی خۆر دانیشن بۆ ئەوەی پێستی خۆیان بگۆڕن و سێکسیتر ببنەوە، یان هەموو ڕۆژێ بە ساعەتان دووچەرخە لێبوخرن بۆ ئەوەی خۆیان قەڵەمی کەنەوە. بەڵام بۆ کێرستێن حەوت ساڵی لەمەوبەر لەپڕ وازی لەو حەزەی خۆی هێنا؟ لە حەوت ساڵی لەوەوپێشدا من چیم کردووە وا ئەو حەزی لێبووە؟ زۆراو چەن بیر ئەکاتەوە خاڵی وەرچەرخانێ لە دۆستایەتی یازدە ساڵەی خۆیاندا نادۆزێتەوە. هەموو یازدە ساڵەی ڕابردوو وەک یەک یەک دێنە بەرچاوی. مانگ و ساڵەکان بە ئاراستەی تاڵ یان شیریندا تێپەڕئەبوون. جاری وا کێرستێن لەناکاو ون ئەبۆو لەپڕ دەم بە پێکەنین و بتڵێکی خواردنەوە لە دەست وەک ئێستا دەرئەکەوتەوە. لە سەر مێزەکە دایان ئەنێت و بەرامبەر بەم لە پشت مێزەکە دائەنیشێ. زۆراو دەست بە بتڵەکەدا دێنێ. وەک ئەوە وایە بەستبێتی. سەری بتڵەکە هەڵئەتەکێنێت و لێوانەکەی کێرستێن پڕ ئەکات. ئاوجۆکە بە ئەستەم کەف ئەکات.

- ئەم ماشێنە تازەیەت چ یەخچاڵێکی هەیە.

- ئەم ئاوجۆگەلە بۆ ئام کاتەی شەو زۆر سارد نین؟

- من گرفتم لەگەڵ ئاوجۆی سارد نییە، بەڵام ئەمەی ئێستا کەف ناکات. ڕائەوەستم هەتا نەختێ گەرم ئەبێتەوە.

- دەی زۆر باشە، هەتا من ئاوجۆکەم ئەخۆمەوە، باسی ئەو ڕۆژانەی خۆتم بۆ بکە.

- من زۆرم بۆ گێڕایتەوە، ئێستە تۆ ئەبێ باسی خۆتم بۆ بکەی.

- باسی چیت بۆ بکەم؟

- حەوت ساڵی لەمەوپێش چی ڕوویدا وا ئەم پێوەندییەت بۆ جیدی بووەوە؟

ئەم پرسیارە کێرستێن شاگەشکە ئەکات. ئەو چاوەڕوانە ئەو گرێکوێرانەی ژیانی زۆراو بکاتەوە وا بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو بۆی نەدۆزراوەتەوە. لێوانەکەی هەڵئەبڕێت و قومێ ئاوجۆ ئەخواتەوە. بێ ئەوەی لێوانەکەی لە سەر مێزەکە دانێتەوە ئەڵێت:

- ئەو کاتە بۆ چوار مانگ ئەچوو پێکەوە قسەمان نەئەکرد. نیوەشەو بوو، بەڵام هێشتا نەخەوتبووم، چونکە لە گەڵ دۆستە تازەکەما بەنیازبووین بۆ ئەم ڕۆژەوە بفڕین بەرەو سێسیل. من خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم بووم و بیرم بەس لای ئەو شت ومەکانەوە بوو، وا نەدەبوو لە بیریان بکەم. لەپڕ زەنگی تەلەفۆنی ماڵەوە هەستا. وەمزانی دۆستەکەمە و ئەیهەوێ شتێکم بیرخاتەوە. خێرا بەرەو تەلەفۆنەکە هەڵاتم، کەچی ژمارەی دەستییەکەی تۆم لە سەر شاشەی تەلەفۆنەکە دی. ویستم هەڵینەگرم، بەڵام پێم سەیربوو کە تۆ پاش جیابوونەوەمان و بەو نیوەشەوە تەلەفۆن بکەی. کە بیستۆکەکەم هەڵگرت، لە باتی چاک و چۆنی، دەنگی گانکردنم هاتە گوێ. ئاخ و ئۆفی ژنێکی گڕاوی بە سەر ئەوەی تۆدا زاڵ بوو. من لە قسەکانتان تێنەئەگەیشتم. بە کوردی یان فارسی قسەتان ئەکرد. ئەمە نیو ساعەتێکی خایاند و پاشان یەکسەر مت بوون.

هەستێکی سەیرم تیا دروستببوو. پێوەندی بە ئیرەییەوە نەبوو. نەئەکرا لۆمەی تۆ بکەم، چۆن من بەردەوام لە پاڵ تۆدا دۆستی دیکەشم ئەگرت و ئەوجارەش بۆ خۆم لێت جیاببوومەوە. بۆیە هیچ بیانوویێکم بۆ ئیرەیی، لۆمە یان تووڕەیی نەبوو. ئەوە

هەستێ بوو وەک سەرسووڕمان بەرامبەر بە دیاردەیێکی ئاڵۆزکاو. دەنگی تەلەفۆنەکەم زیاد کرد. بە ئەستەم خوڕەی ئاوی دووشی حەمامەکەم هاتە گوێ. ناوبەناو هەستم ئەکرد بە ئاڵمانیش قسەئەکەن. پاش دەوری یەک ساعەتێ دیسانەوە هەمان ئۆف و هاواری گانکردنم هاتەوە گوێ. ژنە هێندە بەرز ئاخ و ئۆفی ئەکرد کە ناچار بووم دەنگی تەلەفۆنەکە کز بکەم. چۆن شەوی چوارشەممە بوو، وتم ئەبێ لە دەرەوەی شاردا لە خانەباخێ شتێکا بن، بەڵام کە لە کارەکەتان بوونەوە، خرینگەی پەردە ناوکەخورماییەکەی بەر ژووری خەوتنەکەتم هاتە گوێ. پاش چەن دەقەیێ زانیم پێوەندیەکە پچڕاوە. تەلەفۆنم بۆت کردەوە. گەرەکم بوو پێت بێژم بۆ بەم نیوەشەوە تەلەفۆنت بۆ کردووم. سەربارى ئەوەی دڵنیا بووم کە ئەوە بەس ڕێکەوت بووە و تۆ نەتویستووە تەلەفۆنم بۆ بکەی. دەسییەکەت خامۆش بوو. زانیم باترییەکەی تەواو بووە. لەو شەوەدا تۆم بۆ یەکەمجار جیاواز بینی. ئەگەر ئەو تەلەفۆنە لە لایەن هەر کەسێکیترەوە بوایا، جۆرێکیتر لێکم ئەدایەوە و ئەموت لەم کاتەدا و ڕێک شەوی بەر لە سەفەرەکەم تەلەفۆنی کردووە هەتا هەڵمخرێنێ. کەچی دڵنیا بووم ئەمەی تۆ بەس ڕێکەوت بووە. هەتا بەیانی خەوم لێ نەکەوت و بەردەوام بیرم لای تۆ بوو. لە ماوەی چوار ساڵی دۆستایەتیماندا تێگەیشتبووم کە تۆ قەت پیلان دانارێژی و هەموو کردەوەیێکت هەر لە ئێستای خۆتدا ئەنجامئەدەی. من ئەو کاتە ڕقم لەم تایبەتمەندیەت بۆو بە ئاوەڵناییێکی سەیری جیهانی سێهەمیانەم دائەنا. هەتا ئەو ڕۆژە ، تۆم بۆ سێکسی درێژخایەن و چێژبەخشت ئەویست.

تۆ بە باشی ئەتتوانی لایەنی حەز لە ئازاری ژنانەی من بورووژێنی. هەتا ئەو ڕۆژە وەمدەزانی کەسێکی ئازاردەری کە بە توانامەندی پیاوانەی خۆت باش ئەتانی چێژبگەرێنی بە گیانی ژناندا. من نەمتوانیبوو سەرچاوکەی ئەو هێزەی تۆ بدۆزمەوە. کە تۆ ڕێک بەر لە خۆش بوونت، لەبەر قسە یان کردەوەیێکی من، وازت لە سێکس ئەهێنا، خێرا ئەمگێڕایەوە بۆ حەزی خەڵکئێشاندنت. لەو شەوەدا و هەروەها لە ڕۆژەکانی دواتردا، وا لە سەر لمی کەنار دەریا و لە سێبەردا، بە تەنێ دائەنیشتم، تۆم

زۆر بە سەرنجڕاکێش ئەهاتە بەرچاو. تێگەیشتم کە تۆ نەک هەر کەسێکی خەڵکئێشەر نیت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە خۆئێشەری. تۆ ناتەوێ کەس ئازار بدەیت و پیلانیش بۆ داهاتووت دانارێژی، چۆن وشەی پیلان پێوەستە بە داهاتووەوە، کەچی تۆ لە ڕابردووی خۆتدا چەقیویت و بەردەوام بەو ڕابردوویە ئەشکەنجە ئەدرێی. پێشتر من ئەو تایبەتمەندییەتم تەواو بە بێمانا و بێبایەخ دائەنا. دواتر ئەوەشم ڕەچاو ئەکرد کە خۆپەرەستەکان، ئاسۆی هەویاکانیان بەرینترە. تۆ لە ڕابردوودا مەییوی. دیارە ئەمە گەلێک تاڵە، بەڵام بە هۆی ئەم تایبەتمەندیەتەوە لە هەموو ئەو کەسگەلەی هەتا ئێستا ناسیومن جێمتمانەتری. تۆ پیلان دانارێژی، بۆیە خەڵک ئەتانێ لە پاڵتا ئارام بگرێ. لەو کاتەوە ئاشقت بووم. ئەبێ دیان بەوەشدا بنێم کە خۆشەویستیم بەرامبەر بە تۆ، پێوەستە بە ڕابردووی خۆشمەوە. من خۆشک و برام نەبووە. ڕەنگە ئەمە لە ئاڵماندا ئاسایی بێت، بەڵام نەک بۆ ژنێکی چڵ ساڵان وا هێشتا شووی نەکردبوو،باوکی مردبۆو دایکیشی ڕۆحنەخۆشە. تۆ لە ڕواڵەتدا ڕێک پێچەوانی من بووی. تۆ بنەماڵەی خۆتت هەبۆو زۆرێک خزم و کەسووکار. هەروەها لە کۆمەڵگاییێکەوە دەرکەوتووی کە بنەماڵە و خزمایەتی دەورێکی بەرچاوی تیا ئەگێڕن. لەو سەفەرەمدا بەردەوام قسەییێکی تۆم بیر ئەکەوتەوە، کێرستێن تۆ ئاڵمانییێکی نائاساییت. ئەگەر ئەو کاتە لەوێ بایای پێتم ئەگوت ئەتۆش کەسێکی ڕەچەڵەکدۆڕاوی. ئێمە هەردووکمان ڕابردوومان دۆڕاندووە. من بیر لە داهاتوو ئەکەمەوە چۆن هیچ لە ڕابردوومدا بەدی ناکەم، تۆش چەقبەستووی ڕابردوویێکی کە بەردەوام چنگ لە ڕۆحت وەرئەدا. زۆراو ئێمە ئەتوانین پێکەوە داهاتوویێکی بەختەوەرانە ساز بدەین. من ئەتوانم هەموو خۆشەویستیی خۆمت پێ ببەخشم، ئەتۆش دلنیایی و هیوام پێ ببەخشی، تەنانەت ئەگەر خۆشیشمت نەوێ. زۆراو، زۆراو، خەوت لێ کەوتووە؟

- نە کێرستێن، گوێم ئەگرت. تۆ بۆ من زۆر گرنگی.

- بەڵام خۆشمت ناوێ.

- من هێشتا تێنەگەیشتووم لە مانای وشەی خۆشەویستی لە ئاڵمانیدا. بەڵام ئەزانم تۆ کۆڵەکەی پشتمی.

- تۆ لە وشەگەلێکی ڕوونی وەک خۆشەویستی و ئەوین تێناگەی، بەڵام من ئەبێ لە وشە مکانیکییەکەی تۆ تێبگەم! ئەو وشەیەت بەشەر بیر قەڵەم و دەیلەم ئەخاتەوە.

کێرستێن قومێکی گەورە لە ئاوجۆکەی ئەخواتەوە.

- بۆ منیش هەڵتەکێنە.

کێرستێن چەرخەکەی زۆراو لە سەر مێزەکە هەڵئەگرێت و بتڵە ئاوجۆیێکی پێ هەڵئەتەکێنێت و وەها بە توندی لێوانەکەی بۆ پڕ ئەکات کە ئاوجۆکە بە لێوانەکەدا سەرئەکات و ئەڕژێتە سەر مێزەکە. زۆراو دەسڕەیێ لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەردێنێت و سەر مێزەکەی پێ ئەسڕێتەوە.

- پێت خۆش بێ درێژەی سەربۆردەکەت بۆ ئەگێڕمەوە.

- چی حەز ئەکەی وا بکە.

- ئەرێ یان نە؟

- ئەرێ حەز ئەکەم.

- هەتا کوێم بۆ گێڕایتەوە؟

- بە نیاز بووی نەخشە تایبەتیەکەت بۆ هاوسەنگەرەکەت باس بکەی. چ نەخشەیێ؟

- ئەوە هەر هەمان نەخشەی پەلاماردان بوو وا عیسا پێشتر دایڕشتبوو. لەو ئاقارەی ئێمەدا عێراقییەکان دوو گردیان بەدەستەوە بوو. یەکیان لە لای چەپەوە بۆو دوور لە ئێمە، ئەوەی تریان لە لای ڕاست و لە نزیکمانەوە بوو. سەرەڕای ئەوەی عیسا سوور بوو لەسەر ئەوەی سەرەتا هەڵکوتینە سەر ئەو گردەی لای ڕاست، کەچی لەبەر ستراتیژی گەوجانەی لێژنەی فەرماندەیی، ئەبوا لە پێشدا هێرش کەینە سەر ئەو گردەی لای چەپی خۆمان وا لە بەرتیری عێراقییەکانی سەر گردی لای ڕاستماندا بوو. ئەو کاتەی لەگەڵ هاوسەنگەرەکەما خەریکی خواردنەوە بووم، نەخشە تایبەتییەکەمم بۆ گێڕایەوە و ئەویش پەسەندی کرد. بڕیارماندا ڕای دیکەی سەربازەکانیش بەرەو جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە ببەین. کە لە خواردنەوە بووینەوە، چووین بۆ لای سەربازەکانیتر. ئەوان هەر هەموو لە پاڵ ئاگرەکەدا دانیشتبوون. سەربازێکی زۆر جوانخاس خەریک بوو سەربوردەیێکی خۆی ئەگێڕایەوە. ئەو کەسێکی ئێجگار مێهرەبان، بەڵام هەر بەو ڕادەیەش شێعەیێکی تۆخ بوو. ئاشقە و ئیمام زەمان بۆو هەموو هەویای ئەوە بوو بە شەهیدبوون بەرەو لای بفڕێ.

- ئیمام زەمان کێیە؟

- کەسێکی خەیاڵییە، ڕزگارکەرێکی درۆستکراوە وەکوو حەزرەتی عیسا.

- عیسا کەسێکی خەیاڵی نییە، کارم بە پەیغەمبەر بوونیەوە نییە، بەڵام ئەو کەسێکی ڕاستەقینەی مێژوویی بووە.

- وانییە کێرستێن. عیساش هەر خەونەزایە. پیاوێکی ئەفسانەیی ناو تەوراتە کە دینکارەکان دوو سەد ساڵ پاش لەدایک بوونە خەیاڵییەکەی، دروستیان کرد و کتێبێکیشیان بە ناوییەوە نووسی.

- چ بەڵگەیێکت هەیە بۆ سەلماندنی ئەم قسانەت؟

- ئەی تۆ چ بەڵگەیێکت هەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە عیسا کەسێکی ڕاستەقینە بووگە و لە مێژوودا ژیاوە؟

- بڵێم چی، لێگەڕێ، جا خۆ منیش هەر بێدینم. شتەکەت بگێڕەوە.

- هەتا ئەو شەوە ئەو کوڕە بەس باسی فڕین بەرەو لای ئیمام زەمانی ئەکرد، کەچی ئەویش ئەو شەوە بەسەرهاتێکی ژیانی خۆی ئەگێڕایەوە، بۆیە هەموو ئەو سەربازانەی وا بە دەور ئاگرەکەدا دانیشتبوون، وەها بێدەنگ گوێیان ئەگرت کە ئێمە سەرەڕای مەستبوون، هەر لە بەر دەرگای ژوورۆچکەوە گوێمان لە قسەکانی بوو. ئارام چووین بەرەو لایان. ئەو باسی دەروێشێکی هاوشاریی خۆی ئەکرد کە ماوەیێکی دووروودرێژ لە سەر گڵکۆی کوڕەکەی ژیابوو. ئەو سەربوردەیە سەرنجمی ڕاکێشا، بۆیە تکام لێکرد جارێکیتر لە سەرەتاوە بیگێڕێتەوە. وتی بە سەرچاو و سەرلەنوێ کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی.

- تەنشت گەڕەکەکەمان گۆڕستانێکی گەورە لێ بوو. جارێکان لە گەڵ دۆستەکەنما سەرمان پیا کرد. ئەو کاتە من نۆ ساڵم تەمەن بوو. لەوێ پیاوێکی سەیرمان بەرچاوکەوت. لە تیرەی باوکما بوو، بەڵام پرچێکی پڕ و درێژی هەبوو. لە سەر ئاگر، سەرەو گەنمەشامیێکی بۆ برژاندین و زۆریش مێهرەبان بوو لەگەڵمان. کە گەڕامەوە بۆ ماڵ باسی ئەو پیاوەم بۆ باوکم کرد. وتی پیاوێکی باشە و پێشتر مامۆستای بیرکاری بووە و لەو کاتەوە تاقە کوڕەکەی کوژراوە، لە سەر قەبرەکەی ئەژیت. لە پاڵ قەبری کوڕ و ژنەکەیدا کەپرەخانوویێکی دروست کردبۆو لەوێ ئەژیا، هەتا من بووم بە پازدە ساڵان. هەرکاتێ گرفتێکی بیرکاریم هەبووایا ئەچووم بۆ لای. زۆربە بە ڕۆژوو بوو. تەنانەت بە زستانانیشدا لە سەر قەبری کوڕەکەی لە سەر تەختەبەردێکی ڕەش نوێژی ئەکرد.

بەڵام دوایین جارێ کە چاوم پێکەوت، یەکسەر ببوو بە کەسێکیتر. بتڵێکی

کونیاک لە دەستیدا بوو، سەری نابوو بە کێلی قەبرەکەوە و بە دەنگێکی تێکشکاو، مووری ئەکرد. پرسیم چی ڕوویداوە؟ وتی بۆ ئەم بەیانییەوە ئەبێ ئەوێ بەجێبێڵێ، چۆن لە شارەوانییەوە دێن بۆ ڕووخاندنی کەپرەکەی. تکای لێکردم لەگەڵی بخۆمەوە. هەرچەن باوکم هەموو شەوێ ئەیخواردەوە، کەچی لەسەر ئەو بڵێنەی کاتی مناڵی بە دایکمم دابوو، قەت مێلاکییێم نەکردبوو. ئەو جارە نەمتانی لەسەر سوێندەکەم ڕاوەستم. پێی وتم ئەگەر قیزت نابات لە هەمان بتڵ بخۆیتەوە تا بتلێکیترت بۆ هەڵتەکێنم. ئەوە یەکەمین و داویین جارێ بوو ئەلکول بەر زمانم بکەوێ. لە هەمان بتڵ چەن قومم لەگەڵ خواردەوە. کە سەرخۆش بووم کەوتە باسکردن لە ساڵەکانی جارانی خۆی. وتی بەر لە سی ساڵان دلی چووگە لە ژنێک و ئەویش ئەمی خۆشویستووە، کەچی باوکی ژنە لەبەر برازاگێکی خۆی ڕازی نابێ بەمی بدات. بۆیە ناچار ئەبێ نیوەشەوێ، بەرەو تاران ڕدووی بخات. لەوێ لە شەریکەیێکی گەورەدا دەس ئەکا بە کار کردن و هاوکات هەردووکیان هەوڵ ئەدەن بە ڕاسپاردنی خەڵکیی، باوک و کەس و کاری ژنە ڕازی بکەن لێیان خۆش بن و دیان بە وەسڵەتەکەدا بنێن.

پاش ساڵێ، ژنە تاقانە کوڕەکەی هێنابووە دنیا. باوکی ژنە پاش ئەوە بە کەسا پێیانی وتبوو ئەیکاتە خاتری ئەو کورپەیە و ئەتانن بگەڕێنەوە. ژنەکەی نەیهێلابوو مێردەکەی لەگەڵی بڕواتەوە و بە بێ کۆرپەکەشی چووبووەوە بۆ ماڵی باوکی. یەک لە براکانی هەر لەوێ سەری بڕیبوو. ئەمیش کە هەواڵەکە ئەبیسێ دەمانچەیێک ئەکڕێت و بە نیازی تۆڵەکردنەوە ئەنیشێتە ماشێن. بەڵام پێش ئەوەی بگاتە جێ، براکەی لە لایەن پۆلیسەوە قوڵبەستئەکرێ. لە ناچاریا بەر ماڵی پێگرتبوون و جنێوی دنیای پێدابوون و چی شووشەیان ئەبێ بە بەرد ئەیشکێنێ، کەچی کەس نەیوێرابوو یان نەیویستبوو سەر لە ماڵ بهێنێتە دەر. پاش چەن ساڵ لێیان خۆشئەبێ، چونکە دڵی نەهاتبوو کوڕە هەتیوەکەی لە خۆشەویستی بنەماڵەی دایکی بێوەری بکات.

بۆ کوڕە ئەبێ بە باوک و دایک و مامۆستا و نێزیکترین دۆستیش. ئەوان پێکەوە

تار ئەژەنن، گۆرانی ئەچڕن و وەرزش ئەکەن. کوڕە لە هەژدە ساڵاندا سەری ئەچێتە ناو سەرگەل و ناوی ئەکەوێتە سەر زاری ژنان، بە تایبەت ژنانی بنەماڵەی دایکی. یەک لەو ژنگەلە شوودار بووە و خراپ گیرۆدەی کوڕە ئەبێت. دەروێش پێی وتم› کە کوڕەکەم باسی ئەو ژنەی بۆ کردم، پێم وت نابێ توخنی ژنی شوودار بکەوێ، نەخوازەڵڵا ئەو ژنەش کە بووکی هەمان پیاوێکە وا بیست ساڵی لەوەوپێش ئەیویست دایکت بخوازێ. ئەو کاتە وەمئەزانی ڕێنوێنییێکی باشی کوڕەکەمم کردووە، کەچی پاش ساڵێ بۆم دەرکەوت، دەوای مەرگم بۆ کوڕەکەم نووسیبوو. من نەمئەزانی لەو ساڵانەدا دنیا گۆڕاوە و من نابێ بە دەرمانێکی بۆبا، تاقەکوڕەکەی خۆم بکوژم. دابڕانی لەناکاو لە کوڕەکەم، ئەو ژنەی تووشی خەمۆکی کردبوو. شووەکەی بردبووی بۆ لای گەلێ دەروونناس. یەکیان توانیبووی ڕەگی گرفتەکەی بدۆزێتەوە و بە مێردەکەی گوتبوو ئەبێ لەگەڵ ژنەکەیدا بۆ چەنەها ساڵ ئەو شارە بەجێبێڵن. ژنەکە بۆ خۆی لە دادگادا دیانی پیا نا کە شووەکەی ویستبووی خۆی بەرەو تاران بگوازێتەوە، کەچی ئەم بەر لە سەفەرەکەیان بە شووەکەی وتبوو ئەگەر ئەتەوێ ئەو کوڕە لە بیر بکەم ئەبێ بیکوژی. کاتێ ژنە لە دادگادا بەدەم  گریانەوە دژ بە خۆی و مێردەکەی کەوتە قسەکردن، تێگەییم بۆ خۆم کوڕەکەمم کوشتووە و نابێ کەس بە تاوانبار بزانم. لەو کاتەوە لە پاڵ کوڕەکەمدا ئەژیم. بەڵام لە بەیانییەوە ئەبێ ئێرە بە جێبێڵم. سبەی ئا لەم کاتەدا ئەم کەوێلە وا من بەر لە دە ساڵ بۆ خۆم و کوڕەکەمم سازدا ڕووخاوە.

لەگەڵ وشەی ڕووخان دایە پرمەی گریان. گوتم، هیوادارم ئیمام زەمان ڕۆشناییت بۆ بکاتەوە. وتی قوربان گەورەیی ئیمام زەمان بم. دەستی لە سەر سەرم دانا. چەن دەقەیێ بە چاوی بەستراوەوە پەنجەی بە قژگەلما هێنا و وتی، لە بەیانییەوە ئیتر ناتانم وەکوو جاران بتینم.

- بەڵام من هەروەک جاران سەردانت ئەکەم.

- نە، بەیانی کەوێڵەکەمان ئەڕمێن. ئەوە یانێ من شەڕی سی ساڵەی خۆمم دۆڕاندووە و ئەبێ ئەم شارە بەجێبێڵم.

بتڵە کونیاکەکەی نا بە لێوەوە و هەر هەمووی بە قومێ خواردەوە. پاشان پێی وتم:

- وەرە بۆ ناو کەوێڵەکە، با چەن ڕەسمت پیشان بدەم.

هەر هەموو وێنەی کوڕەکەی بوون. ئەویش وەک من قژکاڵ بوو. کە بە خۆما هاتمەوە ڕەشەمەس بووم و ئەویش خەریکی لاقەکردنم بوو... پاش سێ ڕۆژان لە ڕێگای قوتابخانەدا بینیمەوە. دیار بوو چاوەڕوانی منی ئەکرد. بە دەنگێکی لەرزۆک و تێکەڵ بە شەرمەوە چەن جار لە سەر یەک سڵاوی لێکردم. قسەم لەگەڵ نەکرد و چووم بە ڕێی خۆمەوە. ڕۆژی دوایی لە باوکمم بیست کە دەروێش پرچی خۆی بڕیوەتەوە و شاری بۆ هەمیشە بەجێهێشتووە. لەو کاتەوە نەمدیوەتەوە. زۆری تاسە ئەکەم. حەز ئەکەم بیبینمەوە و پێ بڵێم هیچم لە دڵا نەماوە و بەخشیومە. ئێستا ئیتر پەلەی مردنم نییە. دوێنێ دەنگم لە فەرماندە بەرز کردەوە. پێم وت خۆپەرەست. خۆپەرەست خۆمم وا ئەمویست بەر لە هەمووتان شەهید ببم.

- زۆراو ئەکرێ بیبڕێتەوە؟

- بۆ؟

- تۆ وتت باسی ژیانی خۆت ئەکەی. بەڵام ئەم قسانە چ پێوەندییێکیان بە ژیانی تۆوە هەیە؟!

- ئێمە هەرهەمووومان لە خاکرێژێکدا ئەژیان. لە مانای ئەمە تێئەگەی؟

- بۆ تێناگەم، ئێوە هاوسەنگەر بووگن، بەڵام هەرکامەتان ژیانی تاکەکەسی خۆشتان هەبووە. من ئەمەوێ گرفتی ئەو ڕۆژانەی تۆ بزانم، چۆن ئەمە کاریگەری ئەبێ لەسەر

ژیانی منیش.

- بەڵام ئەو شتانەی بۆتم گێڕایەوە بەشێکە لە شوناسی من.

- ئەو شتگەلەی تۆ بۆ منت گێڕایەوە، وەک چیرۆک سەرنجبزوێنن. شتێکی خەیاڵاوی و جوانە کە باوکێ بۆ هەمیشە لە سەر گڵکۆی مناڵەکەی بژیت. بەڵام باوەڕ کردنی، شتێکیترە. بۆ ئەبێ کەسێکی ساغ، ئەویش مامۆستاییێکی بیرکاری، ئاوەها ژیانێکی کولەمەرگی بۆ خۆی هەڵبژێرێ؟! بۆ نابێ وەکوو خەڵکانیتر ژنێکیتر بێنێت و چەند مناڵی پێ خۆشە بخاتەوە.

- وایە، ئەگەر ئاڵمانییێکی دەرەنجامخواز بوایا هەر واشی ئەکرد. چونکە لای ئێوە مردن دوایین قۆناخی ژیانە و لەگەڵیا هەموو شتێ ئەبڕێتەوە، بەڵام لای ئێمە بەشێکی گرینگە لە ژیان. ئێمە بەردەوام خەریکی مردنین. بە ڕای تۆ هیوای ژیان لای کوردان چەند ساڵ تەمەن بێ باشە؟

- چووزانم؟

- تەمەنێکم پێ بڵێ کە بە گونجاوی بزانی.

- هیچ زانیارییێکم لەو بارەیەوە نییە.

- بەڵام خۆ خەیاڵت هەیە. کوردگەل گەورەترین نەتەوەی پارچەپارچەکراوی دنیان، بە مەزەندەی تۆ ناوگینی تەمەنیان چەند بێ باشە؟

- شەست، پەنجا، چووزانم.

- منیش نازانم. کەس ناتانێ ئامارێکی دروست سەبارەت بە کوردگەل دەست بخات. بەڵام ئەگەر من نموونەییێکی ڕێکەوتی، بۆ وێنە کۆی بنەماڵە و خزمەکانم دەسنیشان

بکەم، ناوگینی تەمەنیان کەمتر لە چل ساڵە، سەرەڕای ئەوەی کورد بە دەگمەن لە برسا بمرێ. ئاساییە بە بیرۆکەی دەرەنجامخوازانەوە نەکرێ لەو پێوەندییە چڕوپڕەی لە خۆرهەڵاتدا لە نێوان مەرگ و ژیاندا هەیە تێبگەی. منیش لە عەقڵییەتی ئەو کومپانیا ئاڵمانییە تێناگەم وا هاوکات مین و میندۆز و قاچی دەسکردیش دروست ئەکات.

- من قسەم لەسەر ڕاست یان خەیاڵی بوونی ئەو قسانەیە. کەی باسی فەرهەنگم کرد کە تۆ بەرەو ئەوێ ئەیبەی؟ تۆ پێشتر ئەم چیرۆکەت بە شێوەیێکیتر بۆ گێڕاومەتەوە.

- من ئەم شتانەم قەت بۆ نەگێڕاویتەوە.

- وا نییە، نۆ ساڵی لەمەوبەر ڕێک ئەم چیرۆکەت بۆ گێڕامەوە. بەس ئەوجارە گوتت ئەو دەروێشە هاوشاریت بووە.

- کێرستێن لێت تێکچووە. من قەت باسی ئەو کابرایەم بۆ نەکردووی.

- نە زۆراو، من دڵنیام. تۆ کەی ئەوەندە باسی جارانی خۆتت بۆ کردووم هەتا من لێم تێکبچێ. تۆ وتت لە شارەکەتاندا مامۆستاییێکی قوتابخانە بووگە کە پاش مەرگی کوڕەکەی، بووە بە دەروێش و هەتا مرد لە سەر قەبرەکەی ئەژیا.

- ئێستا بیرم کەوتەوە، بەڵام جا خۆ ئەو مامۆستا نەبوو. کە مناڵ بووم هەر جارێ لەگەڵ دایکم بچواین بۆ سەر قەبری نەنکم ئەمانبینی. ئەویش کەپرێکی هەبۆو دەوراندەوری نابووە دار و گوڵ، بۆیە ئەو ناوە زۆر جوان و دڵکەش بوو. بەڵام ئەو دەروێشێکی فەقیرحاڵ و نەخوێنەوار بوو.

- وا نییە، تۆ وتت مامۆستاش بووە. بۆیە من هەر دوو چیرۆکەکە وەک یەک ئەبینم.

زۆراو مت ئەبێ. چاو ئەبڕێتە لێوانە بیرەکەی. کەفی ئاوجۆکە نیشتۆتەوە. هەڵیئەبڕێت و بە قومێ هەرهەمووی ئەخواتەوە. دیسانەوە بەسەر سەری کێرستێنیەوە سازای جەنگەڵەکەی بەرچاو ئەکەوێتەوە. کێرستێن ئەیهەوێ وەک هەمیشە درۆم لێ دەربخات. بۆ من ئەبێ نهێنیەکانی خۆمی بۆ باس بکەم، کە ئەو قسەی نۆ ساڵی لەمەوبەرم بکوتێتەوە ناو چاوم. من کەی وتوومە ئەو دەروێشە مامۆستا بووگە، ئەو هەر لە دوورەوە دیار بوو نەخوێنەوارە. من قەت کتێبێ یان پەڕەیێ کاغەزم بە دەسیەوە نەدی. قسەکردنیشی لادێیانە بوو. ئێستا تەلەفۆنم بۆ سنە بکردایا، پێیان ئەگوت کە هیچی لێ نافامێت و نابێ خۆی تێهەڵقوڵتێنێ. حەیف ناکرگێ پاش ئەم هەموو ساڵە لەبەر ئاوەها پرسیارێکی گەوجانە تەلەفۆن بکەم. جا من بۆ ئەبێ شتی وا بەم ژنە خۆبەزلزانە بسەلمێنم؟ لە ڕۆژی یەکەمەوە کە پام نایە نێو ئەم وڵاتە گووە و پۆلیس قوڵبەستی کردم، بەردەوام ناچار بووگم هەوڵ بدەم بێتاوانیی خۆم بسەلمێنم، کەچی ئەمان هەمیشە لە قسەکانما بە دوای درۆدا گەڕاون، بۆ ئەوەی بسەلمێنن بەسەرهاتەکانم خەون و خەیاڵن و بۆ خۆم دروستم کردوون.

زۆراو لە بتڵێکی هەڵنەپچڕاوی بیرەی سەر مێزەکە ئەڕوانێ. بە چاو بە دوای چەرخەکەیا ئەگەڕێت و لە پاڵ جانتا خۆڵەمێشیەکەی کێرستێندا ئەیدۆزێتەوە. هەڵیئەگرێت و وەها بە خێرایی سەری بتڵە بیرەکەی پێ هەڵئەتەکێنێ، کە سەرەی بتڵەکە بە پەنای سەری کێرستێنیەوە بەرەو ناو تاریکییەکە ئەفڕێت. دەسبەجێ بیرە ورووژاوەکە ئەنێت بە زارییەوە و قومێکی گەورە لە کەف و بیرەکە هەڵئەقوڕێنێ. بتڵەکە لەسەر مێزەکە دائەنێتەوە و جگەرەیێ لە پاکەتەکە دەردێنێت. دایئەگرسێنێت و دیسانەوە لە تارمایی جەنگەڵەکە ڕائەمێنێتەوە.

- زۆراو، جگەرەیێکیش بۆ من داگرسێنە!

بە نابەدڵ جگەرەیێکیتر لە پاکەتەکە دەرئەکات. دایئەگرسێنێت و دەستی بەرەو کێرستێن ڕائەکێشێت. کێرستێن بە دوو قامکی ئاماژە و ناوگین جگەرەی نێو پەنجەی وەرئەگرێت و وەک خۆی لەم کاتانەدا، بە دوو قامکەکەیتری، دوو جار داوێژێتە سەر پەنجەی.

- من مەبەستم ئەوە نەبوو کە تۆ درۆ ئەکەی یان ئەتەوێ یادەوەرییەکانت بگۆڕی.

- ئەی مەبەستت چی بوو؟! تۆ وا قسە ئەکەی چما ژیانی من لە خۆم باشتر ئەزانی.

- نە، من بەس وتم کە تۆ پێشتر ئەو شتانەت بۆ گێڕاومەتەوە.

- ئەی باشە مانای ئەمە چییە؟

- ئەکرێ بەو مانایە بێت کە تۆ بەشێ لە ڕابردووی خۆتت لەبیر کردووە، یان بەبێ ئەوەی بۆ خۆت بزانی لە گەڵ شتانیتر تێکەڵت کردووە.

- ئەها، کەوایە ئاڵزایمێرم هەیە، یان شیزۆفێڕنی؟ ناتەوێ بەڕێم کەی بەرەو شێتخانە؟

- هەوڵ بدە تێبگەی کە تۆش بەشەریت و وەکوو هەموو کەسیتر ئەکرێ تووشی کێشەی ڕۆحی ببی.

- تۆش هەر بەشەری، کەچی وا ئەنەوی لە خۆت، چما هەموو زانستی دنیات لایە. ئەکرێ ئەمەش نەخۆشییە دەروونییەکەی تۆ بێ.

- بەڵام من دەروونناسم و بتەوێت و نەتەوێ ئەم زانستە لە تۆ باشتر ئەناسم.

- لە کەیەوە دەروونناسی بووگە بە زانست؟ دەروونناسی بەس هەندێ ئەگەر و ئەشبێیە، چۆن باس لە ئاژەڵێکی سەگباب ئەکات کە بۆ خۆی ئەم زانستەی دروست کردووە و بۆیە ئەتانێ چی یاسای ئەم زانستەیە بیڕووخێنێ. پاشان، ئەگەر تۆ خۆت

به دەروونناس ئەزانی، ئەبێ بهێڵی نەخۆشەکەت دەردەکانی خۆیت بۆ باس بکات.

- خۆ تۆ نەخۆشی من نیت. تۆ خۆشەویستمی. من لەگەڵ تۆ نەک بە مێشک، بەڵکوو بە دڵ ئەدوێم. من گەرەکمە یارمەتیت بدەم، بەڵام هەر بەو ڕادەیەش پێویستم بە یارمەتیتە. ئێمە بۆ سازدانی داهاتوومان ئەبێ ڕابردووی خۆمان باش بناسین. سەربوردەکەت بگێڕەوە. گوێت لێ ئەگرم.

- جگەرەکەت بە خاڵی سووتا. هەتا تۆ جگەرەیێ بکێشی، ئەگەڕێمەوە. ئەچم میز ئەکەم. کە هاتمەوە، چیت پێ خۆش بێت بۆت باس ئەکەم.

- منیش ئەبێ میز کەم.

- من ئەچم بۆ ناو دارستانەکە.

- باشە، تۆ پارەی میزکردن نادەی.

زۆراو کورسییەکەی بەرەو دوا ڕائەکێشێت و هەڵدەستێت. هەست بە سەرخۆشبوون ئەکات. بتڵە ئاوجۆکەی لە سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و هەر بە سەرپێوە هەمووی ئەخواتەوە و بەرەو ناو دارستانەکە تێئەتەقێنێ. کێرستێن لێی ڕائەمێنێ. لە دواوە ژنکوژە. باڵابەرزە و ناوشانپان. قژی ڕەنگ بکات، کەس مەزەندەی تەمەنی ناکات. دوو کوڵمی سفت و ڕوومەتی بێچرچی، چما لە جەووی ڕابردوودا مۆمازین کراون و زەمەن کاریان تێناکەن. سەرەڕای ئاوجۆخواردنەوەی بەردەوام، سکی لکاوەتە پشتییەوە. زۆربە ئاوجۆی بێکەف ئەخواتەوە، هەموو ئێواران بە ناو دارستاندا ڕائەکات و لە هەموو شتێ کاریگەرتر لەسەر جەستەی و دۆستایەتییان حەزی هاوبەشیانە بۆ کەژوانی. کێرستێن لە ناوچەیێکی شاخاویدا گەورە بووە و زۆربەی یادەوەرییەکانی سەردەمانی مناڵی و لاوێتی، ئەگەڕێنەوە بۆ چیا و شاخەوانی. لە یازدە ساڵەی ڕابردوودا کەژ چوون، گەورەترین سەرگەرمی هاوبەشیان بووگە. کە

لە قۆناغی باشی پێوەندی خۆیاندا بووبان، هەموو ئاخرحەوتەیێ لێانئەخوڕی بەرەو لای دایکی کێرستێن لە ئالْپی شوابەکاندا و ئەیاندا لە کەژچوون، خلسکیکردن و پیاسەی دەرودۆڵ.

ئەو ناوچە سەرسەوز و پڕ چەم و تاڤگەیە، بۆنێکی زنجیرە شاخەکانی قەندیل ئەدات، بۆیە زۆراو زۆربەی شەممە و یەکشەممان لێئەخوڕی بەرەو ئەوێ، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ کێرستێنش قسەی نەبوایا. هەمیشە چادر و کیسەخەوەکەی لەگەڵ خۆی ئەبرد. ئەگەر فولکس ڤاگۆنە سوورەکەی کێرستێنی بەرچاونەکەوتبا، سەردانی دایکی کێرستێن ئەکرد و لای ئەو ڕۆژی ئەکردەوە. کێرستێن سەرەتا ئەو کارەی زۆراوی وەک بیانوویێ ئەدی بۆ سازدانەوەی پێوەندی پچڕاوی لەگەڵ ئەو، بەڵام بەرەبەرە تێگەییشت، ئەو هێزەی وا هەموو حەوتەیێ زۆراو بەرەو شاخەکانی ئالْپی شوابەکان ڕائەکێشێ، یادەوەریە دوورەکانی سەردەمێکی لەبیرنەکراوەی ژیانیەتی. کێرستێن ئێستا باش ئەزانێ دایکە متبووەکەی، چەندە زۆراوی خۆش ئەوێت و چەن هەوڵئەدا بە ڕوانینی چاوەکانی، پێزانینی خۆی بۆ ئەو هەموو چاکەیەی دەرببڕێ. کێرستێن جانتاکەی لە سەر مێزەکە هەڵئەگرێت و بەرەو ئاودەس ڕێئەکەوێ. پیاو بوایام ئەمتانی وەکوو زۆراو لە ناو دارستانەکانا بە سەر پێوە بەرەو دوور بمیزێنم. من ناتانم ئەو هەستە پیاوانەیە تاقیکەمەوە. بەڵام ئەتانم هەندێ هەستی ژنانە تاقیکەمەوە کە هیچ پیاوێ ڕێیپێنابات. پیاو قەت ناتانێ بێزووکردنی ژنان یان هەستی دایکێ لە کاتی شیردانی کۆرپەکەیا تاقیبکاتەوە.

پاش میزکردنەکەی ئەچێ بەرەو ماشێنەکەی و دوو بتڵی دیکەی ئاوجۆ ئەهێنێ. دیسانەوە زۆراو ڕوو لە شار ئەبینێتەوە.

- میزکردنەکە نووسا بە دڵتەوە کۆرپە چاوڕەشەکەم.

- هەر زۆر. برێجار هەست ئەکەم بەس لەبەر ئەم میزکردنە حەزم لە

ئاوجۆخواردنەوەیە.

- ئەم هەستە بۆ پیاوان چۆنە؟

- پێموانییە پێوەندی بە ڕەگەزەوە بێ. لەم کاتانەدا مرۆڤ چێژی زۆرتر لە میزکردن ئەبینێ، چۆن میزەڵانی پڕە و مێشکی بۆشە. من هەندێجار نەک هەر لە میزاندن چێژ ئەبینم، بەڵکوو ئەتانم هەموو بیری خۆم لەسەر شتێ چڕ کەمەوە و وڵامی ئاڵۆزکاوترین پرسەکانیش بدۆزمەوە. هەر تاوێکی لەمەوبەر مەتەڵەکەی تۆم هەڵێنا.

- مەتەڵی من، کامە مەتەڵ؟

- ئەو دەروێشە کوردە مامۆستا نەبوو، بەڵام لەگەڵ وشەی مامۆستا پێوەندی هەبوو، چونکە مامۆستایێ کوڕە دە ساڵانەکەی کوشتبوو.

- مامۆستای کوڕەکەی، چۆناوچۆن؟

لە ئێراندا مامۆستاکان بۆیان هەبوو لە قوتابییەکانیان بدەن. ئەو مامۆستایە وەها لەو کوڕەی دابوو کە دەسبەجێ مردبوو.

- چیان لە مامۆستاکە کرد؟

- درۆم نەکردبێ، جارێکان دایکم لێی پرسی و ئەویش وتی پاش چەند مانگ بەریان داگە. ئەو کوڕە تاقەمناڵی ئەو دەروێشە بوو. پاش مردنی، کەپرێکی لە پاڵ گۆڕەکەی دروستکردبۆو هەر لەوێ ئەژیا. ئەگەر نەمردبێ، ئێستا ئەبێ حەفتا ساڵان بێ. تۆ هەموو ئەم زانیارییە بەپێزانەت بە ساقەسەری میز کردنەکەی منەوە پێگەیشت.

ئەگەر نیوەشەو نەبوایا، لەوانەیە کێرستێن هەڵیبدایاتە قاقای پێکەنین. ئارام پیئەکەنێ، بەڵام بە دەمی تەواو ئاوەڵاوە. هاوکات بە دەستی ڕاستیشی لەپەسا

ئەکوتێتە سەر ڕانی خۆی.

- کوڕە قەزای دەم و دەزگای میز کردنەکەت.

زۆراو ئەبینێ کە کێرستێنش سەرخۆشە، کەچی دوو ئاوجۆیتریشی هێناوە.

- کێرستێن هێشتا هەر ئەتەوێ بخۆیتەوە؟

- ئەی چۆن.

- جا کێ ئەبێ بمانباتەوە بۆ ماڵ. من واز لە خواردنەوە بێنم؟

- نە هەتا پێت ئەکرێ بخۆرەوە. تاکسیێ بانگ ئەکەین. من تێئەکەم و تۆش باسی ئەو ڕۆژانەی خۆتم بۆ بکە.

کێرستێن بتڵە ئاوجۆیێ هەڵئەتەکێنێت و بۆ هەر دووکیان وەکوو یەک تێئەکا. زۆراو دەستئەکا بە گێڕاندنەوە.

- دیانپێیانانی ئەو سەربازەی پێشتر بە لاقەکرانی، شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو. ئەو شتە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا تابۆیێکی زۆر گەورەیە. کەس ناوێرێ، تەنانەت لە ساتەوەختی گیانەڵاشدا، باسی لێوە بکات. لەوێ خەڵک ئەم نهێنییانە ئەبەنە گۆڕ. دڵنیام هەموو هاوسەنگەرەکانم، سەربوردەی ئەو کوڕەیان بە بەڵاجەویترین و دژوارترین دیانپێیانانی ئەو شەوە هەڵسەنگاند. کەچی من سەربوردەی دواتری کابرایێکی سەرسوور، وەک دار درایا تەوقی سەرما. بێگومان ئەگەر عیسا زیندوو بوایا، خۆی بۆ ڕاگیر نەئەبۆو هەر ئەوە شەوە ئەیکوشت. لە کاتێکدا ڕووی دەمی لە من بوو، وتی:

- من لە کوردستان، لە شاری سنەدا خزمەتم ئەکرد. لەوێ ئەرکم ئێعتراف وەرگرتن

بوو. کارەکەم پێوەست بە گرووپە نهێنییەکانی دژی کۆماری ئیسلامی، باشتر بڵێم گرووپچەی کۆمەڵە بوو. هەر کاتێ برا جەنگاوەرەکانی ئیسلام ئەندامانی ئەو گرووپەیان دەسبەسەر کردبا، ئێمە ئەبوا بە زووترین کات و پێش ئەوەی دیکەی هاودەستەکانی دەرفەتی هەڵاتنیان دەسکەوێ، بیانهێنینە قسە کردن. هەندێ لەو فریوخواردووانە، خێرا تۆبەیان ئەکرد و ئەهاتنە ژێر چەتری بەزەیی ئیسلام. بەڵام زۆربەیان ئەیانویست لە بەرەی کفردا بمێننەوە، بۆیە ئێمە ناچار ئەبووین بە ئەشکەنجە بیانهێنینە قسە. زۆرێکیان هەوڵی خۆکوژیان ئەدا، هەندێکیانیش سەرەڕای هەموو ئەشکەنجەیێ زاریان نەئەکردەوە و لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەمردن. من قەت نەمزانی و ئێستاش نازانم، بۆ ئەو کافرانە خۆیان وا سووک و ئاسان بە کوشت ئەدەن. جەنگاوەرێکی ئیسلام لە پێناو ئامانجێکی پیرۆزدا شەڕئەکات و کە شەهید بوو بەس ئەم دنیای نەبوونە بە جێدێڵێت و لەبری ئەوە، بەهەشتی هەتاهەتایی دەسئەخات. ڕێبەرەکانی ئەم بەکرێگیراوانە ئەبێ چۆناوچۆن مێشکیانیان شۆردبێتەوە وا بۆ هیچ و پووچ خۆیان بە کوشت ئەدەن. یەک لەوانە ژنێ بوو. جوانترین و ڕاوەستاوترین ژنێ لە هەموو ژیانما دیومە. ئەو لەگەڵ ژنێکی هاودەستەی لە تێکهەڵچوونێکی ناو شاری سنەدا لە لایەن برادەرانی سوپاوە یەخسیر کرابوو. پاش ئەوەی هەتا دوایین فیشەک شەڕیان کردبوو. دۆستەکەی ژنێکی دەمدڕاو و بێحەیا بوو. کە ویستم لە سەر مانتۆکەیەوە لاشەی بپشکنم، قیژاندی:

- دەستی چەپەڵت لە جەستەم مەدە بێشەرەف.

منیش وەها بە مست کێشامە ناو دەمیا کە دوو ددانی کەوتە نێو دەمی. پاش سێ ڕۆژ ئەشکەنجە دران، چی ئەزانی بۆی نووسین. بەڵام ئێمە بە دوای ناو و ناونیشانی ئەندامە نهێنییەکاندا ئەگەڕاین. نووسی بەس دۆستەکەی ئاگاداری ئەو شتانەیە. هەتا ئەو کاتە هاوکارەکانم نەیانتوانیبوو بیهێننە قسە. من دوای چوار ساڵ لێپرسینەوە، ببووم بە پسپۆڕی کاری خۆم. ئەمتانی هەر سێ کەرەسەی هێنانە گۆ،

واتە مزگێنی، تۆقاندن و ئەشکەنجە بە باشترین شێوە و لە کاتی خۆیدا بەکاربێنم. هەموو کەسێ خاڵی لاوازی خۆی هەیە و لێپرسەر ئەبێ ئەو خاڵە لاوازییانە بدۆزێتەوە. کە چاوم پێ کەوتەوە، نیوەڕووت لە میچەوە سەرەوخوار شۆڕکرابووەوە. هەرکە دیم، بە جوانیەکەی ڕاچەنیم. بەو پێستە ساف و تەرچکەی، بە مەمکە قوت و سپییەکانی و قژە ڕەشە قەترانییەکەی کە هەتا لای ئەژنۆم ئەگەیشت. هەرچەن بە پێی قورئان و حەدیس بۆمان هەبوو لەگەڵ هەموو ئەو کافرانەی وا قۆڵبەست ئەکران نزیکی بکەین، ئەبوایا سەرەتا بیانهێنینە قسە، چۆن زۆربەیان لە پاش نزیکیی نابەدڵ گتیان ئەکرد و هەتا کاتی مردن زاریان دائەخست. دۆسیەکەیێم خوێندەوە. بنەماڵەیان زەنگین بوون و پشتاوپشت لە باشترین شوێنی شاری سنەدا ژیابوون. بۆیە نەئەبوو بە بەڵێنی پارە و شتی وا دڵی خۆش بکەم و یەکسەر چوومە سەر قۆناغی دووهەم واتە هەوڵدان بۆ تۆقاندنی. پاش ئەوەی یەک لە برادەرەکان هێنایە خوارەوە و لە سەر کورسیێ داینا، پێم وت:

- ئەزانم کە لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا هیچت نەوتووە. بۆیە من لێرەم. ئەوەش ئەزانم کە کافری، بەڵام باش بزانە کە من لێرە خوای تۆم و چیم بوێ پێتیئەکەم. من بەس دوو ڕێگات بۆ ئەهێڵمەوە. یەکەمیان، چیم بوێ پێمئەڵێیت. ئەوسا ئەتانی گۆڕت گومکەی. ئەم وڵاتە، گووی وەک تۆی ناوێ. ئەمە ئەکرێ زۆر سووک و ئاسان ڕوو بدات. دووهەمیان، چی ئەزانیت و نایزانی ئەیڵێیت، پاش ئەوەی کوز و قن و دەمتم دڕی. لەوانەیە بۆ قەحپەیێکی وەکوو تۆ ئەو شتانە گرنگ نەبێ. ئەوسا قۆناخی دووهەمم دەسپێئەکەم. ئەوسا بە کێرد ئەو مەمکە جوانانەت ئەبڕمەوە و ئەیتەپێنمە ناو پات. من جەلادێکی تەواوم. تۆ ئەبێ بزانی کە ئیسلام بەس دینی بەزەیی نییە و بۆ دوژمن و کافرەکان هەتا ئەوپەڕ توندوتیژە. خوای ئێمە ئەڵڵا نەک هەر ڕەحیم، بەڵکوو جەباریشە. تۆ هەموو جەستەی خۆت، چاوە ڕەشەکانت، دەستەکانت و هەروەها مەمکەکانت یەکە یەکە ئەدۆڕێنیت و گریمان بەوەشەوە هەر قسە نەکەی، ئەوسا دەرزیێکت لێئەدەین، چی بە مێشک و خەیاڵیشتدا تێپەڕیوە بە دەم قاقای

پێکەنینەوە بۆمانی بگێڕیتەوە. پاشان ئەوەی لە لاشەت مابێتەوە وەکوو دیکەی هاوکافرەکانت لە لەعنەتاوادا ئەکرێتە ژێر بتۆنەوە. ئەوانیش بەرلە مەرگی ڕەشی خۆیان هەموو شتێکیان بۆ باس کردین. بۆیە تۆ ئێستا لێرەی. کوڵ و کورت، ڕێگاییێک ئەتبا بەرەو دەرباز بوون و ئەوەیتریان بەرەو لەعنەتاوا. ئەزانی لەعنەتاوا لە کوێیە؟ ئەبێ باش بزانی. چۆن نێزیکی زەوینەکانی باپیرە دەرەبەگەکانتە. بەیانی دیسان ئەگەڕێمەوە. ئەمشەو باش بیری لێبکەوە. لە نێوان ئازادی و لەعنەتاوادا یەکیان هەڵبژێرە.

بۆ ئەم ڕۆژەشەوە هەر بێدەنگ بوو، بۆیە دەسمان کرد بە ئەشکەنجە دانی. سێ شەو و ڕۆژ هەوڵی بێ پسانەوەمان هیچ دەرەنجامێکی نەبوو. بە ئەشکەنجەی پەتیی نەمانتانی ئیرادەی بشکێنین. لەو سێ ڕۆژەدا بە قاچ شۆڕکرابووەوە و دوو سەنگی قۆرسیشمان بەستبووە دەستەکانیەوە. نەک هەر نەمهێشت یەک چرکەش بخەوێ، بەڵکوو ناوبەناو نەرمی گوێی، سەرگوێی مەمکەکانی و بەڵووکەی کارەبایان لێئەدرا. کەچی نە هاتە قسە و نە لەبەر ئێشیش ناڵاندی. بەس لە گەڵ توندکردنەوەی کارەبا هەموو لاشەی ئەکەوتە لەرزین و چاوەکانی ئەنووقاند. لەناکاو بیرێ بە مێشکمدا هات. بە یەکێ لە برادەرەکانم وت پێلووی چاوەکانی بە چەسپی خێرا بلکێنن بە ژێر چاوییەوە و پرۆژێکتۆرێ ڕێک بەرامبەر بە چاوەکانی هەڵبکەن. ئەمجارە کە شوێنە هەستیارەکانی جەستەی، هاوکات ئەدرانە دەم بەرقەوە، دەرووونی شپرزە بۆو داباریی فرمێسک و چی شەپۆلانی ئێش بوو، لە چاوە ڕەشە بریسکەدارەکان و هەژانەوەی جەستەیدا ئەمانبینی. زۆرم پێ چێژبەخش بوو. لەپڕ پێکەنینێکی سەیر دایگرتم. ئەو قاقا لەناکاوەی من دۆستەکانمی هاندا بۆ زۆرتر کردنی ڕادەی کارەباکە. نیوەقەپێکی بە لێوەکانیدا ئەگرت و وەک دارەبی بەر با ئەلەرزی. ئەو لەبەر تەوژمی ژان فرمێسکی دائەباراند و من لەبەر پێکەنین. لەپڕێکا هەموو جەستەی کەوتە هەژان، چاوگەلی هەڵگەڕایەوە و لاشەی وشک بوو. چەن جار بە ناولەپی دەستم لە کولمەکانییم دا، کەچی چاوەکانی هەر وەک خۆی مایەوە. هەوڵمدا لێدانی خوێنی ببینمەوە. هیچم

هەست پێ نەکرد. مەچەکی یەکسەر سارد ببووەوە. قیڕاندم:

- خێرا دایگرن، نابێ بهێڵین بمرێ.

یەکێ لە برادەران بەپەلە گێڕەی بانبەرەکەی بادا و هێنایە خوارەوە و تەنافی دەور قاچەکانی کردەوە. یەکێکیتر هەڵات بە دوای دوکتۆرا. منیش هەوڵمدا گوشاری خوێنی بپێوم. زۆر نزم بوو. پاش چەن دەقە دوکتۆرەکە گەیشتە جێ. وتی ئەبێ دەسبەجێ بیبەین بۆ ژووری دەرمانکردن. نەمدەویست بەرلەوەی بهێنمە قسە و لەگەڵی بنووم، بهێڵم بمرێ. پاش چەن ڕۆژێ چاکبووەوە. بۆ ئەوەی قۆناخی دووهەمی کارەکەکەم دەستپێبکەم، هێڵام چەن ڕۆژێ پشوو بدات. زۆرجار کە بارودۆخی خراپی بەندیێک لەپڕ چاک بێ، بۆ وێنە لە باتی ژوورێکی نیو مەتری کە شەو و ڕۆژ گڵۆپێکی زەردی تیا هەڵکراوە، ژوورێکی گەورەی هەبێ کە بە شەودا تاریکە، یان خواردنی باش و هەوای تازەی بۆ ببێت، لە هەمبەر ئەشکەنجەدا ورەی ئەشکێ. پاش چەن ڕۆژ چووم بۆ ژوورەکەی و هەوڵمدا بە زمانلووسی بیهێنمە قسە. کەچی ئەو هەر لە سەر مت بوونەکەی خۆی بەردەوام بوو.  ئاگادارم کردەوە کە ڕۆژەکانی دوایی بۆ ئەو ترسناک ئەبێت و مەمکە جوانەکانی ئەبڕدرێتەوە و چاوە ڕەشە سیحراوییەکانی لە چاڵەچاوی دەردێن. لەم کاتەدا ڕێک لە ناو چاوگەلییێم ئەڕوانی. کەچی ئەو لە دیوارە خۆڵەمێشییەکەی پشت سەرم ڕامابوو. نیگا ڕەها و کەمتەرخەمەکەی وەک برووسکە پێکامی. زمانم نووسا. ڕێک لە گلێنەی چاوەکانیم ئەڕوانی، کەچی نەمدەتوانی نیگاکەی بدۆزمەوە.

لە شوێنەکەی خۆم هەڵسام و ژوورەکەیێم بەجێهێشت. تاقەتی ئەشکەنجە دان و لێپرسینەوەشم نەمابوو. ماشێنەکەم لە گاراژ دەرکرد و لێمخوڕی، بە بێئەوەی بزانم بۆ کوێ. بە ناو شاردا ئەسووڕامەوە و ڕوانینە کەمتەرخەم و قووڵەکەی دیەمی بەرنەئەدا. نیوەشەو گەیشتمەوە ماڵ. ژنەکەم هێشتا نەخەوتبوو. هەر دەروازەی

ماڵم کردەوە، هەڵات بەرەو حەوشە و ویستی باوەشم پیا بکات. دەستێکم بە سەرو قژیدا هێنا، مانیەتیم کردە بیانۆو بە پاڵ دەستیا تێپەڕیم و یەکسەر خۆم هاویشتە ناو نوێنەکە. هەتا بەیانی خەو بە چاوما نەهات. بیرم لە ئەگەری ئەوە ئەکردەوە کە بە شێوەیێکی کاتی لە خۆمی مارە بکەم. بە ئەشکەنجەدان نەئەکرا بەو مەبەستەم بگەم. ئەمزانی کوردگەل حەزێکی سەیریان لە نەورۆزە، بۆیە بڕیارمدا جێژنی نەورۆز بکەم بە بیانووی گۆڕاندنی لەناکاوی هەڵسووکەوتم لە گەڵی. بۆ بەیانییەکەی تەلەفۆنم بۆ مامم کرد و پێم وت ئێمە ئەبێ سێ ڕۆژ کارمان بەو ژنەوە نەبێ بۆ ئەوەی بتانم قۆناخی دووهەمی کارەکەم دەسپێبکەم. وتی ئێمە کاتی زیادیمان نییە بۆ بە فێڕۆدان و  ئەبێ بە زووترین کات بیهێنمە قسە. لەو کاتەدا گرووپچەی کۆمەڵە لە کوردستان و بە تایبەت لە شاری سنەدا بەردەوام خەریکی ئاژاوەگێڕی بوو. شەوانە بە سەر ئەو شاخانەی وا ئەم شارەیان دەورە داوە ئاگریان ئەکردەوە، بڵاڤۆکی دژەدینیان بڵاو ئەکردەوە و لە مزگەوتەکاندا دژ بە ئیسلام ئەدوان. لە مامم پاڕامەوە دەرفەتێکی دوو ڕۆژەم بداتێ. وتی نابێ بە تەلەفۆن باسی ئەو شتانە بکەین، وەرە بۆ لام، لێرە قسەی لەسەر ئەکەین.

مامم ڕازی کرد و پاش دوو ڕۆژ پاکەتێکی شیرینی، گوڵدانێکی شەمانی و دوو ماسی سوورم کڕی و لە گەڵ چەن هێلکەی ڕەنگکراو لە کارتۆنێکم کرد و چووم بۆ لای. چەن جار لە دەرگای ژوورەکەیێم دا. وڵامی نەدایەوە. کە دەرگاکەم کردەوە، ویستی بەرچاوەکەی بێ. پێم وت لێگەڕێ. لە کراسە شۆڕە خۆڵەمێشیەکەیدا چوارمشقی دانیشتبوو. قژە شۆڕە ڕەشەکەی ئالۆزاو بوو. دڵەخورپە دایگرتم. پاکەتەکەم لە سەر عەرد دانا. کردمەوە . گوڵدانەکەم لە سووچی ژوورەکە  و سەبەتی هێلکە ڕەنکراوەکانم لە بەردەمی دانا. ئەو دەلقە ئاوەی وا ماسیە سوورەکانی تیا بوو، خاڵیم کردە ناو قەڕابەیێکی نایلۆنیی ڕوون و دامنایە پاڵ گوڵدانەکە. ئەو هیچی نەوت و تەکانیشی لە خۆی نەدا. بە دۆستانەترین شێوەیێ کە پێم ئەکرا وتم:

- هەتا ئەمڕۆ من زۆر بێ بەزەییانە لەگەڵ تۆ جووڵاومەتەوە. بێگومان خۆت تێئەگەی کە من چارەیێکیترم نەبووە. ئەمە یاسای شەڕە. ئێوە لەگەڵ ئێمە شەڕئەکەن و ئەتانەوێ دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەمان ڕیشەکێشکەن. ئێوە زۆرێ لە هاوڕێکانی ئێمەتان شەهید کردووە، کەچی ڕێبەرەکانتان نایانەوێ واز لە شەڕ کردن بێنن. کە ئێوە لە ئێمە بکوژن، ناکرێ ئێمە لەگەڵتان دۆستانە بجووڵێینەوە. با من دیان بەو ڕاستیەدا بنێم کە ئەو بەرخۆدانەی تۆ بۆ من جێگای ڕێزە. ڕەنگە ئەگەر منیش لە جێگەی تۆ بوایام هەر هەمان کارم کردایا. بەڵام من ئەبێ وەک مرۆڤێ ڕاستییەکانی ئەم شوێنە، واتا ئەشکەنجەگای وەزارەتی ئێتلاعاتت بۆ باس بکەم. تۆ لێرەدا هیچ شانسێکت بۆ نییە. تۆ خەیانەت لە هاوڕێ و هاوولاتییەکانت ئەکەیت و بە ترسناکترین شێوەش ئەکوژرێی. من ئەتوانم لەم شوێنە ڕزگارت بکەم، بەبێئەوەی خەیانەت لە هاوڕێکانت بکەی. تۆ ئەتانی بەبێ ئێشی ویژدان لەم ئەشکەنجەگایە دەرکەویت و لەگەڵ بنەماڵەت جێژنی نەورۆز بگریت. هیچ زانیارییێکم لێت ناوێ. باشتر بڵێم، من پێ ئەنێمە سەر ئامانجی خۆم بۆ ئەوەی تۆ تیانەچی. لەوانەیە ئەمەت پێ سەیر بێ، بەڵام من ئەمەوێ خەیانەت لە ڕێباز و هاوڕێکانی خۆم بکەم بۆ ڕزگار کردنی تۆ. ئەزانی بۆ؟

سێ جار لێم پرسی، کەچی وڵامی نەدامەوە. ئەو بەس لە دیوارەکەی پشت سەرمی ئەڕوانی. سەرم بردە پێشەوە و ڕێک لە ناو چاوەکانی ڕامام و دیسانەوە پرسیارەکەمم دووپاتکردەوە. لەم کاتەشدا نەمتانی نیگای بگرم. پێموت کە ئەمەوێ دەربازی بکەم چونکە خۆشیێم ئەوێت، کەچی ئەو هیچ کاردانەوەیێکی بەرامبەر بە قسەکەم نەنواند. وەک بڵێی ئەو دیانپیانانەم هیچ گرنگیێکی بۆ نەبێ. درێژەم بە قسەکەم دا و وتم بەڵام تۆش ئەبێ ئاریکاریم بکەی. لەگەڵ بیستنی دوایین ڕستەم لێی ڕوانیم، وەک تامەزرۆ بووبێ بزانێ ئەو چۆن ئەتانێ ئاریکاری من بکات. بە دەنگێکی زۆر دۆستانە وتم

- تاقە ڕێگا بۆ ئەوەی بتانم لە مەرگ ڕزگارت کەم ئەوەیە کە بە شێوەی کاتی مارەت بکەم.

لەگەڵ بیستنی ئەم ڕستەیە بزەیێکی گرت. ئەو بزەیە هەمووی چرکەیێکی خایاند، کەچی هەموو کەسێتیمی ڕووخاند. سووکایەتیێکی وەها قورس لەو بزەیەیدا بوو کە پێمهەڵنەگیرا. دەسبەجێ هەڵسام و ژوورەکەم بەجێهێشت. تووڕەیی سەری لێ شێواندبووم. قینێکی زۆر، دڵی داگرتبووم. ئەو بزەیەی نەک هەر جنێو بوو بە خۆم، بەڵکوو پڕ بوو لە سووکایەتی بە شوناس و جیهانبینیم. ئەو بزەتاڵەی، بیر ئەو خوانەپەرەستانەی خستمەوە وا لە ژیر ئەشکەنجەدا بە کۆنەپەرەست، هیچوپووچ و داوەڵی ناو بێسان بانگیان ئەکردم. ئەو کاتە ئەوان لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەیانزریکاند و من ئەمتانی بە پاڵەوان پەمۆ بیانبینم و بە خەیاڵپڵاوەکانیان پێبکەنم.

ئەمجارە زۆر جیاواز بوو. ئێمە نەک هەر قسەمان لێ نەکێشابووەوە، بەڵکوو نەمانتوانیبوو هاوار یان تەنانەت ئاخ هەڵکێشانێکیشی ببیسین و لە هەموو ئەوانە خراپتر، پێموتبوو خۆشم ئەوێت و ئەمهەوێ لە خۆمی مارە بکەم. من ئەتانم بە هەموو شتە پیرۆزەکان سوێندبخۆم کە ئەو پێشنیارەم لەبەر ئالۆش نەبوو. من ئەگەر بمویستایا نزیکی لەگەڵ بکەم، زۆر بە ئاسانی پێمئەکرا. من ئەمویست لە مردن دەربازی بکەم و پێشنیارەکەم تاقە ڕێگا بوو بۆ ڕزگار کردنی. کەچی ئەو سووکایەتیی پێکردم. دووان لەو سەربازانەی وا لە چەن ڕۆژی پێشترەوە داوای پشوویان لێکردبووم، بەڕێکرد و ئەوانەیترم نارد بە دوای کڕینی شاخی مار. بە خۆمم وت ئەبێ وەها بیگێم بۆ هەتاهەتایە پێکەنینی لەبیربچێتەوە. ئەمویست جەستەی وەها بفلێقێنم کە بۆخۆی قیزی لە بینینی بێتەوە. چوومە ناو ژوورەکەی و پەلکێشم کرد بۆ دەرەوە و دامەبەر بەرەو قاتی دووەمی ژێر زەوینی زیندان. پاش بەستنی دەرگاکە لکانمە دیوارەکەوە. هێشتا هەر بێدەنگ و جمە بوو. بە حرسەوە چنگم بە مەمکەکانیا کرد. دەسبەجێ بە سەر دای بە ناو لووتما. بۆ چەند ساتێ گێژبووم. کە

بەخۆمدا هاتمەوە، گرتمە بەر لەقە و مست.

پاش لێدانێکی زۆر، خوێنی لووتمم بە شان و ملی سڕیەوە و ڕووتم کردەوە. خەریک بووم پاڵی بخەم، لەپڕ لەپی هاویشت و چنی بە گونگەلما کرد. وەها بە حرسەوە ئەیگوشین کە زریکەم لێوەهەستا. هەوڵمدا بە لێدان ناچاریکەم بەریان بدات، کەچی بە حرسی زۆرترەوە دەیگوشین. نیوەگیان بووم هەتا توانیم باتۆمە کارەباییەکەم لە ناوقەدم بکەمەوە و لێیبدەم. هەر بە یەکەم لێدان دەستی لە گونگەلم بەربوو، کەچی ئەوەندەم لێدا هەتا لەمس داکەوت. هێلکە گونەکانم وەختەبوو بتەقن، بۆیە کۆمێدێکم کردەوە و دوان باتۆمم لێ دەرهێنا. یەکیانم تەپاندە ناو پایا. بەسەرسووڕمانەوە دیم،سەرەڕای بیست و یەک ساڵ تەمەن، هێشتا هەر کچە. بۆ خۆم نەمدەتوانی هیچی لێ بکەم. بۆیە بە هەر دوو تێڵاکە لە بەر و دواوە ئەو کارەم لەگەڵ کرد. پاش چەند دەقە لەبەر ئێش ناچاربووم وازبێنم. ئەو یەکسەر خەڵتانی خوێن ببوو. پاش ئەوەی سڕکەرێکی زۆرم لە گونگەلم پژاند، توانیم پانتۆڵەکەم هەڵکێشم. ناچارمکرد ڕووت و قووت بچێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. بەدەم هەنگاونانی بارسەنگەوە بەردەوام خوێن لە ناوپایەوە دائەتکایە سەر بەردچنی ئەرزەکە.

چونکە بۆ خۆم نەمتانیبوو بنی هەڵبگرم، ئیتر بە لامەوە گرنگ نەبوو هەموو هاوکارەکانیشم لەگەڵی بنوون. ئەمجارە ئەمویست دوایین قۆناغ دەستپێبکەم بۆ هێنانەقسەی. ئەم قۆناغە پێی ئەوترێ گەمەی شەیتان و فریشتە و ئاسایی وایە کەسێکیتر جێبەجێی بکات. پاش ئەوەی ئەشکەنجەگەرەکان نەیانتوانی زیندانییێک بهێننە قسە، کەسێکیتر دێت و دەوری مرۆڤێکی مێهرەبان ئەگێڕێ. من خۆم پێشتر بە بێئەوەی بزانم ئەو دەورەم گێڕابوو، بۆیە تکام لە مامم کرد کە بۆ خۆم کارەکەم تەواو بکەم. ئەمویست دۆستەکەی وەک جەلاب بەکاربێنم. پێموت بێت و لەمە زیاتر درێژە بە بێدەنگی بدەی، ئەڵێم هەر جووت مەمکی ببڕنەوە. سێ جار ئەوەم پێگوت، کەچی

هیچ کاردانەوەییێکی نەنواند، بۆیە برادەرەکان ئەو دۆستەیان ڕووتکردەوە و بەستیان بە کۆڵەکەییێکەوە و یەکیان کێردێکی گەورەی نووساند بە مەمکەکانییەوە. ئەو دۆستەی دەستی کرد بە پاڕانەوە، بۆ ئەوەی بەزەییم پیا بێتەوە. پێموت بەس دۆستە گیانی بەگیانیەکەت ئەتانێ یارمەتیت بدات. ئەمجارە بە دەم گریانەوە کەوتە پاڕانەوە لە دۆستەکەی و وتی:

- چیان ئەوێ پیان بڵێ، ئەوان ئازادن، ئێمە قۆڵبەستکراوین، لەبەر خاتری من... گیان ئەو کەسەی خۆشت ئەوێ پیان بڵێ، هیچ ناگۆڕدرێ، ئەوان لە دەرەوەن ، ئێمە بەستراوینەتەوە.

ئەو بەس تەماشای ئەکرد. برادەرەکە پەنجەی کرد بە ژێری یەک لە مەمکەکانیا و ویستی چەقۆکەی لێ بدات. قیژاندی:

- کەرە، پێیان بێژە!

وتم:

- من هیچ زانیارییێکم لێ ناوێ، بەس قسە بکات، گرنگ نییە سەبارەت بە چی، هەر بەوە ڕزگارت ئەبێ.

ئەو بە دەم فرمێسک هەڵڕشتنەوە هەوڵیئەدا دڵی نەرمبکات، بەڵام ئەو هەر زاری داخستبوو. بە برادەرەکەم گوت هەتا دە ئەژمێرم و ئەوسا تۆ کاری خۆت بکە. دەستم کرد بە ژماردن و ڕێک لەگەڵ ژمارەی دە بە کێردەکە مەمکی داخست. ژنە قیژاندی. زیندانییەکەم هێڵنجیدا و کەوتە ڕشانەوە. بەردەوام هێلنجیئەدا و نەیدەتوانی بەر بە ڕشانەوەی خۆی بگرێ. ئەومان لە هەمان دۆخدا بە جێهێشت و دۆستە مەمک بڕاوەکەیمان برد بۆ ئەو هۆڵی تۆقاندنەی وا هەموو ژنە بەندکراوەکان تیایا خڕ کرابوونەوە. پاشان بەرەو خەستەخانەی زیندان بەڕێم کرد. چاوەڕوانم

ئەکرد پاش ئەو ڕووداوە، تووشی ئێشی ویژدان بێ، کەچی ئەو هەر هەمان نیگای خەمساری لە سەر ڕوومەت بوو.

دوای سێ ڕۆژان، دۆستەکەی لە خەستەخانە گەڕێندرایەوە. ناردم بۆ ژوورەکەی ئەو. پێشتر مایکرۆفۆنمان تیا دانابوو. چاوەڕوانمئەکرد بێ بە شەڕیان. بۆیە بە سەربازە کوردێکی شیعەم سپارد، گوێ لە قسەکانیان بگرێت و هەر هەمووییێم بە فارسی بۆ بنووسێت. ئەو شەوەش خەو بە چاوما نەهات، تامەزرۆ بووم دەنگی ببیستم و بزانم چۆناوچۆن باسی من ئەکات. سەرلەبەیانی یەک لە هاوکارەکان تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی هەر دووکیان خۆیانیان کوشتووە. وتت ترێشقە لێیدام. چۆکم شل بۆو دامە پرمەی گریان. ژنەکەم پرسی چی ڕوویداوە، وڵامیم نەدایەوە و تێم تەقاند بەرەو زیندان. هەر دووکیان شادەماری خۆیانیان بڕیبووەوە. تازە ئەو کاتە تێگەییشتم کە ئەو کچە هەموو شەوان، پاش ئەوەی لە ژێر جەستەی هاوڕێ و سەربازەکانمەوە کەنفت ئەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی، خەریکی تیژ کردنی دەسکەزیپێ ئەبوو، بە بتۆنی ئەرزی ژوورەکەی. لەو ڕۆژەوە نەگەڕامەوە بۆ سەر ئەو کارەم. هەر کە سەرقەبران چۆڵئەبوو، ئەچوومە سەر قەبرەکەی و لەوێ گوێم لە دەنگی شریتەکەی ڕائەگرت و دەردەدڵەکانی خۆی و دۆستەکەییێم لە دوایین شەوی ژیانیاندا ئەخوێندەوە. ئەوان بە تاقە وشەیێک چییە ناومی منیان نەهێنابۆو باسی کردەوەکانمیان نەکردبوو. بەس باسی بیرەوەریە تاڵ و شیرینەکانی ساتەوەختەکانی پێشمەرگایەتی خۆیانیان کردبوو.

بە خوێندنەوەی ئەو قسانەیان ئیرەییم بەو دۆستایەتییە قووڵەیان برد. ژیانی خۆمم بە بێمانا هاتە بەر چاو. پێشتر پێموابوو شەڕکەڕی ڕێگای ئامانجەکانی خۆمم، کەچی بەجارێ هەستمکرد کەسێکی ترسنۆک و بێ کەڵک ببووم. من لە سنەدا بە ناوی فەرمانبەرێکی دایرەی پاراستنی ژینگەوە کارم ئەکرد، کەچی کسمی ڕاستەقینەم ئەشکەنجەدانی کەسە قوڵبەستکراو و بێدەرەتانەکان بوو. ئەو کچە جوانە بە

بەرخۆدانی خۆی تێیگەیاندم ئەگەر ئەمهەوێ لە ڕێگەی خۆدادا شەڕ بکەم، ئەبێ بۆخۆم لە بەرەی شەڕی حەق لە دژی ناحەقدا بەشدار ببم. ئەو کچە فریشتەیێک بوو کە خوا بۆی ناردم هەتا بەرەو لای سەربازەکانی خۆی بەڕێم بکات. کە ئەمڕۆ لە ناو گەڵابەکەدا بە کوردی moورت کرد، زانیم ئیتر دوایین ڕۆژی ژیانمە. من سێ منداڵم هەیە، کەچی ئەمڕۆ بەس بیرم لای ئەو کچە بۆو چەنەها جار گوێم لە شریتی قسەکانی گرت. ئێستا خۆم زۆر بە بەختەوەر ئەزانم، چونکە ئەتوانم خراپییەکانم قەرەبوو کەمەوە. ئەو کچە کافر بوو، بۆیە ئەچێتە جەحەندەم. ئەمشەو ئەمهەوێ شەهید بوونی خۆمی پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی پێوە بچێتە بەهەشت. زۆراو حەز ئەکەی دوایین قسەکانی ئەو کچە کوردە گوێ لێبگری؟

- ئەرێ زۆرم پێ خۆشە، بەڵام تۆ ئەبێ سەرەتا وڵامی پرسیارێکم بدەیتەوە.

- چ پرسیارێ؟

- ئەو کچە ناوی ئەوین بوو؟

بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

- تۆ لەکوێ ئەو کچە ئەناسی؟!

- زۆر باشی ئەناسم. ئەو کچە دەزگیرانی عیسا بوو.

لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە کوتایە تەپڵی سەری خۆیا. هەڵسایە سەر پێ و بەرەو ناو تاریکییەکە دوورکەوتەوە. هەتا دە دەقەیێک بێدەنگیێکی تەواو هەموومانی داگرت. پاشان کوڕە ڕەقەڵەکە وتی:

- فەرماندە، بۆم هەیە شتێکتان لێ بپرسم؟

منیش وتم نە.

- بۆ وتت نە؟

- چۆن ئەمزانی چیم لێ ئەپرسێ.

- ئەیویست چیت لێ بپرسێ؟

زۆراو متئەبێ. کێرستێن پرسیارەکەی دووپاتئەکاتەوە، کەچی دەنگی گریانی زۆراوی دێتە گوێ. پاش یازدە ساڵ دۆستایەتی، ئەمە یەکەمجارە گوێی لە گریانی ئەبێ. زۆراو لەو پیاوانەیە وا خەمەکانی خۆی نادرکێنێت و ئەیڕژێنێتە دەروونییەوە. کێرستێن پرسیاری زۆری پێیە، سەبارەت بە چیرۆکەکەی، سەبارەت بە ژیانی ناڕوون و سەیروسەمەری و بە تایبەت هەمان پرسیارێ وا بەر لە بیست و چوار ساڵان، هاوسەنگەرێکی ئاراستەی کردبوو. هەمان سەربازی ڕەقەڵە وا بە گێڕاندنەوەی بەسەرهاتێکی نائاسایی خۆی، دوایین دانیشتنی بەر لە مەرگیانی بە ئاراستاییێکیتردا بردبوو. بەڵام زۆراو بەردەوام ئەگریت و هەموو جەستەی ئەلەرزێ. کێرستێن هەست ئەکات زۆراو مەستە و پەشۆکاوە لە گێڕاندنەوەی بیرەوەرییەکانی. کەچی زۆراو پێیخۆشە لە جارانی خۆی بدوێ، بەڵام وشەیێکی گونجاو نادۆزێتەوە.

هەندێ وشە، نەکهەر بۆ سەر زمانێکیتر وەرناگێڕدرێنەوە، بەڵکوو لە ناو هەمان زمانیشدا هاوواتایان بۆ نییە. زۆراو تەواب بوو. هاوواتای ئەم وشەیە لە زمانی ئاڵمانیدا ئەبێتە بووسا. بەڵام ئاڵمانییێک ئەتانێ چ مانایێک لەم وشەیەدا ببینێتەوە؟ لەوانەیە مانای کەسێکی باش، وەک هەمان مانایێ وا ئەم وشەیە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسیدا وێنای ئەکات. بەس ئەو کەسە لە مانای ڕاستەقینەی ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا تێئەگات کە فەرهەنگ و گەمژەیی مێژوویی کوردگەل بناسێ. ڕەنگە ئەمەش بەس نەبێت و پێویست بێ مرۆڤ بۆ خۆی لەو سەردەمە ناوازەیەدا ژیابێ وا

ئەم وشەیەی تیا خولْقاوە.

من وەک نووسەرێ، ئەگەر بەس پێنج ساڵ مناڵتر بوایام، بێگومان نەمدەتوانی لە کرۆکی واتای وشەی تەواب تێبگەم. کە دوازدە ساڵم تەمەن بوو، تەواب بۆ من زبڵی مرۆڤایەتی بوو. تەواب بۆ من قێزەونتر بوو لە سەگی سپڵوت لە چاو دەمارگرژترین موسوڵمانەکاندا. ئەوان ئەو پێشمەرگەیانە بوون وا بەس لەبەر چەن ڕۆژ، چەند مانگ یان تەنانەت چەن ساڵ ئەشکەنجەدران، لە تەلەفیزیۆنی کۆماری ئێسلامیدا دەرئەکەوتن. پاش ئەو دیمانەیە، ئەوان لە لایەن کۆماری ئیسلامی و ئێمەشەوە هەر بە تەواب ناوزەد ئەکران، بەڵام بە دوو مانای هەڤدژەوە. تەواب بۆ ئێمە هەڵگری مانای شکەست و تێکشکانی قارەمانەکانمان بوو، بۆیە ناوزەدکراو بەو وشەیە بۆ ئێمە ئەبوو بە بۆگەنترین کەسی دنیا. بنەچەی زۆراو ئەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم چینەی کۆمەڵگا. ئێوارەی ڕۆژێکی هەینی تەلەفۆنی بۆ کردم. بە سەرنجدان بەوەی کە منیش وەکوو زۆربەی کوردگەل لە کاتی وڵامدانەوەی تەلەفۆندا خۆم ناناسێنم، لێی پرسیم:

- جەنابتان بەڕێز قەوامین؟ من یەک لە ڕۆمانەکانی ئێوە- بیربا - م خوێندووتەوە. هەندێ پرسیارم هەیە سەبارەت بەو ڕۆمانە.

ئاڵمانیەکەی بێگەرد بوو. بۆیە پێم سەیر بوو کەسێکی ئاڵمانی ئەو ڕۆمانە کوردییەی منی خوێندبێتەوە.

- ئەکرێ ناوتان بزانم؟

- ناوم زۆراوە.

- جەنابتان کوردن؟

- ئەرێ.

دەستم کرد بە کوردی قسەکردن لەگەڵی، بەڵام ئەو نەک هەر کوریەکەی شێوەدەنگی ئاڵمانی خەستی پێوە دیاربوو، بەڵکوو زۆرێ لە وشەکانی بە کوردی بۆ نەئەدۆزرایەوە. لە ئاکامدا پێی وتم:

- ئەگەر بکرێ پێم خۆشە لە نێزیکەوە یەکتر ببینین.

- لە خزمەتدام.

- ئێستە ئێوە لە کوێن؟

- من لە نێزیکی کەمپەکەمم .

- من ئێستە ڕێک لە بەر دەرگای کەمپەکەتاندام. ژمارەکەتانم لە هاودیوەکەتان وەرگرت.

چووم بۆ لای. لە ماشینەکەی دابەزی و هات بۆ لام. بە کەسێکی سەرنجڕاکێش هاتە بەرچاوم. ئەو زۆر شوێنی ئەو ڕۆمانەی من، وا تیایدا هەڵمکوتابووە سەر ئایین یان کۆماری ئیسلامی، بەرچاو نەکەوتبوو یان بەلاوە گرنگ نەبوو. بەس ئەیویست بزانێ چۆن وێراومە هێرشکەمە سەر ئەو شتانەی وا کوردگەل بە پیرۆزی دائەنێن. پێی وتم هۆی ئەو هەموو ئەزیەتەی بە خۆی داوە بۆ دۆزینەوە و خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەی من، بەس ڕستەیێ بووگە کە لە کاتی گەڕان بە دوای خەبەری مەرگی ڕێبەرێکی کوردا لە ئینتێرنێتا بەرچاوی کەوتووە. ئەو ڕستە بەڵاجەویە لای ئەو ئەمە بوو› شەهید تا هەتاهەتایە درۆیێکی گەورەیە بە دەستی ئەو کەسانەوە وا نانی لێئەخۆن‹ کە لە یەکتر جیا بووینەوە، تەلەفۆنم بۆ دۆستێکم لە سنە کرد کە مناڵی هەمان گەڕەک بۆو سەبارەت بە زۆراو پرسیارم لێکرد. دەسبەجێ ناسیەوە و وتی:

- ئەرێ ئەیناسم، کاورای تەواب ئەیژی.

شتووتگارت

١٤/٠٦/٢٠١٢

# بەشی دووهەم

لەو ڕۆژەوە بەشەر بووگە، نەخۆشی مەڵۆزمی گیانیەتی. زاناکان بەردەوام هەوڵیان داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی مرۆڤ و دەسکەوتی باشیشیان دەسخستووە. ئێستا کەس لە قۆزەڕەشە و گووەدرێژە ناترسێت و بە دەڵقەگون مەترسی ئایدز بنبڕ ئەکرێ. زانستی تەندروستی، دژ بە نەخۆشییە جەستەییەکان کاری باشی کردووە و زۆرێ گژوگیای میکرۆبترێن، گەلێ دەرزی لەشساغیچەقێن و هەروەها زۆرێ کەرەستەی پێشکەوتووی وەکوو دەستکێش و کڵاوی بەرگردار، دەمامکی دژەژار و چاویلکەی دژەتیشکی دۆزیوەتەوە. بەڵام چارەسەرکردنی گرفتە فیکرییەکان ئاوا سووک و ئاسان نەبووە. ئەو زانایانەی وا سەدان نەخۆشی مەترسیدار، لەوانەی وا سروشتی خوێڕی بە ئەنقەست ئافراندوونی و هەزاران نەخۆشی ئالۆزکاو، وا توێژەرە شەونخوونیکێشەکان لە پلیان تسیوە، ڕامالداوە، هێشتا نەیتوانیوە دەرمانێ بۆ تاقە نەخۆشیی مێشک، واتە نەفامی، بە درێژایی هەزاران ساڵدا بدۆزنەوە. ئێمە نە بە لای دوکتۆر و دەرمانخانە یاساییەکانەوە و نە لە ڕەشەبازارەکاندا ئەتوانین دەرمانێکی کاریگەری دژەنەفامی یان کڵاوێکی قاییم بۆ

سەرەڕۆییمان بدۆزینەوە، سەرەڕای ئەوەی لە ناو نوێنی خۆماندا ئەتانین میلیۆنێ دەلقەگونی دژە نەخۆشیەکانی چەکین، لە بێئەژمار ڕەنگ و تام و بۆندا بەرسێن بکەین.

پاش ئەوەی لە سەردەمی ئەنتیکدا چی هەوڵی حەبدەرمانی، دەرزیدەرمانی، شێلاندن و دوعا و نزا بێئاکام مایەوە، بلیمەتێکی خاوەنکەرامات زانستێکی سیحراوی دۆزییەوە. ئەم زانستە نەک هەر ئەتوانی ئەو گرفتەی مرۆڤ چارەسەر بکات، بەڵکوو شاکلێلێکە بە کونی هەموو قفلێکی دەردەکانی بەشەردا ئەچێت. ئەم زلزانستە پێی ئەوترێ <فەلسەفە>

ئەم زانزایە بۆ یەکەمجار لە لایەن پاشاییێکەوە لە یۆناندا، کاتێ لەگەڵ کۆیلەبەچەکانی خۆی لە ناو خەزێنەی شیردا مەلەی ئەکرد، دۆزرایەوە. پاشا کە پەژارەی گرفتێکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی دایگرتبوو، هەوڵیئەدا خۆی لە شیر و سمتی بەچەکانی نغرۆ بکات. بەڵام خەم و کەسەری هێندە زۆر بوون کە نەیدەتوانی بیر لە جوانی بەچەکانی بکاتەوە. ئەو بە درێژایی ژیانیدا توانیبووی چەنەها ڕاپەڕینی کۆیلە و نەیارەکانی خۆی تێکبشکێنێ، بەڵام ئەمجارە گرفتەکەی جیاواز بوو. شۆڕشی ئەمجارە دژ بە مەنتیقی کۆیلەداری بۆ خۆی بوو. ئاژاوەگێڕی ئەمجار کۆیلەیێ بوو کە وەک مرۆڤ بیری ئەکردەوە. ئەو نەک هەر هەموو شیعرەکانی هۆمێر و زۆرێک لە تراژێدیا و کۆمیدیاکانی یۆنانی لەبەر بوو، بەڵکوو کاری سەیروسەمەری واشی ئەکرد، هیچ خاوەنکویلەیێکیش پێی نەئەکرا. بۆ وێنە ئەیتوانی بە هەر دوو دەستەکەی هاوکات، بە خێرایی و بێهەڵە، ڕستەی جیاواز بنووسێت.

لەو کاتەی پاشا لە حەوزی شیردا بەدەم بیرکردنەوەوە بە هەر دوو دەستی، سمتی کۆیلەبەچەکانی دەگوشی، هەستی بە بەتاڵبوونەوەی پەنجەکانی خۆی کرد. بە دوای هەردووکیاندا چاویگێڕا. دیار نەبوون. دەستەکانی لە حەوزی شیرەکە ڕۆ کرد و کەوتە

گەڕان بە دوایاندا. نەیدۆزینەوە. بە پێ کەوتە گەڕان بە دوایاندا. پەنجەی پێی، بەر جەستەی یەکیان کەوت. پەنجەکانی دەستی کردە نێو شیرەکە و هەوڵیدا ڕێیتێببات کە ئاخۆ ئەوەیان کۆیلەبەچە ڕەشەکەیەتی یان سپیەکەی. لە ژێر شیرەکەوە دەستی بە سەر ڕوومەت، سینگ و سمتی خڕیدا گێڕا. بە کەراماتی پاشایەتی خۆی مەزەندەی کرد کە ئەبێ کۆیلەبەچە ڕەشە بەژن باریکەکەی بێ. لەم کاتەدا کۆیلە ڕەشەکە لە حەوزەکە سەری هێنایەدەر و بۆی دەرخست کە پووچی هەڵێناوە. پاشا لای خۆی بیری کردەوە کە ئێستاش هەر دەتوانێ پێی لەسەر قسەی خۆیدا بگرێت، مادام ئەوەیتریان سەر لە شیرەکە دەرنەهێنێ. لەم کاتەدا کۆیلەبەچە سپیەکەش پەیژەی ناو حەوزەکەی بەردا و لە شیرەکە دەرکەوت تا پێی بسەلمێ کە هەڵەی مەزەندە کردووە. کەچی پاشا لە خۆشیا قوولاندی:

- ئاخری دۆزیمەوە، ساتەزام پێگەیشت.

چاوڕاستەکەی خێرا سەری بە مەلەوانگەکەدا کرد.

- چیتان دۆزیەوە؟

پاشا لەگەڵ ئەوەی بە دەستەکانی ئەیدا بە ناو شیرەکە:

- گرنگترین زانستی مێژوو، دەوای هەموو نەخۆشییەکانی دەسەڵاتداریم دۆزیەوە.

- چ زانستێ؟

- ناوی ئەنێم فەلسەفەی والا. ئەمە بەرزەزانستە و بەس یاسایێکی هەیە ›سەبارەت بەو شتەی وا نایێتە دیتن، چیت پێ خۆشە بیڵێ‹

پاشا بە پەیژەکەدا هەڵگەڕا و لە حەوزەشیرەکە دەرکەوت. دەستی بە سینگی خۆیدا هێنا و شیر لە تووکەکانی سەرسینگییەوە بەرەو ژێر سکی بەربووەوە و بە

هێلکەگونەکانیدا داچۆڕایە سەر بەردچنی سەوزی مەلەگاکە. هەر دوو کۆیلەبەچەکەی هێشتا لە حەوزی شیرەکەدا بوون. نیگای لێ وەرگرتن. چوو بەرە و حەوزەکەیتر و بە سەرپەنجەی پێی، ئاوی حەوزەکەی تاقیکردەوە. شیتین و خۆش بوو. بە پەیژەکەیدا داگەڕا بۆ ناو حەوزەکە. ئاوی حەوزەکە هەتا ژێر سینگی ئەهات. بانگی چاوڕاستەکەی خۆی کرد:

- کەسێ بنێرە بە دوای ئەفلاتوونا با خێرا بیهێنێ بۆ لام.

- بە چاوان. پێویستە کەسێکیش بانگبکەم بۆ شێلاندنتان؟

- پێویست ناکا، بە دەماخم.

کۆیلەبەچە ڕەشەکە لە حەوزەشیرەکە دەرکەوت. شیری سپیی بە ناوشانی ڕەش و لووسیەوە بەرەو سمتی و بە شەقی گوڵپەکانیدا وەک جۆگەلەیێکی سپی، دائەگەڕا و بە هێلکەگونە بچووکەکانیدا بەرئەبووەوە بەرەو خوار. پاشا چاوی لێبڕیبۆو دیسانەوە لە جوانی ئەو کۆیلەبەچەی خۆی، لە بۆنی شیری مەڕ و لە ساتەزا بەنرخەکەی، ڕووباری حەز گەڕا بە گیانیا. کۆیلە ڕەشەکە کەوتەڕێ بەرەو لای پاشا. لەم کاتەدا پاشا قالۆنجەزێڕینەیێکی بە دیواری حەوزی ئاوەکەوە بینی. بەرلەوەی ئەو کۆیلەبەچەی چاوی پێ بکەوێ، قالۆنجەکەی گرت، لە نێو پەنجەیدا شاردیەوە و لێی پرسی:

- چی لە ناو دەستمدایە؟

کۆیلەکە بەدەم پێکەنینەوە:

- نامەی پیلانێکی شەیتانی.

- نە، گیانلەبەرێکە. ئەگەر هەڵیبێنی بەرەڵات ئەکەم.

بە گومانەوە سەیری ناو چاوانی پاشای کرد.

- هەر بەڕاست ئازادم ئەکەی ئەگەر بڵێم چی لە ناو دەستتدایە؟

- ئەرێ.

- کەنگێ؟

- دەسبەجێ.

کۆیلە ڕەشەکە چووە نێو ئاوەکە. پاشا دەستی بەرەو ڕوومەتی ڕاکێشا و لە سەر لێوەکانی وا بە ئەستەم لە سەرەوی ئاوەکەوە بوون، ڕایگرت. مێرمنداڵەکە بیر لەو بوونەوەرە ئەکاتەوە وا پاشا لە نێو پەنجەیدا شاردوویەتیەوە. چ گیانلەبەرێ ئەبێ لەم کاتی ئاساڵەدا، لەم مەلەگایەدا و بە قەد دیواری حەوزی ئاوەکەوە بووبێ؟

بیری کەوتەوە کە پاشا بەر لە سێ ساڵان لە کاتی مەستیدا و پاش ئەوەی دوو جاران لەسەریەک لاقەیکردبوو، گفتی پێ دابوو لە داهاتوودا بەرەڵای بکات، بەو مەرجەی ژیرێتی خۆی پێ بسەلمێنێ. لەو ڕۆژەوە ئەو بەردەوام بیری لە ئازادیی خۆی ئەکردەوە. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی ڕابردوودا، خەونەکانی تووشی گۆڕانی زۆر ببوون. هەتا بەر لە پێگەییشتن، لە خەونەکانیدا خۆی بەردەوام بە دەریاوانێ ئەبینیەوە وا لە سەر پاپۆڕێکی گەورەدا بە دەور دنیادا ئەگەڕا، کەچی ئێستا پێیخۆشە لە ئاسینا بمێنێتەوە و لە کۆشکی پاشادا شووڵ بکات و لەگەڵ ژنێکی دەولەمەند کە دوو مەمکی سپی و قەڵەوی پێوەیە و خەڵاتیێکی زۆری بۆ ئەهێنێ، زەماوەند بکات.

چاوەگەلی بەرەو دەمی خۆی خوارکردەوە و لە پەنجەی پاشای ڕوانیەوە و بیری چوو بەرەو ئەو گیانلەبەرانەی وا لە چوار ساڵەی ڕابردوودا لەم مەلەگایەدا دیبووی.

ئەبێ ئەوەندە بچووک بێ کە لە نێو مستدا جێی بێتەوە، بەڵام نەک زۆر بچووکیش وەک کێچ یان مێرووله، چۆن پاشا پەنجەی نەقووچاندووە. نابێ مووریێکی ڤیزەونی وەکوو مێش یان خەڕەنزەش بێ. پەپوولەش نییە. ئەبێ گچکە بوونەوەرێکی جوانی وەکوو خاڵخاڵۆکە یان قالونجەزێڕینە بێ. بەڵام کام لەم دوو گیانلەبەرەیە. پێشتر هەردووکیانم لەم مەلەگایەدا دیوە.

بە دوودڵییەوە لە پاشای پرسی:

- لە نێوان دوواندا دوودڵم.

- ئەبێ لە سەر یەکیان ساغبیتەوە.

- ئەی ئەگەر وڵامی هەڵەم دایەوە.

- کە تووکت دەرکرد خێرا ئەتفرۆشم. چونکە بۆ خۆت ئەیدۆڕێنی. بەڵام ئەتانی شانسی خۆت تاقیکەیتەوە. چی لە ناو دەستمایە؟

- بهێڵە با نەختێ بیری لێ بکەمەوە.

پاشا مستی لە سەر شانی کۆیلەبەچەکەی دانا و پەنجەکەیتری نووساند بە چەناگەیەوە و قامکێکی کردە نێو دەمی. مێرمنداڵەکە چاوگەلی نووقاند، کەوتە مژینی قامکی پاشا و بیرکردنەوە لە مەتەڵەکەی. ئەو ئەیزانی کە ژیانی لەچاو دیکەی کۆیلەکان خۆشە و زۆرێ لە کەسە ئازادەکانیش ئیرەیی بە ژیانی ئێستای ئەو ئەبەن. جوانترین جلووبەرگی لەبەرئەکرد، خۆشترین خواردنەکانی ئەخوارد. نەک هەر بۆی هەبوو لەگەڵ پاشا ڕاوەئاسک بکات، بەڵکوو لە جێژن و بۆنە و کۆڕە فەلسەفییەکاندا بەشدار ئەبۆو لە شیرێکدا مەلەی ئەکرد کە دیکەی کۆیلەکان نەیاندەتوانی تێری سکی خۆیان لێی بخۆنەوە. ئەگەر بێت و وڵامێکی هەڵە بە پاشا

بداتەوە و بفرۆشرێت، ژیانی بۆ هەتاهەتایە سەروبن ئەبێ. خۆی سووڕاندەوە و ئەوەندە لە وێنەیێکی هەستبزوێنی قەد دیوارەکە ڕاما، هەتا قامکی نەرمی ژنێکی بە سەر گۆنایدا هەستپێکرد. قامکەکە بە ئارامی لەوێوە کەوتە جووڵان بەرەو دەمی. لێوەکانی بە سەرقامکە لووس و نەرمەکان ختوورکە ئەدران. بە ئارامی دەمی کردەوە. قامکەکە، خۆی لە لێوە ئاڵۆشاوەکانی ڕۆ کرد و سەری بەرەو دوا سووڕاندەوە. چاوەکانی نووقاند. هەناسەی کەوتەلێدان. سەری ژنە لێی نێزیک بووەوە. هەناسەی بۆنخۆشی ژنە، ئەیلایاند. کەوتە هەڵمژینی سەرقامکی ژنە و سەری شل کرد هەتا ئەو بەرەو دوا بای بدات. ژنە بە زمان کەوتە لستنەوەی گۆنا و لێوەکانی. قامکی لە دەمی دەرکرد و بە دەم بزواندنی لاجانگیەوە بەرەو لامل و سینگی کردەوە. هەستی بە نەرمی مەمکەکانی ژنە، لەسەر پشتی خۆی ئەکرد. کەوتە هەناسەدان. ژنە هەمان کچەعازەبێ بوو وا پاشا ساڵی پێشوو بنی هەڵگرتبوو. ئەو کاتە قاچەکانی بە حەواوە بوون و لە بەر ئێش ئەیزریکاند. مەمکە سپیە خڕەکانی بەدەم تێکوتانی بێبەزەییانەوە ئەشەکانەوە. سەرقامکی خزا بەرەو خوار. هەندێ ناوکی خوراند و بە دەور ناوقەدیا بەرەو بڕبڕەی پشتی و لەوێوە سەرەو خوار بووەوە. کوڕە حەپەسا و پەنجەیێکی پیاوانەی لە سەر سمتی خۆی هەست پێکرد. پاشا بە دەستی ڕاستی سمتی دەگوشی. پەنجە بە مست کراوەکەی هێشتا لە سەر شانی دانرابوو. چی لە نێو پەنجەیدا شاردۆتەوە؟

پاشا بەردەوام سمتی قوتی ئەم، وا لە ئاوی ڕووندا وەک وێنەیێکی بێخەوش ئەینواند، سەیر ئەکرد. لە خۆی پرسی› بۆ هێشتا ئەم وێنەیەم بۆ سەرەنجڕاکێشە و ئەم مێرمنداڵە ڕەشە، پاش چوار ساڵان هەر چێژبەخشە؟ زۆرێ لە کۆیلەبەچەکانم چاوی گەورە، لووتی ڕێک و سمتی خڕ و نەرمیان هەبووە. کۆیلەبەچی واشم هەبووە کە هەموو جەستەی، لە هانیەوە هەتا قنەپاژینەی وەک شەوو ڕەش بووبێت. بەڵام یەکگرتنەوەی هەر هەموو ئەم جوانیگەلە لە سروشتدا دانسقەیە. دیسانەوە لە بانەوە هەتا خوار سەیری کۆیلەبەچەکەی کردەوە وا وەک پەیکەرەیێ لە مەڕمەڕی

ڕەش، بەڵام نەرم، تەرچک و زیندوو، لە بەر دەستیدا بوو. سەرەڕای مناڵبوون، پاش چوار ساڵان هێشتا نەیناسیبوو. نەک هەر مێشکی، بەڵکوو کاردانەوەکانیشی بۆ نەئەخوێندرایەوە. قەت لە کارەکانی وەڕەز نەئەبۆو هیچ کردەوەییێکی تووڕەی نەئەکرد. ئەو مناڵە قولەڕەشە، وەها هەڵسوکەووتی ئەکرد، وەک مێشکی ئەمی بۆ بخوێندرێتەوە. چی ئەبێ ئەگەر بێت و مەتەڵەکەم هەڵێنێ؟ ئەبێ ئازادی بکەم با لێبدات و بچێت؟ کاری وا چۆن ئەکەم. ئەو ناتوانێ بیسەلمێنێ من چیم لە ناو دەستدایە، تەنانەت ئەگەر بزانێتیش، چونکە بۆی نییە پەنجەم بکاتەوە.

پاشا بیر کەشفە فەلسەفییەکەی ئەکەوێتەوە و بەم چەشنە ئەیگۆڕێ› ئەو مستەی کەس بۆی نەبێ بیکاتەوە، ئەکرێ هەموو شتێکی تیا بێت، ئەوەی خاوەنمستەکە بانگەوازی بۆ بدات‹ ئەم ڕستەگەلە زۆربێژانە ئەنوێنن، نەک فیلسووفانە. باشترە بوترێ› ئەو مستەی  کەس بۆی نەبێ بیکاتەوە، ئەکرێ هەموو شتێکی تێدا بێت‹ ئەم ڕستەیەشم بەدڵ نییە. نابێ مستێ لە جیهاندا ببێت کە من بۆم نەبێ بیکەمەوە. ئەم ڕستەیە کۆمەڵگا بەرەو ئاژاوەگێڕییش ئەبات. باشترە بڵێم› بەس کەسە بەهرەمەندەکان ئەتوانن شتە نادیارەکان ببینن‹ ئەم کۆیلە ساوایەی منیش ناتوانێ ناو مستی من ببینێ، هەرچەن زمنیشی بۆ بچێت.

لەم ناوەناوەدا قاچەکانی قالۆنجەزێڕینەکە بەر پێستی سەرشانی کۆیلەکە ئەکەون و تێئەگات چ گیانلەبەرێ لە نێو مستی پاشادایە. ئەو ئێستە ئیدی بیر لە وڵامی ئەو  پرسیارە ناکاتەوە، بەڵکوو لە قازانجی وڵامەکەی. بەر لە سێ ساڵان، کاتێ پاشا پێی وت، ڕۆژێ دادێ بۆ هەمیشە ئازادت بکەم، لە خۆشیاندا پێی  نەئەکەوتە سەر ئەرد. خێرا هەڵات بۆ لای تاقە دۆستەکەی کە ئەو کاتە خۆشەویسترین کۆیلەبەچی پاشا بوو. ئەم خۆشحاڵبوونێکی لەڕادەبەدەری لێ چاوەڕوانئەکرد، کەچی ئەو زۆر خەمسار وتبووی:

- من بڕوا بەم قسانە ناکەم.

- لەبەر چی؟

- چۆن پاشا بە کۆیلەکانیەوە پاشایە.

- بەڵام ئەو بۆخۆی پێی وتم، ڕۆژێ دادێ ئازادت بکەم، بە مەرجێ ژیربوونی خۆتم پێ بسەلمێنی.

- تۆ قەت ناتوانی ئەوەی پێ بسەلمێنی. بێت و تێبگات کە ئەتهەوێ بەجێیبێڵی، یان ئەتفرۆشێ یان دەتکوژێ.

- تۆ لە کوێ ئەمە ئەزانی؟

- من پێنج ساڵە لەگەڵی ئەژیم.

- بەڵام ئەو پێشتر چەن کەسیتریشی بەرداوە، بۆ وێنە چاوڕاستەکەی. ئەویش سەردەمێ کۆیلەی بووگە.

- بەڵام خۆ بەجێی نەهێشتووە.

ئەم کۆیلە قولەڕەشە، کاتێ لە قسەی ئەو دۆستەی تێگەییشت وا پاشا حوکمی کوشتنی دەرکرد. بیر ڕستەیێکی پاشا کەوتەوە کە بە گوێی خۆی بیستبووی، لەو کاتەی وا کوڵەی لێ گرتبوو> بەس ئەو کوترانە بۆیان هەیە بفڕن، وا بە سەر بانی کۆشکەکەمدا ئەسووڕێننەوە< دیسانەوە پێی قالۆنجەزێڕینەکەی لە سەر پێستی سەرشانی خۆی و کێری پاشای بە قەد کۆمیەوە هەستپێکرد. سەری بەرەو پاشا وەرگێڕایەوە و بە دەم پێکەنینەوە وتی:

- ئەزانم چیت لە نێو مستدایە.

- دا بڵێ.

- بەڵام حەز ناکەم لێرە بڕۆم.

- بۆ، حەزت لە ئازادی نییە؟!

- نە.

- ئا ئەمەیە قسەی گەوجانە. بۆ حەزت لە ئازادی نییە؟

- من ئێرەم پێ خۆشە.

- ئەی باشە چی لە نێو مستمایە؟

- قالۆنجەزێڕینەیێ.

- وانییە، وڵامەکەت هەڵەیە.

پاشا بە ناو ئاوەکەدا کەوتەڕێ بەرەو دیواری حەوزەکە. بە پەیژەکەدا سەرکەوت و چەلای زەنگێکی ڕاکێشا. چاوڕاستەکەی سەری لە قلْشی دەرگاکەوە هێنایە ژوورەوە.

- چیتان ئەوێ گەورەم؟

- وەرە بۆ ئێرە.

چوو بەرەو لای.

- دەستت بکەوە.

چاوڕاستەکە مستی کردەوە و پاشا قالۆنجەزێڕینەکەی خستە نێو مستی و پێی وت:

- بچۆ ئەم کولەیە فڕک بدە.

- بە چاوان گەورەم.

پاشا چوو بۆ لای کۆیلەبەچە سپییەکەی و ئەمری پێکرد لە حەوزەشیرەکە دەرکەوێت و خۆی لە ئاوەکەدا بشوات. پاشان بانگی کرد لە کۆیلە ڕەشەکەی.

- واز لە شڵپە کردن بێنە و بچۆ بۆ هۆڵی زۆرەبانی. تۆ ئەبێ ئەو لەشە سستەت نەختێ بجووڵێنی.

کۆیلە ڕەشەکە وەک نەیبیستبێ، هێشتاکە هەر بە ناو حەوزەکەدا ڕێی ئەکرد. پاشا قیڕاندی:

- نەتبیست چیم پێ وتی. خێرا دەرکەوە و ملت بشکێنە.

قولەڕەشەکە خێرا لە ئاوەکە دەرکەوت و تێیتەقاند بەرەو دەرگای مەلەگاکە. پاشا سەری بەرەو کۆیلە کاڵ و کرچەکەی سووڕاندەوە، وا خەریک بوو لە حەوزی شیرەکە دەرئەکەوت. بە هۆی پێستە سپیەکەیەوە، داگەڕانی جۆگەلەی شیر بە جەستەیەوە دیار نەبوو. لەوانەیە کۆیلەبەچە ڕەشەکەی دیسانەوە بانگ کردایا، ئەگەر سەرلەنوێ بیر ئەو کۆیلە لاسارە نەکەوتایاتەوە وا بە توانامەندییە شەیتانییەکەی خۆی، لە کەوشەنی دەسەڵاتیدا هەرایێکی تازەی نابووەوە. بەبێئەوەی خۆی وشک کاتەوە، بەرەو  مێزی نووسینی نێوەڕاستی هۆڵەکە چوو. کاغەزێکی گەورەی لە سنۆقی سەر مێزەکە دەرهێنا. بە پێچەوانەی جارەکانی پێشتر، ئەمجارە بڕیاریدا لە باتی دوو ڕستەی جیاواز، نووسینی هاوکاتی دوو وشەی جیاواز تاقیکاتەوە. بە هەرکامە لە دەستەکانی پەڕێکی لە سەر مێزەکە هەڵگرت. ژەندنیە نێو جەوهەر و هاوکات دەریهێنان. بە نیاز بوو بە دەستی ڕاستی، وشەی ئاغا و هاوکات بە دەستەکەیتری وشەی کۆیلە بنووسێ.

سەری هەردوو شاپەڕەکەی لە کاغەزەکە نێزیک کردەوە، چاوەکانی نووقاند و هەوڵی دا بیری خۆی لە سەر ئەو کارەی گرد کاتەوە. پاش ئەوەی بە هەموو بیرچڕی خۆیەوە دوو وشە جیاوازەکەی نووسی و چاوگەلی کردەوە، لە سەرسووڕماندا چاوی وەستا. هەرچەن ئەو وشەیەی وا بە دەستی چەپی نووسیبووی ناڕوون بوو، بەڵام تێگەییشت ئەویش هەر هەمان وشەی ئاغایە. لەوانەیە دەستەکان لە کاتی نووسیندا بە شوێن ئەو دەستەدا بچن وا وشەی بەپێزتر ئەنووسێ؟ بڕیاری دا ئەمجارە ئەو هەوڵەی بە وشەگەلی پیاو و ئافرەت تاقیکاتەوە. کە چاوی کردەوە دیسانەوە هەر دوو وشەی یەکسان، واتە پیاوی دیەوە. زۆر بەکەیف بوو بە دەرەنجامی تاقیکردنەوەکەی و ئەمجارە بە وشەگەلی، خۆر/مانگ، چیا/گرد، پاشا/ سەرۆکی پارلەمان، تاقیکردەوە. ئاکامی تاقیکردنەوەکەی هەتا ئەوپەڕی خۆی بەپێز بوو› دیاردەکان بە پێ بەنرخ بوون، خۆیان ڕێک ئەخەن‹ واتە سروشت لە سەر ئەساسی پلەوپایە و نرخمەندی دامەزراوە. ئەمە ئەکرێ دووهەمین زاکۆنی فەلسەفە بێت› هەموو دەستەکان دوای ئەو دەستە ئەکەون وا وشەی بەپێزتر ئەنووسێ‹ شادومانی دیسانەوە ڕوویتێکردەوە. کەوابوو بە پێ مەنتیق، ئەکرێ ڕەوایەتی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە پەسەندکراوە سەرکەوتووەمان بسەلمێنین. کە ئەم دوو زاکۆنە بکرێ بە بەردی بناغەی زانستێ کە زۆرینەی کۆمەڵگا پەسەندی بکات، ئەکرێ ڕەگی هەر چەشنە ئاژاوەگێڕییێ ڕیشەکێش بکرێت. بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە. ئەبێ نەک هەر کۆیلەکان، بەڵکوو کەسە ئازادەکانیش قەناعەت پێ بێنم. ئەمە لە هەموو شەڕێ دژوارترە، چونکە هەر چەشنە دۆڕانێ لەم مەیدانەدا هاوکات هێز و ڕەوابوونیش ئەفەوتێنێ.

پاشا کاغەزێکی گەورە دەردێنێت، هەتا نەخشەی شەڕێ دارێژێ کە گۆڕەپانی تێکهەڵچوونی، هۆڵی دادگایێک، فەرماندەی باڵای سوپاکەی، داوەرێک، لێژنەی باڵای شەڕی، دەستەی داد و سەربازەکانی ئەو بینەرانە بن، وا بە مەبەستی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەو دادگایەدا ئامادە ئەبن. ئەوسا ئەتوانم لەم کۆشکەوە

فەرمانی پەلاماردان دەربکەم. دادوەر بانگی بەرگومان بکات و ئەویش لە جلە سپییە پڕپەهاکەیدا، بە بەردەم ئامادەبوواندا بەرەو سەر سەکۆی بەرتاوانەکان بچێت و دەستی لە سەر مێزە بەرزەکەی دادگا دابنێ. دادوەر بە دەنگێکی ڕاشکاوانە لێی بپرسێ:

- بەڕێز ئانتیفۆن، ئێوە بانگ کراون بۆ ئێرە، چونکە زۆرێ لە هاووڵاتییەکان، هەندێکیان بۆخۆیان لێرە بەشدارن، لەبەر خەساری تاکەکەسی یان تێکدانی باری ئەمنیی کۆمەڵگا، سکاڵایان هێناوەتە بەر دادگا. دیان بە تاوانبار بوونی خۆتاندا ئەنێن؟

- نە.

- کەوایە ئەتانەوێ لە بەردەم دادگاشدا ئیدیعاکەتان دووپاتکەنەوە؟

- ئەرێ؟

- ئێوە لاتان وایە کۆیلەکانیش هەر بەشەرن؟

- ئەرێ.

- بۆ؟

- ئێوە بۆ پێتان وایە کە کۆیلە مرۆڤ نییە؟

- ئێوە بانگکراون بۆدادگا هەتا وڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە، نەک پرسیارمان لێ بکەن. بۆ پێتان وایە کۆیلەکانیش مرۆڤن؟

- چونکە لە ڕووی جەستەوە، لە ڕووی توانامەندی و هەستەکانیانەوە، هەر وەکوو ئێمە وان و وەک دیکەی مرۆڤ بیرئەکەنەوە.

- زۆر چاکە، ئێوە چوار تایبەتمەندیتان دەسنیشان کرد بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە کۆیلەکانیش مرۆڤگەلێکن لە چەشنی ئامادەبووانی ناو ئەم دادگایە؟

ئەم ڕستەیە ئامادەبووانی تووڕەکرد. سەرەتا بە ئارامی و پاشان بە دەنگی بەرز دەستیان کرد بە جنێودان بە بەرگومانەکە.

- گەمژە، خایین، هیچ و پووچ...

دادوەرەکە بە چەکوشەکەی کێشایە سەر مێزەکەی بەردەمی:

- بە سەرەنجدان بەوەی کە گریمانەکردنی هەموو شتێ گونجاوە و ئێرە وڵاتی زاناییە، ڕێگەبدەن با ئەم بابەتە جەفەنگە بخەینە بەر باس و دەمەتەقێ.

دیسانەوە سەیری بەرسکاڵاکەی کرد و وتی:

- تۆ شێوەت وەک بەڵگەیێ دەسنیشانکرد بۆ سەلماندنی هاوچەشنی مرۆڤ و کۆیلە، بەڵام وێنە یان پەیکەرەییێکیش وا لە ئاوێنەدا بەرچاو ئەکەوێ، شێوەی مرۆڤ ئەدات. بەس کەسێکی ڕووکەشبین، وێنەی شتێکی ڕاستەقینە بە ڕاستەقینە دائەنێ. بە هەمان چەشن، کۆیلەش وێنەییێکە کە بەس شێوەی مرۆڤ ئەدات. دووهەمین بەڵگەت توانامەندی بوو. ناچێتە مێشکەوە کە کەسێکی ئازاد، توانامەندی مرۆڤ و کۆیلە وەک یەک ببینێ. ڕەنگە مەبەستت ئەوە بێ، کە کۆیلەکان لە خەڵکی ئاسایی بەهێزترن. ئەوە ڕاستە. هەندێ لە کۆیلەکان لە مرۆڤ هەر هیچ، لە هێسریش بەهێزترن، چونکە کۆیلە دروست کراوە بۆ کاری جەستەیی. بەڵام ئایا کۆیلە ئەتوانێ ئەرکی نوێنەری پارلەمان، دادوەر یان پزیشکێ بگرێتە ئەستۆ؟ هەتا ئەمڕۆ من کۆیلەییێکم بەرچاو نەکەوتووە کە کاری مرۆڤێکی لە ئەستۆ گرتبێ، کەچی هەزارانیانم دیوە کالیسکە ڕابکێشن و لە هێستر باشتریشی بکەن.

ئامادەبووان ئەدەنە قاقای پێکەنین. پاش چەن دەقە، دادوەر بە چەکوشەکەی دەستی داوێژێتە سەر مێزەکە و هەمووان بێدەنگ ئەبن.

- هەروەها هەستی کۆیلەکان، گەلێ لە هەستی مرۆڤ جیاوازە. ئێمە ئەوانمان خۆشئەوێت، کەچی ئەوان ڕقیان لە ئێمەیە. ئێمە هەوڵئەدەین باشترین لەوڕ و تیماریان بۆ دابینبکەین و بە باشترین شێوە بەخێویان بکەین، کەچی ئەوان هەندێ جار لە قاتریش خراپتر هەڵسووکەوت ئەکەن. بۆیە هەموو مرۆڤێ بە ئاسانی تێئەگات لە هەڵەبوونی بەڵگەکانت. هێشتا ئەتەوێ قسە بکەی؟

- چۆن نامەوێ؟! من بە دروستی نابینم کە مرۆڤ دیاردەکان ئەنجن ئەنجن کاتەوە و پاشان ئەو پارچە دابەشکراوانە لەگەڵ دیاردەگەلێکیتر کە هەندێ لەو تایبەتمەندییانەیان هەیە بەراورد بکات. ئەو دیمەنەی وا مرۆڤ لە ئاوێنەدا بەرچاوی ئەکەوێ، کاتێ ئەکرێ بە ڕەنگدانەوەی مرۆڤ لە ئاوێنەدا پێناسەبکرێ، کە سەرچاوکەی ئەو شتەی لە ئاوێنەدا ڕەنگیداوەتەوە، ببینین. ئەو دیمەنەی نێو ئاوێنە ئەکرێ ڕەنگدانەوەی مرۆڤ، شێوە یان پەیکەرەیێکی داتاشراو لە مرۆڤ بێت. یەکەمین دیمەن ڕەنگدانەوەی دیاردەیێکە کە ئەتانێ پاژەکانی جەستەی خۆی بجووڵێنێتەوە و بە کاریان بێنێ. بۆیە مرۆڤ ئەبێ کۆی تایبەتمەندیی دیاردەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکات. مرۆڤ پێکهاتووە لە جەستە، توانامەندی، هەست و ئاوەز. ئەگەر کەسێ هەر هەموو ئەم تایبەتمەندییانەی بە جارێ هەبێ مرۆڤە و گریمانەی ئێمەش هیچ لە بوونی ڕاستەقینەی ئەو ناگۆڕێ.

- زۆر چاکە، ئەمجارە لەبەر دڵی تۆ هەر هەموو تایبەتمەندییەکانی دوو دیاردەی جیاواز لەگەڵ یەکتر بەراوردئەکەم با تێبگەی کە ناکرێ بە پێداگرتن لە سەر هاوچەشنییە ڕووکەشییەکان، دیاردەکان پۆلێنبەندی بکرێن. ئێمە ئەتوانین هەتاو و مانگ لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین. هەردووکیان لە ئاسماندان. هەردووکیان بە

ئاسماندا ئەگەڕێن. لە لایێکی ئاسماندا دەرئەکەون و لە ئاراستەی پێچەوانەوە ئاوائەبن. هەر دووکیان خڕن و وەکوو یەک گەورەن و هەردووکیانیش ئەدرەوشێننەوە. وەک گوێتان لێ بوو ڕۆجیار و مانگ زۆرێ تایبەتمەندیی ڕووکەشیی هاوچەشنیان هەیە، بەڵام جەنابتان ئەتانن بڵێن کە هەردووکیان وەکوو یەکن و یەک نرخیان هەیە؟

ئامادەبووان کەیفیان بەم قسانەدا هاتەوە و دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان. ئەم چەپڵەڕێزانە زۆری خایاند و ئامادەبووان هاوکات تیتاڵییان بە سکاڵالێکراوەکەش ئەکرد. دادوەرەکە دیسان چەکوشەکەی کوتایە سەر مێزەکە و خەڵکەکەی بێدەنگ کرد. سەرلەنوێ لە بەرتاوانەکەی پرسییەوە:

- قانیع بوون یان هێشتا هەر ئەتانەوێ قسەبکەن.

- من پێم وایە جەنابتان تایبەتمەندییە ناگرنگەکان یان باشتر بڵێم لاوەکییەکانی ئەو دوو دیاردەیەتان لەگەڵ یەکتر بەراوردکرد. جا ئەگەر بەراوردکردن وابێ، خۆ ئەکرێ زۆر ئاسانتر مرۆڤ و کەر پێکەوە بشۆپێندرێن. چونکە هەر دووکیان لە سەر ئەرد ئەژین، هەردووکیان ڕێئەکەن، رائەکەن، هەڵدەبەزن و دادەبەزن، ئەخۆن، ئەخۆنەوە، ئەخەون، ئەچەکن، دائەنیشن و هەڵدەستێنەوە، ئەبینن، ئەبیسن... مرۆڤ ئەبێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکان لەگەڵ یەکتر هەڵسەنگێنێت، ئەگەر بەڕاست مەبەستی بەراوردکردنە. ئێوە زۆرێ تایبەتمەندی لاوەکیی هەتاو و مانگتان لەگەڵ یەکتر بەراورد کرد، کەچی چاوپۆشیتان لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان کرد. خۆر زاتیشکە، بەڵام مانگ تیشکەزایە. هەڵاتنی خۆر شەوی ئەنگوستەچاو ئەگۆڕێ بۆ ڕۆژی ڕووناک، بەڵام هەڵاتن و ئاوابوونی مانگ هیچ لە شەو ناکات. بۆ مرۆڤیش هەر وایە. کە بمانەوێ کەسی کۆیلە و ئازاد لەگەڵ یەکتر بەراوردبکەین ئەبێ گرنگی بدەینە تایبەتمەندییە بنەماییەکان.

- مەبەستتان لە تایبەتمەندی بنەمایی چیە؟

سکاڵالێکراوەکە خەریکە دەمبکاتەوە، کەچی لەم کاتەدا ئەفلاتوون سەر بە دەرگای دادگاوە ئەنێت و هەر هەموو دانیشتووان، بە لێژنەی داد و دادوەرەکەشەوە لە بەری هەڵدەستن. سکاڵالێکراوەکەش ناچار ئەبێ هەڵسێت و لە سەر پێوە ڕاوەستێ هەتا ئەفلاتوون لە شوێنە تەرخانکراوەکەی خۆی لە پاڵ دادوەرەکە دائەنیشێ. ئەوسا دادوەرەکە دێتەوە گۆ:

- هەنگاوتان لە سەر چاومان ئەفلاتوونی مەزن. ئەمە شانازییێکی گەورەیە بۆ هەر هەمووومان کە جەنابتان، گەورەترین فەیلەسووفی مێژوو لە دانیشتنەکەماندا بەشدار ئەبن. پێش لە تەشریفهێنانی جەنابتان هەوڵمان دا مژارێکی نائاسایی بخەینە بەر مشتوومڕ. ئێستا کە جەنابتان لێرەن، بۆ هەرهەمووومان باشتر و سوودبەخشترە کە مت بین، گوێ لە زانستیی بەرین و بێبنی ئێوە بگرین و ڕاستییە هەتاهەتاییەکان، لە زمانی ئێوەوە ببیستین. پێویست ئەکات کورتەی قسە و باسەکانی پێشتری خۆمانتان بۆ بگێڕینەوە؟

- بەرایی سوپاسی داوەتەکەتان و داوای لێبوردن ئەکەم بۆ درەنگ کەوتنەکەم. پێویست بە کورتەی باسەکە نابێ، چونکە تەوەرەکە ئەوە هەڵناگرێت و زیادە لە پێویستیش قسەی لە سەر کراوە و بەرگوێمکەوتووە.

ئەفلاتوون سەری بەرەو لای بەرسکاڵاکە ئەسووڕێنێتەوە.

- کوڕی باش تۆ پێت وایە کۆیلەش مرۆڤە؟

- ئەرێ.

- پێت وایە هەموو کۆیلەکان هەر وان یان ئەم موڵکەی تۆ کاڵای نایابە؟

- ئەو موڵکی من نییە، بەڵکوو یەک لە دۆسە باشەکانمە، کە لە ماڵەبابمدا لەگەڵ من گەورە بووگە. هەرچەن ئەو کەسێکی زۆر لێوەشاوەیە، بەڵام من پێم وایە هەر هەموو کۆیلەکان، تەنانەت کۆیلە گەمژەکانیش هەر مرۆڤن.

- هەتا ئێستا بیرت لە دژوازی ئەو قسەیەی خۆت نەکردۆتەوە؟!

- کامە دژوازی؟

- ئەگەر هەموو کۆیلەکان لە بنەڕەتدا مرۆڤ بن، ئەبێ هەموو مرۆڤیش کۆیلە بن.

- بۆ؟

- تۆ ئەم زاکۆنە بنەماییەی زانستناسی نازانی؟!

- مەبەستتان کامە زاکۆنی بنەماییە؟

- تۆ ئەبوایا بتهێڵایە فرەتر فێری باسە بنەڕەتی و هەتاهەتاییەکانی زانست بکرایای، بەرلەوەی پێت بنایاتە نێو ئەم شوێنە.

- هیچ زاکۆنێکی بنەڕەتی و هەتاهەتایی، بوونی نییە. کێ ئەم زاکۆنگەلەی ئافراندووە؟

- کەس، ئەگەر مەبەستت مرۆڤە، ئەم زاکۆنگەلەی ئافراندووە. بەڵام کەسانی لێوەشاوە، ئەتوانن بە بیرکردنەوەی قووڵ، ئەم زاکۆنگەلە بدۆزنەوە.

- هیچ زاکۆنێکی نەگۆڕ و هەتاهەتایی بوونی نییە، چونکە دیاردەکان دایمە لە گۆڕاندان.

- بۆ پێت وایە دیاردەکان بەردەوام لە گۆڕاندان. کێ ئەمەی وتووە؟

- هەموو شت و بوونەوەرێ بەردەوام لە گۆڕاندایە. دیوار بە هۆی سەرما و بارانەوە ئەڕووخێت و مرۆڤیش لە کاتی لەدایک بوونییەوە هەتا ساتەوەختی مردن  لە گۆڕانی بێپسانەوە دایە. بەڕای من هێراکلیتۆس زۆر بە باشی قامکی لە سەر ئەو ڕاستییە داناوە، کە مرۆڤ قەت ناتوانێ دوو جار پێی خۆی لە ئاوی چەمێکدا ڕۆبکات.

- من چاوەڕوان بووم قسەیێکی نەستەقی شەهید سوقراتت لێ ببیستم، نەک قسەی کەسێکی نەخوێنەواری وەک هێراکلیتۆس. ئەو کەسەی، تایبەتمەندییە ڕووکەشییەکان لای خۆی زەق کاتەوە، ئاساییە بکەوێتە سەر چەواشەڕێی ئاوەها پڕمەترسی. جەستەی مرۆڤ بە شێوەیێکی ڕووکەشی تووشی گۆڕان دێت. ئەو لەڕ و قەڵەو ئەبێتەوە، قژ و تووکی لێ سپی ئەبن، بەڵام هیچ مرۆڤێ نابێ بە کەر، با بیری کەرانەشی لە مێشکدا بێت. بیری چەواشە لەو لارێیەوە دەستپێئەکات وا پارامنیدێسی مەزن دەسنیشانیکردووە. ئەو کەسەی بە ڕێگای ڕوون و ئاسانی هەستەکانیدا بڕوات، تووشی هەڵخڵەتان دێت، چونکە هەستەکان کاتیی و فریودەرن. بەس ئەو کەسانە ئەتانن ڕاستییە پڕبایەخ و هەتاهەتاییەکان بدۆزنەوە وا ڕێگا دەسنیشانکراوەکەی پارامنیدێس، واتە ڕێگای تاریکی و بیرکردنەوە ئەگرنە بەر و ناهێڵن بە هەستە کاتیی و بگۆڕەکان بخڵەتێن. ئەزانم تێگەییشتن لەم زاکۆنە بنەڕەتیگەلە بۆ کەسانی ئاسایی ئاسان نییە، بۆیە هەوڵئەدەم بۆتی شیبکەمەوە. کە مرۆڤ وتی، بەفری تازە، سپیی تەواوە، هاوکات ئەوەش ئەڵێت کە هەر شتێکی تەواوسپیی، بەفرە. کە وابوو، کە تۆ گوتت، هەموو کۆیلەکان لە ئەساسدا مرۆڤن، دوابەدوایدا ئەبی بڵێی، هەموو مرۆڤێکیش کۆیلەیە.

ئامادەبووان دەست ئەکەنەوە بە چەپڵەلێدان. چەپڵەلێدانی ئەمجارە زۆرتر ئەخایێنێ، بەڵام کەس ناو و ناتۆرەی پیا نانێ. پاش ئەوەی هەراکە دائەمرکێتەوە، بەرگومانەکە دێتەوە گۆ:

- بەڕای من ئەکرێ جۆرێکیتر بۆی بچین. لە قسەکەی جەنابتان، بەفری نوێ، سپی تەواوە، بەو دەرەنجامە ئەگەین کە هەر شتێکی تەواو سپی ئەکرێ بەفر بێت، چونکە گەڵێ حاڵەتیتریش دێتە کایەوە. بۆ وێنە شتی تەواو سپی ئەکرێ پیاز یان ماستیش بێت. بۆیە لە ڕووی مەنتیقەوە ئەکرێ لە ڕستە ئاراستەکراوەکەی من، هەموو کۆیلەییێک مرۆڤە، ئەوە هەڵگۆزین کە هەموو مرۆڤێکیش ئەکرێ کۆیلە بێت، نەک ئەبێ کۆیلە بێت.

- قسەکەت ڕاستە.

ئەم ڕستەیە، خۆڵی مردن لە هۆڵەکە ئەپژێنێت. کەس چاوەڕوانی نەئەکرد ئەفلاتوونی مەزن ئاوەها سووک و ئاسان کۆڵ بدات و بەزیانی خۆی ڕابگەینێت. پاش تاوێ ئەفلاتوون ڕووی بەرەو لێژنەی دادەکە ئەسووڕێنێتەوە و پێیان ئێژێ:

- قسەکەی تەواو ڕاستە. ئێوە دڵنیان ئەو کۆیڵە نییە، لێکۆڵینەوەتان لەسەر بن و بنەچەی کردووە؟ بەس کەسێ ئەتوانێ بیروڕای وەها جەفەنگی لەسەر مرۆڤ هەبێ کە خوێنی کۆیلەکان بە دەمارەکانیدا بگەڕێت.

خەڵکەکە ئامجارە لە خۆشیاندا ڕادەبن و ئەیکەن بە هەلهەلە و قوولەکێشان. ئەبێ بە مقۆمقۆیێکی وەها تووش و درێژخایەن، کە بەس ئەفلاتوون بۆخۆی بە بادانی چەندجارەی هەر دوو دەستە هەڵبڕاوەکانی ئەتوانێ دایمرکێنێ. پاشان درێژە بە قسەکانی ئەدات:

- ئەرکی فەلسەفە، ڕووماڵینی دانراوە دژوازەکان و دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە وا لە ڕووکەشی درۆدا پێچراوەتەوە. ئەرکی ئێوەش وەک لێژنەی داد ئەوەیە، لەوە بکۆڵنەوە کە ئایا ئەو کەسێکی ئازاد یان بە بنەچە کۆیلەیە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەم باسە ڕوونبووەتەوە، باشترە واز نەهێنین لە شیکردنەوەی زیاتری، چونکە هەلێکی باشە بو

قسەکردن لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ڕاستییە هەتاهەتاییەکان، واتە فەلسەفە. بۆیە هەندێ پرسیاری تریش ئاراستەی تاوانبارەکە ئەکەین.

ئەفلاتوون ڕووی بەرەو تاوانبارەکە وەرئەگێڕێتەوە و لێی ئەپرسێ:

- چ تایبەتمەندییێکی ناوازەی هەیە ئەم دۆستەت؟

تاوانبارەکە وەک چۆنەری لێهاتووە:

- ئەو هەر هەموو شێعرەکانی هۆمێری لەبەرە.

- لە مانای ئەو شێعرانەش ئەگات یان بەس دووپاتیان ئەکاتەوە؟

- بۆ لە خۆی ناپرسن؟

- ئەگەر دیواری هاوسێکەتان بە سەرتا بڕووخێت، تۆ لە هاوسێکەت ئەپرسیتەوە یان لە دیوارەکە؟

- ئەگەر دیوارەکە بتوانێ قسە بکات، لە دیوارەکە ئەپرسم.

- ئەگەر میمکم کێری هەبوایا، ئێستە من مامێکم هەبوو. ئێمە لێرە باسی واقیع ئەکەین نەک خەونەزاکانی تۆ. لە هاوسێکەت ئەپرسی یان لە دیوار؟

- لە هاوسێکەم.

- زۆر چاکە،ئەمە وڵامێکی مەنتیقییە. مرۆڤ لە خاوەندار ئەپرسێتەوە، نەک لە خاوەنراو. تۆ ئەگەر مرۆڤێکی ئازاد بیت، بۆت هەیە موڵکی خۆتت لە لە نێو دادگاشدا لە گەڵ بێت. منیش ئەوەتا تەزبێحەکەمم لەگەڵە. دیسانەوە لێت ئەپرسمەوە، ئەم موڵکەی تۆ لە ناوەڕۆکی شێعرەکانی هۆمێر تێئەگات یان بەس دووپاتیان ئەکاتەوە؟

- ئەو لە مانای شێعرەکانی هۆمێر تێئەگات.

- دەی وان نییە، نەک هەر ئەو، بەڵکوو ئەتۆ بۆ خۆشت لە مانای شێعرەکانی هۆمێر تێنەگەیشتووی. ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەو شێعرە قووڵانەی هۆمێر تێبگەیشتبای، قەت نەتدەگوت ئەو ئەتانێ لە مانای ئەو شێعرانەی هۆمێر تێبگات. چون هۆمێر بۆخۆی گوتوویە، زێئووس نیوەی مێشکی ئەو مرۆڤە لێئەکاتەوە وا بە دیلی ئەگیردرێت. ئەی باشە چۆن ئەم کۆیلەیەی تۆ بە نیوە مێشکێکەوە لە ناخاونی ئەو شێعرە قووڵانەی هۆمێر تێئەگات، تازە ئەگەر ئەو کۆیلەیێکی زگماگیش نەبێت...بیستوومە ئەو بە هەر دوو دەستەکەی ئەتانێت هاوکات ڕستەگەلی جیاواز بنووسێت. ئەمە ڕاستە؟

- وایە، لە توانایدایە.

- سەبارەت بە چی ئەنووسێ، ئەتانێ سەبارەت بە زانستناسی، بۆ وێنە بەرواتا یان چیرۆکی ئەشکەوت بنووسێ؟

- ئەو ئەتانێ بە دەستێکی تراژیدیا و بە دەستەکەیتری هاوکات کۆمیدیا بنووسێت.

- پێشتر باسی ئەوەت کرد کە ئەو لاساییکردنەوە ئەزانێت و لە باسەکەماندا ڕوونبووەوە کە ئەو لە مانای ئەو نووسراوگەلە تێناگات. پێموابێ داواکارییەکەی پێشترم بۆ کۆیلەیێک، ئێجگار زۆر بوو. باشە با داوای شتێکی ئاسانتری لێبکەین. نووسین پێشکەشی خۆی. زمانی خۆ هەیە، هەر بە زمان پێمان بێژێت بەرواتا چییە و چیرۆکی ئەشکەوت چۆناوچۆنە. ئەتانێ باسی ئەم شتانەمان بە سەرپێی بۆ بکات؟

- چۆن ئەکرێ مرۆڤ باسی شتێ بکات کە هێشتا بەرگوێی نەکەوتووە؟!

- ئەوەیە جیاوازییەکە. مرۆڤ ئەتانێ بیر بکاتەوە و چیرۆکی نوێ بخوڵقێنێ، کەچی

کۆیلە بەس ئەتوانێ وەک تووتی لاسایی بکاتەوە. ئەو کەسەی بیری لای زانستناسی و ڕاستییەکانە، کوا کاتی ئەوەی هەیە لە کۆیلەیێک بڕوانێت کە بە هەر دوو دەستەکانی فشقیات ئەنووسێ. پیموایە هەموو کەس ئەتانێ، نەک بە دەست، بەڵکوو بە هەر دوو پێی خۆیشی هەڵیتوپەڵیت بنووسێ.

ئەم ڕستەیە قریوەی پێکەنین لە دانیشتووانی هۆڵەکە هەڵدەستێنێت. تاوانبارەکە دەمی وەک تەڵەی تەقاوی لێهاتووە. حەز ئەکات هەر ئێستە هۆڵەکە دەمکاتەوە و لەوێوە هەڵێت. قەت بیرینەئەکردەوە کۆڵەکەی هۆئارەکانی، ئاوەها ئاسان بڕووخێت. سەردائەخات و وەک لە ناو مژدا مێژەی دوورەدەست بکات، گوێ بۆ ئەو چیرۆکی ئەشکەوتە ڕائەگرێ، وا ئەفلاتوون خەریکی گێراندنەوەیەتی. چیرۆکەکە باس لە کۆمەڵێ پیاوی زنجیرکراو ئەکات کە لە ناو ئەشکەوتێکی تاریکدا ڕوو لە دیوار بەستراونەتەوە و هیچ نابینن جگە لە لە سێبەرەکانی جەستەیان کە بە هۆی ئاگرێکی هەرمانی پشت سەریانەوە لە سەر دیوارەکەدا دروست ئەبن. ئەوان سازاکانی سەر دیواری بەردەمیان وەک تاقە ڕاستیی ژیان پێناسە ئەکەن. هەتا ڕۆژێ کە یەکێ لەم دیلکراوانە، زنجیرەکەی خۆی ئەپچڕێنێت، ئەشکەوتەکە بەجێدێڵێت و جیهانی دەرەوەی ئەشکەوتی تاریکیی ئەبینێت. لەگەڵ گەڕانەوەیدا ڕاستییەکانی جیهانی دەرەوەی ئەشکەوتییان بۆ ئەگێڕێتەوە. بەڵام دۆستەکانی، کە لە سەرەتای ژیانیانەوە بە سازاکانی نێو ئەشکەوت ڕاهاتوون و وەک ڕاستی سەیریانکردووە، بڕوا بە قسەکانی ناکەن. ئەمان پاش ئەوەی ناتانن دۆستە بەرچاوکراوەکەیان بهێننەوە سەر باوەڕی خۆیان، ئەیکوژن.

ئانتیفۆن لای خۆی بیر ئەکاتەوە کە ئاخۆ ئەفلاتوون هەمان کەس نییە وا ئەشکەوتی نەزانینی بەجیهێشتووە، تۆ بێژی ئەفلاتوون ئەو فەیلەسووفە بێت وا ڕاستییە نادیارەکانی بە چاوی خۆی دیوە؟ ئەگونجێ تایبەتمەندییە ڕووکەشییەکانی نێوان کۆیلە و مرۆڤ ئەمی خڵەتاندبێ؟

لەم نێوانەدا کەسێ پرسیاری ناو مێشکی ئەم ئاراستەی ئەفلاتوون ئەکات:

- چۆن ئەبێ ڕاستییە هەتاهەتاییەکان بدۆزینەوە؟

ئەفلاتوون دوورێک لە دەرگای دادگا ڕائەمێنێت، بە ئارامی دەست بە ڕیشە سپییەکەیدا ئەهێنێت و ئەڵێت:

- بەس یەک ڕێگا بوونی هەیە، مرۆڤ ئەبێ لە خەونەزا و و وەکهەسە درۆیینەکان پارێز بکات و بەس بیر لە بەرواتا بکاتەوە. هەوڵ ئەدەم بە مەتەڵێک باسەکەتان بۆ شیکەمەوە. گۆزەگەر لە خۆڵ گۆزە دروست ئەکات، بۆیە زۆرینەی خەڵک، گۆزەگەر بە ئافرێنەری گۆزە ئەزانن. بەڵام گۆزەگەر ئافرێنەری گۆزە نییە، بەڵکوو ئەو کەسەیە وا بە لاساییکردنەوەی بەرواتای گۆزە، گۆزەیێک ئەخوڵقێنێ. هەرچەن گۆزەگەر لاساییکەرەوەی بەرواتای گۆزەیە، کەچی کارەکەی ڕاستەقینەترە لە کاری ئەو نیگارکێشەی وا وێنەی گۆزە ئەکێشێ، چونکە ئەمەی دوایی دووجار لاساییئەکاتەوە، جارێکیان لاسایی کاری گۆزەگەر و جارێکیش لاسایی بەرواتای گۆزە. ئەو کەسەی بیەوێ لە واتای ڕاستەقینەی گۆزە تێبگات، ئەبێ ڕووکەشە فریودەرەکان و خەونەزا باوەکان فرێ بدات و بەس بیر لە بەرواتای گۆزە، واتە پێویستی و قازانجەکانی گۆزە بکاتەوە.

تاوانبارەکە بیر لە پێویستیی و قازانجەکانی کۆیلەداری ئەکاتەوە. ئایا دروستکردنی ژیار بە بێ کۆیلەداری ئەکرێت؟ ڕەنگە کۆمەڵگاکان لە پاڵ چوار پلەی سەرەکیی، پێویستیان بە چینی کۆیلەش بێت. بەڵام ئەگەر هەموو شتە خوڵقاوەکان بەس لاساییکردنەوەی بەرواتا بن، هەموو ئافراندنێ لە مێژوودا بێمانایا، چونکە هەموو شتەکان بەر لە خوڵقانیان، وەک بەرواتا بوونیان هەبووە. مانای ئەمەش ئەوەیە کە هیچ ئافرێنەرێ لە مێژوودا نەبووە، چونکە ئافراوەی هەموو ئافرێنەرەکان، بە خوا و خواژنەکانیشەوە، ئەبێ بەس دۆزێنەری بەرواتا بووبێتن.

بەڵام کێ بەرواتای خوڵقاندووە. ئەگەر ئەوێ دادگا نەبوایات و ئەو بەرگومان نەبایا، لەوانەیە ئەم پرسیارەی ئاراستەی ئەفلاتوون بکردبایا. ئەو ناچارە لە تووناوتوونەکانی ئەم پرسانەدا بخولێتەوە، هەتا ئەرەستوو هەڵدەستێتە سەر پێ بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ مامۆستاکەی:

- ئەز باوەرم، بەرواتا هیچ وڵامێکی گونجاو بەم پرسە فەلسەفییە ناداتەوە کە بنەچەی شتەکان چییە. ئەگەر هەموو شتێ لە سەر ئەساسی بەرواتاییێک خوڵقابێ، ئەبێ جیهان کۆن و داڕێژراو بوویێت. ئێمە ئەبێ جیهان وەک خۆی سەیر بکەین. ئەز باوەرم ئێمە نەک لە ناو ئەشکەوتێکی تاریک، بەڵکوو لە جیهانێکی ڕاستەقینەدا ئەژین و ئەتانین لە ڕێگای هەست و تێگەیشتنمانەوە شتەکان بناسین. بە باوەڕی من، مرۆڤ ئەبێ ڕاستی لە ناخواتای ڕاستەقینەی توخمەکاندا بدۆزێتەوە نەک لە بەرواتاییێکی کۆن و خەیاڵیدا. وەک وتم مرۆڤ ئەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەستەکانی خۆی، ڕاستیی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەبێ تایبەتمەندییە ڕووکەشی و لاوەکییەکان ڕابماڵێ. لە مێشکی خۆتاندا وێنای پەیکەرەتاشێ بکەن کە بە هێزی داهێنانی خۆی سێ پەیکەرەی هاوشێوە، لە سێ توخمی جیاوازی، زێڕ، برێنجە و بەرد ئەتاشێت و پاشان هەر هەموویان وەها بە جوانیی و شارەزایی ڕەنگ ئەکات کە هەر هەموویان وەک یەک بنوێنن. لە یەکەم هەنگاودا، مرۆڤ ئەبێ ئەو ڕەنگە ڕووکەشییە لە پەیکەرەکان بسرێتەوە. ئەوسا هەر کامە، توخمی خۆیان دەرئەخەن. بەڵام لێرەشدا ئێمە هێشتاکە ناتوانین ناخواتای ئەو سێ پەیکەرەیە بناسینەوە، چونکە ناخواتای ئەم شتگەلە لە گەڵ شێوەدا ئاوێتە و چەواشە بووە. لەم نموونە گریمانەییەدا سێ توخمی لە بنەڕەتدا جیاواز، بە هۆی ڕوخساری یەکسانەوە، وەک یەک ئەنوێنن، سەرەڕای ئەوەی هەرکامەیان ناخواتا و بایەخی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. بویە ئەو ڕوخسارە ڕووکەشییە ئەبێ برووخێت یان چاوپۆشی لێ بکرێت، بۆ ئەوەی لە ناخواتای توخمەکان نزیکتر بینەوە. لە دوایین هەنگاودا ئەبێ هەرهەموو تایبەتمەندییە دەرەکییەکان وەک، قورسایی، بارستایی، پێکهاتە و هتد دابماڵین بۆ ئەوەی ڕاستیی

ڕەهای هەر کامە لەم سێ توخمە، واتە ناخواتاکانیان لە یەکتر جیا کەینەوە.

دادوەرەکە لە ئەرەستوو ئەپرسێ:

- باشە ناخواتای کۆیلە چییە؟

- کۆیلە، ئاژەڵێکی قسەکەرە.

- زۆر دروستە، مامۆستاکەمان قوتابییەکانی باش پەروەردەکردووە.

پاشان بە ئامادەبووانی هۆڵەکە ڕائەگەیێنێ:

- بۆ دەرکردنی بڕیار لەگەڵ لێژنەی داد ئەکەوینە ڕاوێژ.

لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە ترس گیانی تاوانبارەکە دائەگرێ. باش ئەزانێ کە ئەفلاتوون ڕێگاییێکی پیشانی لێژنەی داد داوە، بە بێ ئەوەی پێویست بکات دەستێوەردانی زاکۆنەکانی سولۆن بکەن، بتوانن بیکەن بە کۆیلە. ئەگەر بەدواداچوونەکانی توێژەرانی داد بگاتە ئەو ئەنجامەی کە یەک لە باپیرە دوورەکانیشی کۆیلە بووگن، نەک هەر ئەو، بەڵکوو منداڵ و بن و بنەچەشی چارەنووسی کۆیلەتیان بە سەردا دائەسەپێت. لەوانەیە ئەمە پیلانێکی پێشتر دارێژراو بووبێ... یانێ بتوانن وا سووک و ئاسان نکۆڵی لە پلەوپایەی بەرزی باو باپیرانی من بکەن؟ ئەگەر ڕاشکاوانە پێداگری لە شوناسی خۆم بکەم، ڕابردووی پڕ لە سەروەری بنەماڵەم وە بیرئەهێننەوە. هەوڵئەدات خۆی بۆ وتارێکی حیماسی ئامادە بکات، کەچی دادوەر، ڕاستەوخۆ حوکمەکەی ڕائەگەیێنێ.

بڕیاری دادگا گەلێ سووکترە لەوەی ئەو چاوەڕوانیئەکرد. ئەبێ پارەی دەرچووی دادگاکە لە ئەستۆ بگرێت و ئاژەڵە قسەکەرەکەشی ماوەی شەش ساڵ لە باتی کەر، بەردی ئاش بسووڕێنێتەوە. زۆربەی دانیشتووانی ئەو کاتەی ئاسینا، ئەم بڕیارەیان بە

دادوەرانە پێناسە کرد، هەرچەن ئەمڕۆ سەیر ئەنوێنێ. ئەمڕۆ بۆ ئێمە تەسەوەری ئەوەی مرۆڤێ لە شوێنکاری کەرێکا کار بکات ئاسان نییە، هەرچەن بە کردەوەش ئەو کارە بکات. بێگومان کاری ئەو کەرەی وا بەردی ئاش ئەسووڕێنێتەوە، زۆر ماقووڵانەتر لەم کارەی ئێستای منە. ئەو دەخڵ و دان ئەکات بە ئارد و خەڵک ئەیخۆن. دەرەنجام و مانای ئەم کارەی ئێستای من چییە. لە سەر پەیژەییێکی بەرزدا دانیشتووم و خەریکم بە چەرمەسەری هەمان کاغەزگەلێ لە شووشە و دیوارەکان ئەکەمەوە وا خۆم چەن ڕۆژ بەر لە ئێستا پێوەیانم لکاندبوو. ئەم کارەی من چ ماناییێکی هەیە جگە لە خەڵک خڵەتاندن؟ ئەم کاغەزە سپی و هەرزانانەی، من لکاندبووم، حەوتەییێکی تەواو دەوری شاشەی سینەماییێکیان ئەگێرا بۆ مێرسێدێس بێنز و لە سەریدا بریق و باقی نوێترین و گەشاوەترین تەکنۆلۆژیای سەردەم پیشانئەدرا. بە دەگمەن کەسێ لەو مێلیۆنەها بینەرانەی جیهان، زانیبێتی ئەو کەشووهەوا خەیاڵاوییەی وا ئەوان وەک بەردی ڕەنگامە و قوماشی گرانبەها، لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانیان دیویانە، بەس تیشکی ڕەنگاورەنگی ئەو پرۆژێکتۆرانە بووگن وا لە سەر ئەو کاغەزە هەرزانگەلە سەمایان کردووە کە منی پەنابەر، کرێکاری ڕەش، بەرامبەر بە هەقدەستی حەوت یۆرۆ لە ساعەت، بە دار ودیوارەکانەوەم لکاندووە. ئێستاش ئەبێ هەر هەمان کاغەزگەلە وەها بە باشی لە پەنجەرەکانی مۆزەخانەی مێرسێدێس بێنز بکەمەوە، کە هەموو کەس وەرزی نمایش لە بیر بکات و خۆی سەرلەنوێ لە وەرزی بەرهەمهێناندا ببینێتەوە. لە چەن کاژێری داهاتوودا هەموو کەرەسەکانی ئەم شانۆیە، مێزەکان، کورسییەکان، پرۆژێکتۆرە ڕەنگامەکان و هەر وەها ئەو قاپە ئاسنانەی وا دەوری کۆڵەکە ئەگێڕن بۆ دیوارە کاغەزییەکان، ئەخرێنە نێو سنۆقە تەرخانکراوەکان و ئەبرێنەوە بۆ نێو هەمارە دیاریکراوەکان. پاشان سەرلەنوێ وەرزی بەرهەمهێنان دەستپێئەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە پیشانگای شکۆدارتری داهاتودا، سەر لە نوێ چاوی بینەرانی تەکنۆلۆژیای سەردەم، بلکێ بە شاشەی تەلەڤیزیۆن و گۆڤارە بریسکەدارەکانەوە.

من هەوڵ ئەدەم ئەزموونەکانی ڕۆژانی ڕابردووی خۆم لەم مۆزەخانەیە بە بێ موبالێغە بگێڕمەوە، بەڵام بەڕاستی ناکرێ بە شان و باڵی شتێکدا هەڵبدەی وا لە خۆیدا ئەوپەڕی زلاندنە. ئەوەی ئەمهەوێ لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێ بدەم، ئەزموونێکی تاکەکەسی خۆمە کە بەڕیکەوت تووشی بووگم. ئەکرێ ڕۆژانە مێلیۆنەها لەم ڕووداوانە ڕوو بدەن، بەبێ ئەوەی کەس بیاننووسێتەوە یان وێنەیان لێ بگرێ. بەڵام من ئەم ڕووداوەی ناو مۆزەخانەی بێنز زۆر ئاوارتە ئەبینم، چونکە بەڵگەیێکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سەلماندنی تاکڕەهەندێتی سیستەمی ئابووری ئێستای جیهان. بە درێژایی نۆ ڕۆژی ڕابردوودا بەردەوام لە خۆمم پرسیوە، بۆ شەریکەیێکی لە جیهاناناسراوی زەنگینی وەک دایملا بێنز بۆ پیشانگا تایبەتی و ساڵانەکەی خۆی ڕەشەکرێکار ئەگرێ؟ بە مەزەندەی من ئەم شەریکەیە سی کەسی پێویست ئەبێ بۆ ئەوەی پیشانگا ساڵانەکی لە شەست کاژێردا دامەزرێنن و کۆی کەنەوە. باشتر بڵێم:

٣٠×٦٠=١٨٠٠

تێچووی ئەم ١٨٠٠ کاژێرە بو شەریکەی بێنز ئەبێ بە ٤٥٠٠٠یۆرۆ، ئەگەر بۆ هەر ساعەت ٢٥ یورۆش بدات. لە ڕۆژی یەکەمەوە لە خۆم ئەپرسم ئاخۆ ٣٣٠٠٠ یۆرۆ، پارەی یەک سەیارەی ئاسایی پاشکەوت کردن، بۆ کارخانەی زەبەلاحی بێنز ئەوەندە ئەهێنێ کە ڕێگە بدات ٣٠ ڕەشەکرێکار، نایاسایی و بە بێ بیمەی تەندروستی بەم دار و دیوار و پەیژە بەرزانەدا هەڵشاخن؟! بێگومان دایملا بێنز بۆ سی و چەن هەزار یورۆ خۆی ناخاتە مەترسییەوە. یان ئەبێ گیانی ئەم پەنابەرگەلە لەم وڵاتەدا زۆر بێبایەخ بێت، یان کۆی ئەو قازانجەی ئەم شەریکانە لە ڕێگای کرێکارە ڕەشەکانەوە دەستیئەخەن، ئێجگار زۆرتر لەم حسابانە بێت. ئێستا بە مێلیارد خەڵک لەم جیهانەدا لە ژێر ناوگەلی ڕەشەکرێکار، برەکرێکار، کرێکاری ئەزموونی، مناڵەکرێکار و دیکەی کۆیلەکانیتری سەردەم ، کار ئەکەن، کە لە توانایاندا نییە لە هیچ دادگاییێکی ئەمڕۆکەدا بە فەیلەسووفە پسپۆڕەکان بسەلمێنن کە ئەمە دزییە، کە

کەسێ وا بەس دوو دەستی هەیە، میلیۆن جار یان نە تەنانەت دە قاتی ئەوان پارەی دەستەکەوێ.

بە پەیژەکەدا دائەگەڕێم، بۆ ئەوەی بچم بە دوای سەرکرێکارەکەماندا. ئەو کەسێکی لەشسووکە و بەردەوام بەم ناوەدا ئەخولێتەوە، بۆ ئەوەی کەس دەرەفەتی تاوێ وچاندانی دەستەکەوێ. کەچی نە لە شوێنی خستنە سنۆقی کەلووپەلەکان بەرچاوم ئەکەوێ، نە لە کن ئەو کرێکارانەی  وا خەریکی گسک دان و شۆردنی ئەردی هۆڵەکانن، بەڵکوو لە شوینی کەڵەکە کردنی زبڵەکاندا. زۆر بە وریایی چاویداگرتووە نەکا شتێ تووڕ بدرێت کە لەوانەیە بۆ پیشانگاکانی ساڵانی داهاتوو کونێکی پێ پڕ بکرێتەوە. تەنیا شتێ وا ئەکرێ بە بێخەم و پرس فڕێ بدرێت ئەو کاغەزە سپی و چرچ و لۆچانەن وا ئیتر بۆ ئەوە نابن دەوری پەردەی سینەما بگێڕن. بەرلەوەی پێم بێژێ بۆ لەمناوە خولەت دێت لەباتی ئەوەی وەک مشک دارودیوار بکرِنی، دەستی خۆم ئەخەمە بەر.

- ئەمەوێ دەست لە کار بکێشم.

- بۆچی؟

- کاری زۆرم هەیە.

- بەڵام کارەکامان هێشتا تەواو نەبووە. ئەکرێ گەورەیی بکەن و چەن سەعاتێکیتر کار بکەن. ئەمڕۆ ئەبێ هیچ لە ئەرز و دار و دیواری هیچ کامە لە قاتەکاندا نەمێنێتەوە، چونکە بەیانی ئەبێ هەموو ئەردەکان بشۆین.

- نە ئەمڕۆ و نە بەیانیش بۆ دەقەیێکیش چییە کار ناکەم.

- ئەگەر شتێ ڕوویداوە، مەمنوونتان ئەبم پێم بڵێن.

- نە هیچ ڕووی نەداوە. کاری خۆم هەیە.

- دەی باشە، ئەتانن خۆتان بگۆڕن. ئەو پیاوەی هێناونی هەقدەستەکەتان پێ ئەدات.

- کێشە  نییە.

کە ئەگەڕێمەوە بۆ ناو هۆڵەکە، هاوژوورەکەی کەمپی پەنابەرانم ئەبینم. وەک هەڵۆ چاو ئەگەڕێنێ بە دوای ئەو داشقە و پاشقانەی وا ڕەشەکانیتر خۆیان لە کۆکردنەوەی گێل کردووە. هەر کە ئەمبینێ ئێژێت:

- خۆت مەخە بەر چاو. ماندووی بچۆ لە ئاودەسا خۆت بخلافێنە.

- دەس ئەکێشم.

بۆ؟!

- لە گەڵ سەرکرێکارەکە قسەم کرد. هەر ئێستا ئەبێ بچم. دۆستێکم داوەتی کردووم بۆ شام.

- جارێ خۆ هەر سەرەنیوەڕۆیە. لە ئاڵماندا باشی نابینن، زوو بچیتە سەر دڵیان.

- ئەزانم، بەڵام ئەبێ خۆم بشۆم و دیاریێکیش بکڕم.

- بەیانی خۆ دێیت؟

- نە، بەیانیش هەر کارم هەیە.

- دەی باشە شەو هەقدەستی ئەم دوو ڕۆژەت ئەدەمێ.

- ئەگەر زوو گەڕامەوە.

کڕین و خۆشۆردنەکەم پێکەوە هێندەی دۆزینەوەی ماڵی کێرستێنی پێنەچوو، سەرەڕای ئەوەی لە نێزیک ماڵەکەیان، واتا خانووی ژمارە ٧٥ دابەزیبووم. لە ئاڵماندا خانووەکان بە ژمارە ئەناسرێن نەک بە ناوی خاوەنەکانیان، بۆیە لەبیرکردنی ژمارەی خانووەکە، دەوەرەی چاکی پێدام. نەمدەزانی لێرەدا ژمارەی خانوو، نەک یەکێ لە کەرەسەکان، بەڵکوو تاکە کەرەسەی دۆزینەوەی ماڵەکانە. تازە ئەو کاتەی کێرستێن بۆ خۆی ئایفۆنەکەی هەڵگرت ، دڵنیابووم، ئەو خانووە دڵکەشە، هی ژنە جوانە چاو فیرۆزەییەکەیە. دەرگای باخەکە کرایەوە و داوەتکرام بەرەو دەرگای خانووەکە. باخەماڵەکە وەک جەنگەڵێکی دەستلێنەدراو وابوو. مرۆڤ بەس ئەیتانی بە باریکەمێرگێکدا بەرەو ماڵەکە بپەڕێتەوە کە هێشتا بنچکە تووترکەکان داگیریان نەکردبوو. هەستێکی خۆش دایگرتم و لەوابوو گوڵدانەکەم دابنێمە سەر ئەرد و چەن مشت لەو تووترکە ڕەش و گەورانە بکەنمەوە، ئەگەر دەنگی خاوەنماڵەکەم نەهاتبایاتە گوێ.

- بە خێر بێن بۆ ماڵەورچەکەمان. بە داخەوە کەسمان تاقەتی پێراگەییشتن بەم بێشەڵانەمان نییە.

- ماڵەکەتانم هەر زۆر بە دڵە، بە تایبەت ئەم گوڵە ڕەنگینە خۆڕسکانەی وا دیواری خانووکەتانی داپۆشیوە. ئێستا تێئەگەم بۆ درەنگ خانووکەتانم دۆزیەوە. جا خۆ ڕەنگی خانووەکە لە ژێر ئەم گۆڵانەوە هەر دیار نییە.

- لە زستاناندا زەردە.

- پەلەم کرد. ئەبوایا بوەستایام هەتا زستان.

زۆر بەرز و بە جوانی ئەداتە قاقای پێکەنین و گوارە گەورەکانی لە گویدا ئەکەونە ڕاژان. هاوکات دەستی ڕائەکێشێت و گوڵدانەکەم لێ وەرئەگرێت.

- ئەی لەو گوڵە جوانانە.

- بە جوانیان ئەزانی، چۆن هاوڕەنگی چاوەکانی خۆتن.

- بەڕاست، ناوی چییە؟

- نازانم. چۆنە ناوی بنین، چاوەکانی کێرستێن.

- یان دیارییەکەی شارام. زۆر سپاس بۆ دیارییەکەت.

دائەنەوێتەوە و گوڵدانەکە لە پاڵ دەرگاکە دائەنێت. کە هەڵدەستێتەوە تۆقەم لەگەڵ ئەکات، هاوکات سەریشی دێنێتە پێشەوە بۆ ماچ و مووچ. قژە تەڕەکانی بەر پێستی ڕوومەتم ئەکەون. بە دەست ئاماژە ئەداتە دەرگاکە.

- فەرموو بچۆ ماڵەوە.

هەرچەن ئەمزانی لە ئاڵماندا پێویست ناکا پێڵاوەکەم لە پێ داکەنم، کەچی لەخۆوە دانەویمەوە . باش بوو ئەو پێش من کەوتبوو بۆ ئەوەی دەرگاییێکیترم بۆ بکاتەوە. ناوەوەی ماڵەکەش زۆر خۆماڵیانە بوو، بە بێ هیچ ئاسەوارێ لە شتی گرانبەها. ژووری دانیشتنەکە بە قەد نیوەی هۆڵە ئاساییەکانی نێو ئێران بۆو هەموو کەلووپەلی ناوماڵەکەش شتێ بەکەڵک و پێویست بوون. موبلە کۆنە کاهییەکان، مێزێکی دارینەی بۆری نانخواردن و تاقمە کورسییەکانی. سەر مێزەکە بەس لەبتۆپێک و هێندێ کاسە و کوچەڵەی لێبوو. کتێبخانەکەم کاتێ کەوتەبەرچاو کە لام کردەوە لێی بپرسم کە ئایا بۆم هەیە لە نیگار و وێنە خێزانییەکانیان بڕوانم. لە وڵامدا وتی چاویان داناوە بۆ دیتن. تەنانەت ئەو سێ تابلۆیەش وا لە قاپی ئاساییدا بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون، وەک ڕازێنەر نەیانئەنواند. لێم پرسی ئەو تابلۆیانە ئەسڵن. لە وڵامدا وتی، ئەوەی ئاگوست ماکە ئەسڵە، بەڵام هەر دوو تابلۆکەی سالوادۆر دالی لەوا

ئەچن کۆپیکراو بن. پازدە ساڵی لەوەوپێش بۆ خۆی بە ناوی ئەسڵەوە  لە ئیتالیا کڕیبووی، بەڵام دواتر لە ڕۆژنامەدا خوێندبوویەوە کە  کابرایێک زۆربەی تابلۆکانی دالی کۆپی کردووە و فرۆشتوونی. لێی پرسیم:

- حەزت لە کاپۆچینۆیە یان چا؟

- خۆت چی ئەخۆیتەوە بۆ منیش بێنە.

- دەی ئەو کۆڵەپشتیەتم بەرێ با بە ڕاحەت دانیشی هەتا من کاپۆچینۆکە ئامادە ئەکەم.

- حەز ئەکەم پێمبێ. دیارییێکی تیایە بۆ زۆراو.

- ڕەشەگوڵ نەبێ؟

- نە، قەڕابەیێکە پڕ لە ماسیی بێڕەنگ.

- دەی با هەر بە خۆت بێت، من حەزم لە ماسی نییە.

لە دەرگاییێکی کراوەوە، سەر بە ناو بەرهەیوانێکی جوانا ئەکەم. ساباتێ وەکوو هەموو باڵکۆنەکانی ئەم وڵاتە پرپارانە، لە باتی خۆر، بەرهەیوانەکە لە باران ئەپارێزێ. بەرهەیوانەکە بە سەر حەوشێکی گەورەدا ئەڕوانێ کە کۆمەڵێ مێز، کورسی و کورسیخەوی پلاستیکیی ڕوونی لێیە، کە بەکەڵکی بەر باران و خۆریش دێن. بە پێچەوانەی بەرباخەکە، حەوشەباخەکەیان لە ساقەی سەری ڕۆبۆتێکی چیمەنبڕەوە زۆر ڕێک و پێک و پێڕاگەییشتووە. ڕۆبۆتەکە بەردەوام بە نێو حەوشەکەدا ئەسووڕێتەوە و گژووگیاکان ئەبڕێتەوە، بە بێ ئەوەی لە  درەختەکان و کەلووپەلەکانی ناو حەوشەکە بدات یان بکەوێتە نێو ئەستێرکە گەورەکەی ئەوسەری حەوشە. بە پلیکانەکاندا دائەگەڕێم و بەرەو مێزێکی گەورەی نێوەڕاستی

حەوشەکە ئەچم. لە سەر کورسیێک دائەنیشم و بۆخۆم سەیری لەوڕیانی بە کاوەخۆی ڕۆبۆتەکە بە ناو چیمەنەکەدا ئەکەم، هەتا کێرستێن ئەگەڕێتەوە.

- زۆراو زەنگی بۆدام و داوای لێبوردنی کرد بۆ درەنگکەوتنی. ئەیگوت بۆ نیو سەعاتی تر لێرە ئەبێ.

- کێشە نییە، خەریکم چێژئەبەم لەم حەوشە و باخە جوانەتان.

سینیەکەی دەستی لە سەر مێزەکە دائەنێت و بەرامبەرم دائەنیشێ.

- زۆراو زۆر باسی تۆی بۆ کردووم. زۆر خوشحاڵم کە سەردانمانتکرد.

بە پێکەنینەوە لێی ئەپرسم:

- بە باشی باسیکرددوم یان بە خراپە؟

- جا بۆ مەگەر کورد لای ناکورد باسی خراپەی کورد ئەکات؟!

- لەوانەیە تۆش کورد بیت، چونکە هەمیشە بە باشە باسیکردووی.

- دەی ئەبێ بڵێم، کورد قەت لای کەسی غەوارە بە خراپە باسی کورد یان خێزانی خۆی ناکات.

- ڕەنگە وابێ. کوردگەل لە ناو خۆیاندا دایمە خەریکی شەڕ کردن و ناو و ناتۆرە نانن، کەچی بەرامبەر بە ناکورد دەمارگرژانە بە کوردگەلا هەڵئەدەن. ئاڵمانیگەل وا نین؟

- تۆ ئەبێ بێژی. ئاڵمان چۆن ئەبینی؟

- ئەگەر تۆ لە جێی من بوایای ئەم وڵاتەت چۆن ئەدی؟

- من نازانم تۆ لە چ بارودۆخێکدای.

- ئەگەر ئێستە پۆلیس من لەم ماڵەی تۆدا ببینێ قوڵبەستم ئەکات.

- بۆ؟!

- چونکە مالەکەت دوو ئێزگە لەو بازنەیە دوورە وا من بۆم هەیە تیایا بخولێمەوە.

- پێشتر بیستبووم پەنابەرەکان بۆیان نییە لە شار دەرکەون، بەڵام ئێرەش هەر شتووتگارتە.

- وایە، بەلام زیندانەکەی من لە شتووتگارت بچووکترە.

- تۆ نابێ وا بیربکەیتەوە. هیچ پۆلیسێ ناتانێ لەبەر شتێکی ئاوەها جەفەنگ بتگرێ. لەوانەیە بە پارەیێکی بچووک جەریمەبکەن، بەڵام ناتانن کەسێ کە بەس دوو ئێزگە ئەولاتر لە بازنەیێکی بێمانا دابەزیوە قوڵبەستبکەن. ئەم وڵاتە ئەوەندەش هەرکەبۆخۆی نییە.

- نازانم چی ڕووئەدا، ئەگەر پۆلیس پەنابەرێ لە دەرەوەی بازنە بۆ دیاریکراوەکەیدا ببینێتەوە، بەڵام من سێ مانگ زیندانیئەکرێم.

- داوای لێبوردن ئەکەم، بەڵام هەستئەکەم خەریکی باسەکە گەورە ئەکەیتەوە. بە چیا ئەزانی؟

- چونکە لە دادگادا ئەوەیان پێوتم.

- بۆ مەگەر پێشتر لە دەرەوەی بازنەکەتدا گیراوی.

- نە، بەڵام لە دادگادا سێ مانگ زیندانی هەڵپسێردراوم بۆ بڕاوەتەوە، چونکە بە

پاسپۆرتی دەسکردەوە هاتوومەتە نێو ئاڵمان.

- ئەوە شتێکیترە، ئەمە یاسایە.

- بەڵام یاسایێکی گەوجانەیە.

- بۆ گەوجانە؟ لە هەموو وڵاتێکدا بەڵگەی ساختە تاوانە.

- ئەزانم، گەمژەیی گشتگیرە.

- بۆ گەمژەیی؟ هەموو کۆمەڵگاییێک پێویستی بە یاسایە، ئەنا هەردی لە بان بەردەوە نامێنێ.

- بەڵام نەک یاسای وا قۆڕ.

- بۆ قۆڕ؟! ئێمە خۆ نابێ بە مەیل و بەرژەوەندی خۆمان یاساکان دابەشکەینە سەر قۆڕ و ناقۆڕ. کێ ئەتانێ سنوورێکی دیار لە نێوان چاک و خراپیی یاساکاندا دیاری بکات؟

- من سزا دیاریکردن بۆ کارێ کە نەکردنەکەشی هەر تاوان بێت، بە گەوجانە ئەزانم.

- تێناگەم مەبەستت چییە.

- کەس بۆی نییە بە پاسی ئەسڵیشەوە هەڵبێت بەرەو ئاڵمان. ئەگەر من بمتانیایا بە پاسپۆرتی خۆمەوە بێم بۆ ئێرە، ئەمیانگەڕاندەوە بۆ ئێران. بیانووشیان ئەوە ئەبوو کە ئەگەر گرفتی سیاسیم بوایا نەمئەتانی بە پاسپۆرتی خۆمەوە لە ئێران دەرکەوم. مانای ئەمە چییە؟ لە باتی خەڵک فریودان سووک و ئاسان بێژن، ئەوەی گرفتی سیاسی هەیە، بە پاس و بێ پاس بۆی نییە بەرەو ئاڵمان بێت.

- مەچۆ بان سکی خۆت. کاپۆچینۆکەت بخۆرەوە. دنیا بۆ ئێمە دروس نابێ.

پەرداخەکەم هەڵئەبرم و قومێکی بچووک لە کاپۆچینۆکە ئەخۆمەوە و دووری لەو ڕۆبۆتە سوورە ڕائەمێنم وا بێ پسانەوە بە ناو باخەکەدا ئەسووڕێتەوە و تەڕەگیا کاوێژ ئەکات . ئەو بەردەوام ئەڕاوت و ئەلەوەڕێت بە بێ ئەوەی ڕەوتی هاتووچۆو گیزەگیزی، بچووکترین گۆڕانی بەسەرا بێت. گرنگ نییە گەزنە بجاوێ یان پەپکەچەورە. کێرستێن سەرلەنوێ لێم ئەپرسێتەوە.

- شارام، تاسەی کوردستانت نەکردووە؟

- نە.

- بەڕاست؟!

- بۆ ئەبێ تاسەی بکەم؟

- گەرەکتە بێژی قەت تاسەی شار و وڵاتی خۆت ناکەی؟

- من تاسەی ئەو شار و وڵاتگەلە ئەکەم وا هێشتا نەمدیون.

- بەڵام هەموو مرۆڤێ مەراقی گەڕانەوە بۆ شوێنکاتی منالێ خۆی هەیە.

- ڕەنگە من مرۆڤ نەبم.

- ئێمە هەمان شتین وا هەین و ناتانین وەک مار کاژ بخەین. مادام مرۆڤ بین، لە ناو پێستی منالی خۆماندا ئەژین.

- ئەگەر ئەم زاکۆنە دەروونناسانەیە هیچ ئاوارتەیێک هەڵنەگرێ، یان من تووشی بیردۆران بووگم، یان هێشتاکە هەر منالم، چۆن تاسەی شوێنی لە دایکبوونی خۆم

ناکەم.

- لەوانەیە دوو ساڵ بەس نەبێ بۆ لەبیرکردنی بیرەوەرییە تاڵەکانت.

- ڕەنگە.

- هەتا چەن مانگی لەوەو پێش زۆراو بەردەوام ئەیگوت کە قەت نایهەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، کەچی ئێستا تاقەتناگرێ هەتا دوو مانگی تر چاوەڕوانبکات. بە ڕای من زۆر کوشەندەیە کە مرۆڤ نەتوانێ نیشتمانی خۆی ببینێتەوە.

- بە ڕای من بۆ هەموو شوێنێ هەر وایە.

- ناکرێ شوێنی لە دایک بوون لە گەڵ شوێنەکانیتر بەراورد بکرێ. مێلیۆنێ شار لەم جیهانەدا هەن کە دیتن و نەدیتنیان بە لای منەوە قەت گرنگ نییە، هەرچەند بۆ دانیشتووانی خۆی ئێجگار خۆشەویستیش بن.

- ئەتەوێ گرەوێکم لەگەڵ بکەی؟

- چ گرەوێ؟

- ڕێکەوتننامەیێک ببەستین. من چی پارەم هەیە، هەفسەد یۆرۆ، بە تۆی ئەدەم. لەبری ئەوە بۆم بنووسە کە هەتاکوو ماوی نابێ سەردانی هیلۆنکا بکەی. ئەگەر بێت و سەردانی ئەوێت کرد ئەبێ ماڵەکەت بکەیتە ناومەوە.

- هیلۆنکا کوێیە؟

- گوندێکە لە ماداگاسکاردا. ئامادەی ڕێکەوتنی وا بنووسین؟

- نە.

- ئاوەیە. تۆ ئامادە نیت کاری وا بکەی، چونکە تۆش وەکوو هەموو کەسێکیتر ڕازینابی بۆ هەمیشە ئەگەری دیتنی شوێنێ لە خۆت دابخەی، با ناوی ئەو شوێنەشت هەر نەبیستبێت.

- نە، من قەبووڵ ناکەم، چۆن هەفسەد یۆرۆ بۆ ئەم ماڵەی ئێمە هەر هیچ نیە.

- بەڵام بە پێ ئەم ڕێکەوتننامەیە من دەسبەجێ پارەکەی خۆم ئەدۆڕێنم، کەچی تۆ ماڵەکەت لە حاڵەتێکدا ئەدۆڕێنی کە سەردانی هیلۆنکا بکەی. ئەگەر بۆ تۆ هیچ گرنگییێکی نەبوایا ئەو شوێنە ببینی خێرا پێشنیارەکەمت بە هەند وەرئەگرت.

- وەک پێشتر پێتم وت، لای من هیچ گرنگ نییە، گوندێکی نەبیستراو و نەناسراو ببینم، بەڵام ئەم پێشنیارەی تۆ گوماناوییە. چۆن من بتانم بسەلمێنم کە قەت سەردانی ئەو گوندەم نەکردووە، ئەگەر بێت و تۆ ئێدعای ئەوە بکەی. لەبەر حەفسەد یۆرۆی ترن ئەبێ تا ماوەم لە دڵەڕواکێدا بژیم.

- ئەی ئەگەر پێشنیاری دەهەزار یۆرۆم بدایا چی؟

- دەسبەجێ قەبووڵم ئەکرد. چون ماڵەکەم دەهەزار یۆرۆ کەمتر ئەژێت.

- ماڵەکەت یان ماڵەکەتان؟

- ئەتەوێ چی بڵێی؟!

- پێشتر بەردەوام ئەتگوت ماڵەکەمان.

بۆ چەن چرکەیێک چاوەکانی برپە ناو چاوگەلم و هەوڵیدا تووڕەیی خۆی بشارێتەوە. سەریداخست. پەرداخەکەی هەڵگرت، قومێکی لێ خواردەوە و وتی:

- وەمئەزانی ئێمە لە کەشووهەواییێکی گریمانەییدا دەمەتەقێ ئەکەین.

- وایە، مرۆڤ ئەتانێ بە مەیلی خۆی و بە بێترس گریمانەیی قسە بکات، هەتا ئەو کاتەی بیەوەی پای کاغەزێ واژۆ بکات. ئێتر ئەو کاتە بیر لە ماناداربوونی وشە بە وشەی قسەکانی خۆی ئەکاتەوە. بۆ ڕازی نەبووی ڕێکەوتننامەکە واژۆ بکەی؟

- بۆ ئەبێ بۆ حەفسەد یۆرۆ ڕێکەوتننامە واژۆ بکەم.

- بەڵام بێگومان لە ژیانی ئاساییتدا ڕێکەوتننامەی کەمبایەختر لە حەفسەد یۆرۆش واژۆ ئەکەی.

- وایە، بەڵام من ڕێکەوتننامەیێک واژۆ ئەکەم کە ناوەڕۆکەکەی ڕوون بێت.

- لەو پێشنیارەی من ڕوونتر و بێکێشەتر مەگەر هەر خۆی بووبێت. ئەگەر تۆ ئەو پێشنیارەی منت قەبووڵکردایا، دەسبەجێ حەوسەد یۆرۆت ئەبردەوە و ماڵیش هەر ماڵی خۆت ئەمایەوە. چونکە گوندێ بە ناوی هیلۆنکا لە جیهاندا بوونی نییە.

- لە کوێ ئەزانی؟! بە میلیارد گوند لەم جیهانەدا هەیە.

- تەواو دڵنیام. چۆن یەک حەوتەی تەواو، نەک هەر لە زانگۆکی ماداگاسکار، بەڵکوو لە گۆگلیشدا بە دوای ئەو گوندەدا گەڕام.

- بۆ ئەبێ یەک حەوتە بە دوای گوندێکی خەیاڵییا بگەڕی؟!

- ئەو کاتە بۆ من خەیاڵی نەبوو. ژنێکی ئێجگار جوان پێی وتم خەڵکی ئەو گوندەیە. دواتر تێگەییشتم پێی ڕابواردووم.

- ئەوەندە قوڕناس بووە قەشمەری بە نووسەرێ بکات.

- گائەس، یان من نووسەرێکی ساویلکەم. ئەگەر تۆ پێشنییارەکەمت قەبووڵ کردایا ، چی پارەم هەبوو ئەتبردەوە.

- ئەگەر هەموو پارەکەتت پێم بدایا، هەتا کۆتایی مانگ بە چی ئەژیای؟

- بابی حەوتا یۆرۆ پەڕەبژێوم هەیە.

- کەوایە هەموو پارەکەتت پێ نەئەدام. حەوتا یۆرۆت بۆ خۆت ئەهێشتەوە.

- باسی پەڕەبژێوم نەکرد چۆن پێموانەبوو وەریبگری.

- بۆ؟

- یانێ تۆ لە ڕووت هەڵدێ بەو کاغەزگەلە شت بکڕی؟!

- بۆ لە ڕووم هەڵنەیا؟

پەرداخەکەم ئەنمە لێومەوە و قومێکیتری لێ ئەخۆمەوە و وڵامی ئەدەمەوە:

- لەوانەیە هەڵە لە تۆ تێگەییشتبێتم. ئەکرێ ئەزموونێکی باش بێت بۆ تۆش بە پەڕەبژێو شت بکڕی. تۆ هەر هەمان کەسی چەن چرکە لەوەو پێشی، کەچی هەر کە ئەو کاغەزگەلە لە نێو دەستتدا دەرکەوت، لە ئانوساتێکدا کەسێتیت دائەکشێ بۆ ئاستی گەدا و نانەلەم و خوێڕیێکی سەرسەری. حەز کەی بەدڵ پێتی ئەدەم.

- تێئەگەم، من خەڵکەکەی خۆم ئەناسم. بە داخەوە وایە.

کێرستێن پاشماوەی کاپۆچینۆکەی هەڵئەقوڕێنێ. پاشان قامکی ئاماژەی وەها بە شارەزاییەوە بە ناو پەرداخەکەدا ئەگەڕێنێ کە چی کەفی کاپۆچینۆکەیە لە سەر قامکی کۆ ئەبێتەوە. قامکی ئەکاتە نێو دەمی و هەموو کەفەکە لە قامکی ئەلسێتەوە.

- ئەم بەرازبازییە لای من خۆشترین بەشی کاپۆچینۆ خواردنەوەیە.

- کوردگەڵ بەمە ئێژن کوردیخۆر کردن.

- بۆ مەگەر وشەی کورد مانای بەرازیش ئەدات؟

- لەم پێوەندییەدا وشەی کورد گەلێ مانای جیاوازی هەیە. وەک خۆماڵییانە، سروشتی... بەڵام باشترین هاوواتای ئاڵمانی بۆی، وشەی بیۆیە. هەر وشەیێک لەگەڵ ئەم ئاوەڵنایە بێت، تەکنۆلۆژیای لێ دائەماڵدرێت، وەک هێلکەی کوردی، کەرەی کوردی، ئەرزیلەی کوردی و هتد... جارێکان لە گەڵ باوکم چووین بۆ کڕین. لە سەر شوستەیێکدا پیاوێکمان بینی کە دووان کەڵەشێری پێبوو. باوکم لێی پرسی کەلەشێرەکانی بایی چەندە. ئەویش وتی ئەمیان دە تمەنە و ئەویتریان هەژدە. باوکم بە سەرسووڕمانەوە پێی وت، جا خۆ ئەمانە لفی یەکن، بۆ ئەمە هەشت تمەن گرانترە؟ ئەویش وتی ئاخر ئەمەیان کەڵەشێر کوردییە. باوکم پرسی، گوایێ کوردی ئەخوێنێ؟ کابرا بە دەم پێکەنینەوە چەن جار سەری ڕاژەند. باوکم دە تمەنی لە بەریکەکەی دەرکرد و وتی. هەرزانەکەیمان پێ بە. خوەمان کوردیچڕمان فرەس.

کێرستێن قاقای هەڵدا و گوارە گەورە دووچکەدارەکانی لە گوێیدا کەوتنە لەرینەوە.

- باوکیشت نووسەرە؟

- نە، باوکم نەخوێنەوار بوو.

نیگای بەرەو بان کردەوە و دەمی بە زەردەخەنەیێک کرایەوە کە جیاواز بوو لە پاشماوەی پێکەنینەکەی پێشتری. نیاگای لە شوێنێکدا قەتیس مابۆو دەمی لە پەسا فرەتر ئەکرایەوە. هەتا دەنگێ پێی زۆراوم هاتەگوێ. سەرم بەرەو دوا وەرگێڕایەوە. گوڵدانە دیارییەکەمی لە گەڵ خۆی هێنابوو. کێرستێن کورسییەکەی کشایەدواوە و ڕابوو. چوو بەرەو پێشوازی. گوڵدانەکەی لێ ئەستاند و لە سەر مێزەکە داینا. سووڕایەوە و توند لە ئامێزی گرت. وەها بە تامەزرۆییەوە دەمی نایە نێو دەمی، چما

دەمێکە یەکتریان نەدیوە. هەڵسامەسەرپێ و بە سەر سەری هەردووکیانەوە لە بەرهەیوانەکە ڕامام و گوێم ڕاگرت بۆ دەنگی ڕۆبۆتەکە وا لە پشت سەرمەوە بە سەر چیمەنەکەدا ئەخشا. زۆراو دەستی بە سەر کوڵمە بەرجەستەکانی کێرستێنا کشا و بە ئارامی لە خۆی جیایکردەوە. هات بەرەو لام و زۆر بە گەرمی باوەشی پیاکردم. توند هەر دوو باسکمی گوشی، چەند جار ڕایژەندم و وتی:

- گەورەمانت کرد.

بە قامک ئاماژەی دایە گوڵدانەکە:

- خوەش ڕەوییەی، چت زەریفێکت سەندگە.

- ژنێ ئاڵمانی جیایکردەو بۆم.

- مامەڕیوی هێشتا نەگەیگیتەسە بەرەو ئاوا ژنێکت دا لە تۆڕ؟!

- ئەرێ هەر بە خوەم ئەکەفێ ئەو تەکان و هەڵمەتە. لە ناو گوڵفرۆشییەکا دیم. وەڵێ چتێکم هاوردگە بۆ تۆ، قووقەی کەڵەشێری پێ ناگا.

کۆڵەپشتییەکەم لە سەر ئەرد هەڵدەگرم. زیپەکەی ئەکەمەوە و بتڵەئاوێکی گەورەی لێ دەردێنم کە پڕکراوە لە ئارەقی مێوژ. کێرستێن بە دەم کەنینەوە:

- ماسییە بێ ڕەنگ و قەبارەکانت بە ئاو دەرچوو. ئاوی موفەڕەکە؟

- نە ئاوی ژیانە.

زۆراو بتڵەکەم لێ ئەستێنێت. سەرەکەی بائەدات، ئەیکاتەوە و بۆنی پێوە ئەکات. بۆنی ئارەقەکە کار ئەکاتە سەر هەستی. چاوەکانی ئەنووقێنێت و لێوەکانی بە ئارامی ئەکاتەوە.

- ئەمەتە لە کوێ هاوردگە؟!

- خوەم گردگمەسەو. کەمپ برێ چتیشی خاسە.

دەستی بەرەو کێرستێن ڕائەکێشێت.

- بۆنی پێوە کە، ڕێک بۆنی مێوژەکە ئەدات.

کێرستێن بتڵەکە ئەگرێتە بەر لووتی.

- وایە. ئەلکولەکەی چەن لە سەدە؟

- بێژم چل لە سەد، پەنجا لە سەد، یان زۆرتر... نازانم.

- ئارەقی مێوژ خواردنەوەی کوردگەلە؟

- نە، هەموو نەتەوەکانی ناو ئێران دروستی ئەکەن و لێی ئەخۆنەوە. چونکە هەرزانە و پێشبینیهەڵنەگرە.

- یانێ تۆ ئەو هەمووە خۆتت خستۆتە زەحمەت و مەترسی بۆ ئەوەی خواردنەوەیێکی هەرزان دروست بکەی. جا خۆ لە ئاڵمانا گرتنەوەکەی زۆرتری تێئەچێ. ئەبێ پێوەست بێت بە تاسەبارییەوە. منیش ئەگەر ماوەیێکی زۆر لە دەرەوەی ئاڵمان بم، دڵمئەچێتە سەر بیرە.

- ڕێک بە پێچەوانەوە، ئارەق مێوژ هەمیشە منی بردووە بۆ داهاتوو. چونکە دەرەنجامی خواردنەوەکەی دیار نییە. کە لە ئێران ئەم ئارەقە دەسسازەمان ئەکرِی، چەن ئەگەرمان ئەکەوتە بەردەم. یان لەوا بوو پێی بمردایاین، چون کۆماری تەڕەماش لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکانییەوە زۆرجار ئاەرقی ژاراوی بە خەڵک ئەفرۆشت، یان بتڵە ئاوێکمان ئەکرِی کە بەس بۆنی ئەلکولی ئەدا. بەڵام هەندێجاریش ئارەقی

هەرەباشمان دەسئەکەوت. ئەوسا ئیتر ڕەشەمەستمان ئەکرد، بە بێ ئەوەی نیگەران بین کەسێ لۆمەمان بکات، چونکە هەموو کەس ئەیزانی ئارەقی مێوژ پێشبینی هەڵناگرێ.

زۆراو بە زەردەخەنەوە:

- بۆ خۆت لەم ئارەقە پێشبینیهەڵنەگرەی خۆتت خواردۆتەوە؟

- نە، هێشتا.

- دەی با دەسکەین بە خواردنەوە.

کێرستێن ئەداتە مل شانیا.

- لە پێشدا ئەبێ شێوەکە ئامادە بکەین.

تێم ئەڕوانێ.

- گەرەکمە لازانیا لێبنم. حەزت لێیە؟

- من لە بەرد نەرمتر ئەخۆم.

- چی؟!

زۆراو ئەداتە قاقای پێکەنین. لە ماوەی حەوت مانگەی ڕابردوودا بۆ جارێکیش چییە، چاوم بە پێکەنینی نەکەوتبوو. ئەو زۆرتر بە چاوگەلی پێئەکەنی نەک بە دەم و ڕوومەت. هاوکات لەگەڵ پێکەنیندا دەست بە سەر و قژی کێرستێندا ئەهێنێت و پچڕپچڕ ئێژێت:

- ئەمە شێوەوتنێکی کوردییە. خوشکێکم هەمیشە وای ئەگوت، ئەگەر کەسێ لێی بپرسیبا حەزی لە چ خواردنێکە.

سەری بەرەو من ئەسوورێنێتەوە.

- ئەگەر وایە با کاتی خۆمان بە چێشتلێنانەوە نەکوژین. تەلەفۆن ئەکەم کەبابمان بۆ بێنن. لە بەرد هەر زۆر نەرمترە. برسیتە یان دواتر زەنگ بۆ پیتزاسرویسەکە بدەم؟

- زەنگ بۆ پیتزاسرویس بدەی بۆ کەباب؟!

- ئەم ئاڵمانیانا هەر وای پێ ئەڵێن، کاریان بەوەوە نییە پیتزا ئەهێنێ یان سەرووپێ.

- نە من برسیم نییە.

- دەی با دەستبکەین بە خواردنەوە.

زۆراو ئەو شەوە زۆر بەدەماخ بوو. لەو کاتەی کێرستێن خەریکی چنینی مێزەکە بوو، پێکەوە بۆ مەزەی ئارەقەکە خەیار و ماسمان دروستکرد. وەمئەزانی بەدەماخبوونیان لەبەر سەردانەکەی منە و لای خۆم گەش گەش باڵام ئەکرد، هەتا بە قاپی خەیار و ماسەکەوە چوومە حەوشە. لە بەر ڕووناکیی ئەو پرۆژێکتۆرەی لە سەر بەرهەیوانەکەوە تیشکی ئەپژاندە نێو حەوشە خێرا هەستم بە کەمبوونی ئارەقخۆرییێکی سەر مێزەکە کرد. لە باتی ئەوە، لێوانێکی گەورەی ئاوجۆخۆری دانرابوو. وادیارە کێرستێن قسەکەمی لە سەر مەترسیی ئارەق، زۆر بە جیدی وەرگرتووە. چۆن ئەبێ ژنێکی دەروونناس ئەوەندە ترسنۆک بێت؟! باشتر لە خواردنەوەکان ڕائەمێنم. لە پاڵ بتڵە ئارەقەکەی مندا لە ناو قاپێکی گەورەی شووشەی پڕ لە سەهۆڵدا، سێ بتڵی ئاوجۆ دانرابوون. یەک لە بتڵەکانم لە نێو سەهۆڵەکان دەرئانی و هەوڵم دا نووسراوەکەی قەدی بخوێنمەوە. بۆم نەلوا.

دەستییەکەمم لە گیرفان دەرهێنا، لامپەکەیێم هەڵکرد و هەوڵم دا لە نووسراوە وردەکانی سەر بتڵەکە تێبگەم. ئاوجۆکە بێئەلکول بوو. چاوم وەک ترن وەستا. ئەمزانی کێرستێن لەو ژنگەلەیە وا هەموو ئاخرحەوتەیێک ڕەشەمەس ئەکات. بۆ ئەبێ لەم شەوەدا وا بۆ خۆی داوەتی کردووم، حەز نەکات بخواتەوە؟! وا دیارە بە نیازە وەک مشکی تاقیگە لێم بکۆڵێتەوە، بۆیە ئەبێ ئاگای لە خۆی بێت. کورە چاوی دەرهات. من بە بۆنەی زوراوە وە هاتووم، ناخواتەوە ملی تەقی. هەتا پێم بکرێ ئەخۆمەوە، با ئەویش هەر چاوم لێ داچەقێنێ. دەنگی پێیانم دێتە گوێ. لا ناکەمەوە و لە تاریکایی لای چەپی باخەکە و ئاوی نادیاری ئەستێرکەکە ڕائەمێنم. هەر دووکیان لە پشت مێزەکە دائەنیشن، بە بێ ئەوەی بەرچاوم بگرن. چەن چرکەیێک بێدەنگ ئەمێننەوە.

- ئەگەر ئەم ناوە فرە تاریکە ، تا چەن دانە شەم داگرسنم.

- شەو بە تاریکییەوە خۆشە.

زۆراو سێ پیاڵەی چینی لە یەکتر ئەکاتەوە و بە مەلاقەیێکی دارینە هەر سێکیان پڕئەکات لە خەیار و ماست. کێرستێن پیاڵەی یەکەم لە بەر دەستم دائەنێت.

- بە داخەوە بۆم نییە ئەلکول بخۆمەوە.

قسەکەی بە چەشنێ وت، وەک ئەوەی چاوەڕوانبێت بە سەرسووڕمانەوە لێی بپرسم بۆ؟! کەچی من هیچم لێ نەپرسی. پێموابوو، بیانووگەلێکی مناڵخەڵەتێنی وەک، کلوسترۆڵی خوێنم لە سەرەوەیە، یان جەرگم خاسنایژێت، ئەهێنێتەوە. نیگام لە ڕواڵەتی بەر ڕووناکی کەوتووی کێرستێن وەرگرت و هەوڵمدا بە سەر تاریکیی مێزەکەدا بە دوای ئەو کەوچککەلەدا بگەڕێم وا کێرستێن لە چێشتخانەکەوە هێنابوونی. مێزەکە گەورە و داچنراوبوو، بۆیە هەوڵمدا زۆر بە دەسپارێزییەوە، بەر

لەوی ئەو بیهەوێ یارمەتیم بدات، بیاندۆزمەوە. بە سەر مێزەکەدا، بە نێوان سەوەتەی نان، برتسێل، مێوە و ئەو قاپانەی پڕ کرابوون لە چنجە، فنۆق و فستق و چەرەساتیتر، دەست و چاوم ئەگێڕا. بەرلەوەی بیاندۆزمەوە، کێرستێن پرسی:

- بە دوای چیبیا ئەگەڕی؟

- بە دوای کەوچکا.

- لە بەر پیالەی مەزەکەتدایە، لە پاڵ گوڵدانەکە.

کەوچکەکە لە دەسرەکاغەزی سوور پێچرابووەوە. کێرستێنش ئەوەی خۆی هەڵگرت و کەوچکێکی دا لە خەیار و ماستەکە.

- مەزەکەت زۆر بەتامە. ئەگەر ئارەقەکەشت ئاوابێت، بە داخ ئەبم بۆ خۆم.

- پێکێ هیچ زەرەرێکی بۆت نابێ.

- بۆ خۆم نایبێت، بەڵام بۆ من مناڵەکەم کوشەندەیە.

ئەم وڵامە وەک برووسکە پێکامی. بە چەشنێ کە ئەو تاریکاییەش نەیتوانی سەرسوورمانم بشارێتەوە.

- وەمزانی زۆراو پێتی وتووە.

- نە باسی نەکردووە. پیرۆزە.

هاوکات ڕوانیمە زۆراو.

- سپاس شارام.

وەها ئاسایی سپاسیکردم، وەک بێژی ئەو هەر هەمان کەسێ نەبووبێ وا دوو مانگی لەوەوپێش سێ سەعاتی تەواو لە سەر تاوانی نامرۆڤانەی منالْخستنەوە، مشتومڕی لەگەڵ کردبووم. لەو کاتەدا هوتافی ئەوەی ئەوت کە گوایێ دروستکردنی منالْ و بە زۆر هێنانە نێو ئەم جیهانە پڕ لە ستەمە، گەورەترین پێشێلکردنی مافی مرۆڤە. وەهاش بە شارەزاییەوە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو هوتافەی، بەڵگەی ئەهێنایەوە، چما لە ژیانیدا هیچ کارێکی نەبووبێ جگە لە کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو دانراوەیە. لەوە خۆشترم نەبوو دەسبەجێ لە مالەکەیان دەرکەوم. کەوچکەکەی دەستم ڕۆکردە نێو جاجگەکە و کەمێکم لێ خوارد. زۆر بەتام بوو. زۆراو بتڵی ئارەقەکەی لە نێو قاپی سەهۆڵەکە دەرهێنا و لە بەر دەستی خۆی دainا. پاشان خۆی ڕاکێشا بەرەو لای من و هەوڵیدا ئارەقخۆرییەکەم بدۆزێتەوە. ڕوومەتی، ڕاست هاتبووە بەر چاوم، بە چەشنێ کە سەرەڕای تاریکیی، بنەڕیشە سپییەکانیم ئەدی. ئارەقخۆرییەکەی لە بەردەمم هەڵگرت و بە سەر زەمیلێکدا بردی بۆ بەردەم خۆی. ئارەقی کردە نێو هەر دوو پەرداخەکە و وتی:

- خوەزگا ئەمزانی دایک و باوکم بە چە خەیاڵێکەو منیان خستگەسەو؟

لە گەڵ بیستنی ئەم ڕستەیە هەستم کرد لەوانەیە لە دەسیان دەرچووبێت. زۆر دۆستانە وتم:

- خەیاڵ چەو چت چە. بەس قەومانێکیان قرِ نەکردگە. ئەو ئارەقمە پێبە.

ئارەقخۆرییەکەی پێدام. کێرستێنش لێوانەکەی خۆی پڕ کرد لە زرِەئاوجۆ، هەڵیبڕی و وتی:

- لە هیچ باشترە. بە خۆشیتانەوە.

- نۆش.

- جێگەیک بچێ خەمی تیا نەوێ.

پەرداخەکانمان لەیەکتردا. ئەمزانی ئەوان ڕوومەتی من نابینن، بۆیە بێترس ئارەقخۆرییەکەم نا بە لێومەوە و تامیم کرد. زۆر تیژ بوو. بە بێ ئەوەی بهێڵم بەر زمانم بکەوێ، یەکسەر کردمە قوڕگمەوە. چاوم بڕیە ناو چاوانی زۆراو. ئەو هێڵای ئارەقەکە بڕژێتە سەر زمانی. ماوەیێک لە نێو زاریدا ڕایگرت، وەک بیەوێ تامەکەی بە باشی بچێژێت. هەستمکرد خەریکە چێژ لەو ژاراوە ئەبات. ڕواڵەتی وەک کەسێ نەبوو بیەوێ خۆی هەڵکێشێ. وەک کەسێ وابوو کە چێژ لە ئەشکەنجە ببینێ. ئارەقەکەی داقوڕاند. زەردەیێکی گرت و وتی:

- ئەی دەسۆ خوەش بێت، چە چتێکە.

شێوەی خوارنەوەکەی زۆر نیشتە دڵمەوە. بۆ چەن چرکەیێک وەک ئەو پێشمەرگە قارەمانگەلە هاتە بەرچاوم وا خەونەکانی مناڵیمیان پڕکردبوو. ئەو کەڵەمرۆڤانەی وا جەستەیان بەرامبەر بە ئەشکەنجە و ڕۆحیان لە هەمبەر ئازاردا قایم بوو. دەسبەجێ بیرم کەوتەوە کە ئەو فڕی بەو پێشمەرگە قارەمانانەوە نەبوو. ڕێک بە پێچەوانەوە، ئەو کەسێکی بەزیو و بێقیمەت، تەوابێ بوو. ئەو پێوەستە بەو تاقە چینەی ناو کۆمەڵگای کوردەواری وا کەس لە کاتی هەڵپەرکێدا ڕازینەئەبوو دەستیان بگرێت. یەکەم جارێ وا تەوابێکم لە نزیکەوە دی، دوازدە ساڵم تەمەن بوو. هاتبوو بۆ زەماوەندی کچی پووری. ئەوەی لەو زەماوەندەم لە بیر ماوەتەوە، کراسی ڕەنگامەی ژنان و پیاوێکی کەڵەگەتە بە سوێڵێکی ڕەش و پڕەوە. کاتێ هەستم بە بوونی کرد کە تێگەییم خەریکە خۆی بئاخنێتە نێو بازنەی هەڵپەڕکێکە، بەڵام کەس دەستی نەئەگرت. هەرچەن زۆر بە ئارامی ئەپاڕایەوە و دەنگی ساز و دومەکی شایەرەکانیش بەرز بوو، کەچی بە تکا و پارانەوەیمان زانی. تامەزرۆی جووتێ دەست بوو دەستەکانی وەربگرن، بەڵام بازنەی سەماکە بە هیچ پاڕانەوەیێکی ئەو نەئەپچڕا. کە نەیتوانی لە

نێوان خزمەکانی خۆی و کەسە نەناسەکانی ڕیزەکانی پێشەوە و ناوەڕاستی بازنەکەدا شوێنێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە، هات بەرەو لای ئێمە. ئەو مناڵ و مێرمندالانەی هەوڵمان ئەدا فێری هەڵپەرکێ ببین. خۆیکرد بە نێوان دوو دۆستی مندا و دەستی گرتن. بە دەنگی بەرز قیڕاندم:

- دەسی بەربەن!

هەردووکیان دەسبەجێ دەستیان بەردا، کەچی ئەو وای ئەنواند کە دەستیانی لە دەستدایە و هەڵئەپەڕی. هەر دوو دۆستەکەم لە بازنەکە دەرکەوتن. خێرا دەستی منی گرت و وتی:

- چۆنی دۆستەکەی خۆم؟

- من دۆس تۆ نیم. دەسم بەر بە.

- مەگەر من چە خراویکم بووگە بۆ تۆ؟!

- دەس چەپەڵت لاوە لە قەومەو.

- بۆچە وا ئێژی، من وەمە باوک تۆ.

- قەپ کە زوانتا باوەحیز.

دەستی کوڕەکەی پاڵ دەستمم بەردا. خۆم سووڕاندەوە بەرەو لای و هەوڵمدا تف کەمە ناو چاوی. ئەو زۆر بەرزتر لە من بوو، بۆیە تفەکەم نیشتە سەر کراسە شینە کاڵەکەی. تفەکەی لە کراسەکی نەسڕیەوە. دەستی بەردام و بەرەو دەرەوەی زەماوەندەکە پێچی کردەوە. ئیتر کەس هەواڵی ئەو پیاوەی نەبیستەوە. لەوانەیە لە بەرەیێکی شەڕی نابەدڵدا کوژرابێت یان لە وڵاتێکی نامۆدا بە ناو و شوناسی

دەسکردەوە سەرگەردان بێت. ئێمە ئەو ڕۆژە ئەومان دادگاییکرد و حوکمی خۆمانمان بە سەریدا سەپاند، بە بێ ئەوەی کەسمان ئەشکەنجەگاکانی وەزارەتی ئێتلاعاتمان بە چاو دیبێت. ئەو هەوڵیدا دەستی من بگرێت بۆ ئەوەی خۆی لەو چارەنووسە ترسناکەی دەرباز بکات، بەڵام من دەستیم نەگرت، بۆ ئەوەی بسەلمێنم کە ئیتر منداڵ نیم و سەرم کردگەسە ناو سەرگەل. قەت بیرم نەئەکردەوە بێتە سەر ڕێی خۆمیش کە دیتران لەبەر هەژاری، لەهجەی قسەکردن یان شوێنی لەدایک بوونم، ڕێگەم نەدەنە ناو بازنەکەیان. دەستم بەرەو زۆراو ڕائەکێشم و تکا ئەکەم پەرداخەکەم پڕکاتەوە.

- بە سەر چاو.

پەرداخەکە پڕئەکات و بە ئەسپایی لە بەردەم خۆی دایئەنێت. کە ئەوەی خۆیشی پڕکرد، هەردووکیان بەرزئەکاتەوە و ئەیگرێتە بەر تیشکی پرۆژێکتۆرەکە. خڕی یەکن. بەرلەوەی ئارەقخۆرییەکە ڕادەستم بکات، بۆ خۆم لێی ئەستێنم. گەرەکمە زووبەزوو خۆم تاقیکەمەوە. بۆن بە ئارەقەکەوە ئەکەم. لووتم نابزوێ. وەها بە ئارامی ئارەقەکە ئەرژێنمە نێو زارم، وەک بڵێی بە پیپێت، کیمیاوێ ئەکەمە نێو دەفری تاقیکردنەوە. سەر زمانم کزەی لێ هەڵدەستێ، بەڵام وا نییە کە نەتوانم خۆمڕاگرم. بە زمان ئەکەومە سووراندنی ئارەقەکە لە ناو دەمما. سات بۆ سات زیاتر زمان و ئاسمانەی دەمم ئەکزێنێتەوە. بەس کەسێکی حەزلەئێش ئەتانێ چێژ لەم قوزڵقورتە ببێنێ. نیگام لە تاریکایی ئەوپەڕی باخەکەوە ئەگوازمەوە بەرەو ڕوومەتی ڕووناکی زۆراو. خەریکە سەیرم ئەکات. ئێستە من چۆن ئەخەملێنن. چی لە ڕوومەت و جووڵانەوەی جەستەما ئەخوێننەوە؟

هەرچەن پرۆژێکتۆرەکە لە پشت سەرمەوەیە و ڕوومەتم کەوتۆتە سێبەری سەرم، بەڵام بەس مێزێکی بچووک لە نێوانماندایە. سەرم بەرەو چەپ ئەسووڕێنمەوە

و سەیری کێرستێن ئەکەم. ئەویش چاویتێبڕیوم. لە ناکاو هەست بە هەڵقرچانێکی توندی ناو دەمم ئەکەم. هەوڵئەدەم هەستی خۆم لە سەر بابەتێکیتر کۆ کەمەوە، بەڵام ئارەقەکە زمانە بچکۆلەم ئەورووژێنێ. خەریکم بپڕشێمەوە. ئارەقەکە دائەقورێنم، بەڵام ئەچێتە نێو گەرۆشمەوە. ئەکەومە قۆزەقۆز. هەرچی ئەکەم لە کۆڵم نابێتەوە. مل و سینگم ئەوڵم، کەچی کۆکە کۆکەکەم پێ نابڕێتەوە. زۆراو لێوانێ ئاوم پێئەدات.

- ئەبێ ئەلکولەکەی سەرووی شەست لە سەد بێت.

- وایە.

لێوانە ئاوەکەم هێواش هێواش خواردەوە. هاوکاتیش دەستم بە قوڕگما ئەهێنا. کە هاتمەوە سەر دۆخی ئاسایی، لە زۆراوم پرسی:

- ئەزانی کوردگەل لەو کاتانەی شتی پەڕێتە قوڕگ چی ئەڵێن؟

بە ئارامی و لە سەرخۆ ئارەقەکەی هەڵقوڕاند. پێکەکەی لە سەر مێزەکە دانایەوە و وتی:

- باش ئەزانم مەبەستت چیە. کە شتێ بپەڕیایاتە قوڕگمان، دایکم هەمیشە شتێکی ئەوت... لە سەر زمانمدایە.

تیکەیێک نانم لە ناو زەمیلەکەی بەر دەمم هەڵگرت و کەوتمە وشکەجاو کردنی. زۆراو لەپڕ هەڵسا.

- لە بیرم چوو زەنگ بەم بۆ کەواوسرویسەکە.

دەستییەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و ماوەیێک ئەملا و ئەولای پێکرد. هەستم کرد

لەبەر تاریکان، ژمارەکانی سەر دەستییەکەی بۆ نادۆزرێتەوە. بە دەم پێکەنینەوە وتم:

- لە کەیەو ئەم قوتوو سگارتە هەس؟

- لەو عانەو وا ئەوەل سییمکارتەکەمم سەندگە. تەنیا ڕایک کردمەو سیمکارتێ تازەم تێخست. کارم ئەگوزەرنێت و بێسەرئێشەیژە.

کورسییەکەی کشا دواوە. سووڕایەوە و دەستییەکەی بەرز ڕاگرت و لە بەر تیشکەکەوە ژمارەی ڕێستوورانەکەی گرت. بە پێچەوانەی کوردییەکەی، فارسی قسەکردنەکەی بێخەوش بوو. بەشی دە کەس خواردنی داواکرد. هەر دووکیان بە دە دەقە لە خواردنەکە بوونەوە، کەچی زۆربەی خواردنەکان، شلە، زەلاتە و کەبابی جۆراوجۆر، بە دەس لێنەدراوی لە سەر مێزەکە مایەوە. خواردنەکەیان زۆر بەپەلە بوو، وەک ئەوەی ویستبێتیان گوڕێ بگرن بۆ مشتوومڕی سەرلەنوێ. سەرم سڕمابوو کە چۆن ئەکرێ دوو مرۆڤ کە پێکەوە ئەژین، ئاوەها لە سەر بچووکترین شتەکان دەمەتەقێ بکەن. هەرچەن مشتوومڕەکانیان دوژمنکاری وای پێوە دیار نەبوو، کەچی ناوبەناو بیر ئەو منالە کلۆڵەیان ئەکەوتمەوە وا ئەبوایا لە کەشووهەوایێکی ئاوەها ئالۆزکاودا گەورە ببێ. ورچ و ڕێوی دنیایان ئەهێنایەوە بۆ ئەوەی قسەی خۆیان ببەنەسەرگا، کەچی لە ئاخریشەوە هەر دۆستانە ئەبڕایەوە. ئەو ئاکامەش زۆرتر ئەگەڕایەوە بۆ کەسێتی کێرستێن. ئەو زۆر بە شارەزاییەوە لە کەشووهەوای گریمانەییدا مشتوومڕی ئەکرد. منیشی چەن جار تووشکرد. هەموو جاریش هەوڵمئەدا بە پێچاندنی قسەکە و بردنی بەرەو شوێنانەی وا لێی شارەزام خۆم دەربازکەم. بەڵام جارێکیان پێمنەکرا. قسەکەمان لە باسی کوردەوە دەستپێکرد و چوو بەرەو بارودۆخی قەیراناوی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەوری زلهێزەکان. زۆر بە خوێنساری هێڵای تێروتەسەل بۆی باسبکەم، چۆناوچۆن زلهێزەکان یارمەتی دیکتاتۆرەکان ئەدەن، بناژۆخوازەکان بەهێزئەکەن و بە ڕەوتی هەواڵسازی و

هەواڵگێڕی  زلەمیدیاکانی خۆیان، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بە لاڕێدا ئەبەن. بۆ جارێکیش چییە قسەی پێ نەبڕیم، تەنانەت لەو کاتەی وا باسی ئەو زلەکومپانیا ئاڵمانیەم بۆ کرد وا بە فرۆشتنی ئامێرە پێشکەوتووەکانی کوڵەگرتن و سیخوڕی ئاریکاری تەواوی دەسەڵاتە دژەخەڵکیەکان ئەدات. ئەو نەک هەر بە باشی گوێی ئەگرت، بەڵکوو ناوبەناویش بە وتنی قسەکەت ڕاستە، هاوڕام لەگەڵت و منیش وا بیر ئەکەمەوە، قسەکانمی پشتڕاست ئەکردەوە. وەها بێدەموزمان گوێی لە قسەکانم ئەگرت، کە ناوبەناو هەستمئەکرد یان دەوری کەسێکی ئەرێبێژ ئەگێڕێت یان بەس ئەیهەوێ کەسێتیم لێکبداتەوە. نەمەزانی ئەو هەر لە سەرەتاوە، کۆتایی باسەکەمی خوێندبووەوە. من وەها بە حێماسەتەوە قسەم ئەکرد، چما هەر هەموو خەڵکی ئاڵمان گوێم لێ ئەگرن، ئەویش وەها گوێی بۆ قسەکانم شلکردبوو کە چاوەڕوانمئەکرد لە کۆتاییدا مۆری داکۆکی تەواو بە قسەکانمدا بنێت، کەچی چاوە فیرۆزەییەکانی تێ بڕیم و وتی:

- تۆ زۆر ڕەشبینی.

سەد شەقی تێهەڵبدایام ئەوەندە پێمگراننەئەبوو. هەستمکرد چیم بۆ گێڕابووەوە وەک قسەی پووچ، وەک دووپاتکردنەوەی تیۆری خەونەزای پیلان، هەڵیسەنگاندووە. پێم وا نییە هیچ جنێوێکی ئەم جیهانە بتوانێ، هێندەی دەستەواژەی >خەونەزای پیلان<  تووڕەم بکات. هەست ئەکەم ئەم دەستەواژەیە، ڕێک هەمان دەورێ ئەگێڕێ وا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وشەی> کافر< ئەیگێڕا و لە ئانووساتێکدا چی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە ئەیکرد بە توور. دڵنیابووم کە گۆڕانی ڕواڵەتم نابینێ، بۆیە خێرا پرسیم:

- مەبەستت چییە لە ڕەشبینی؟

- من پێم وایە ئەم شێوەیە ناتوانێ بەردەوام بێت. ئەم بارودۆخە قەیراناوییەی جیهان

ئەبێ کۆتاییپێبێت. هەمووان، تەنانەت ئەو زلهێزانەی وا تۆ بە هۆکاری سەرەکی قەیرانەکانی ئەمڕۆی جیهانی ئەزانی، ناچارن واز لە کردەوە بێماناکانی خۆیان بێنن.

- ناچارن، بۆ ناچارن؟!

- چۆن ئەوانیش لەم جیهانەدا ئەژین و بێت و ئەم دۆخە بەردەوام بێت سروشت تێکئەچێ.

- جا ئەوان کەی خەمی سروشتیان هەیە؟

- ناچارن خەمی سروشتیان بێ. ئەوانیش وەکوو ئێمە لە سەر ئەم ئەردەدا ئەژین. بێت و ئەم دۆخە بەردەوام بێت، ئەستێرە بچووکەکەی هەر هەموومان لە ناو ئەچێت. بەم شێوەیە ناڕوات. سروشت لە ماوەی چەنەها مێلیۆن ساڵدا زۆرێک وزەمەنیی دروست کردووە و مرۆڤیش ئەیهەوێ هەر هەمووی لە چەند سەدەدا بسووتێنێ. ڕەوتی گۆڕانی سروشت ئەوەندە خێرایە کە مرۆڤی ئەمڕۆ لە ماوەی ژیانی کورتی خۆیدا بە باشی هەستی پێئەکات. کە مناڵبووم هەموو ساڵێ لە ئاڵمانا چوار وەرزم ئەدی، کەچی ئێستا هاوین و زستان بووەتە یەکێ. مرۆڤ ناتانێ...

هەوڵمدا تێبینی خۆم لە سەر قسەکانی بڵێم، بەڵام بە تووڕەییەوە ڕێی لێگرتم.

- بهێڵە قسەکەم تەواو کەم... ناکرێ جیهان ئاوەها سووک و ئاسان دابەشکەینە سەر خێر و شەڕ. ئێمە هەر هەموومان لە سەر ئەم خڕۆکە بچکۆلەیە ئەژین و چارەنووسی هاوبەشمان هەیە، بە بزنەتاوانەکەی تۆشەوە واتە سەرمایەدارەکان. ئەوان ئێستا وەک مرۆڤێ وان کە لە جەمسەری باشووری زەویدا لە ناو کەوێڵێکی دارینەی ساردا ئەژیت و دوایین پارچە داری خۆی خستووتە نێو سۆبەکەی. ئەو دەستئەکات بە سووتاندنی کەرەسە دارینەکانی نێو کەوێڵەکەی. مۆبل، مێز، کورسی، کومێد و چیتر دەستی بکەوێ، بۆ ئەوەی خۆی گەرمکاتەوە. لە ئاخردا بیر لە

سووتاندنی کەوێڵەکەشی ئەکاتەوە. بەڵام باش ئەزانێ ئەگەر بێت و ماڵەکەی خۆی بسووتێنێ لە سەرما ڕەقیئەباتەوە. لێرەدا تێئەگات ئەبێ واز لە بڕیارە مەرگهێنەرەکەی خۆی بێنێت و لەباتی ئەوە خۆی بە سەرما ڕابێنێ. زلهێزەکان، دیکتاتۆرەکان، سەرمایەداران، گرنگ نییە ناوی چییان لێ ئەنی، ناچارن واز لە کارە گەوجانەکانیان بێنن. نەک لەبەر من و تۆ، لەبەر خۆیان.

بێدەنگ بوو. وا دیار بوو بە تەمای بیستنی وڵامی منە. بەڵام هیچ قسەیێکم بۆ نەمابووەوە، چۆن پێشتر ئەوەم ڕەتکردبووەوە کە هۆکاری ئەم کردەوە ناڕاستانەی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی دەروونییان و هۆی ئەم کارە چەواشگەلەم بۆ بەرژەوەندیخوازی گەڕاندبووەوە. زۆراو لەپڕێکا هاتە قسە.

- بە ڕای من، کەوێڵەکەی ئەسووتێنێت و بە دەوریشیا هەڵئەپەڕێ.

- بۆ ئەبێ وا بکات؟

- چۆن مرۆڤیش هێلکە ئەکات.

- یانێ چی؟!

زۆراو سەری بەرەو من ئەسووڕێنێتەوە.

- نوکتەکەی بۆ بگێڕەوە.

- کام نوکتە؟

- جوکە کوردیەکە وا چەن مانگی لەمەوپێش گێڕاتەوە. باسی هێلکەکردنی ورچی ئەکرد.

پێکەنین دایگرتم:

- مناڵی لە دایکی ئەپرسێ، دایکە ورچ هێلکە ئەکات؟ دایکیشی ئێژێ، ڕۆڵە ورچ دەعباییێکی سەیرە، لەوانەیە هێلکەش بکات.

زۆراو بە دەم قاقای پێکەنینەوە پچرپچر وتی:

- جا خۆ بەشەر زۆر لە ورچ سەیرترە. ئەم هێلکەی دوو زەردێنەش ئەکات.

بە پێچەوانەی زۆراو، کێرستێن بزەش نەیگرت. بێدەنگ وەستا هەتا پێکەنینەکەی زۆراو تەواوبوو. ئەوسا وتی:

- بە داخەوە هەموو شتێ لە مرۆڤ ئەوەشێتەوە... بەڵام ئەمە جوک بوو؟!

- کوردییەکەی زۆر کەنینییە.

ڕوویکردەوە لە من.

- بۆ تۆش تێکەم؟

- ئەرێ، بەڵام بۆ من کەمی تێکە.

پەرداخەکەی هەڵقوڕاند و لێیپرسیم:

- کورد لای خۆمان وەکوو جاران لە کاتی خواردنەوەدا گۆرانی ئەخوێنن؟

- لە ناو ئێمەدا لە یەک کەس زیاتر بوایاین، کەسێ هەر گۆرانی ئەچڕی.

کێرستێن بە دەم پێکەنینەوە:

- جا خۆ ئێستا بە لانیکەمەوە دوو کەس ئەبین. بە داخەوە من مۆسیقای کوردی ناناسم. ئەزانی بخوێنی؟

- دەمێکە نەمخوێندووە.

دەس ئەکەمە نێو گیرفانم و دەستیەکەم دەردێنم.

- پێرێ گۆرانییێکی نوێی کوردیم گوێ لێ بوو. حەزم لێیە.

- بۆمی بلۆتووس ئەکەی؟

- لە سەر یۆتووپ هەیە. حەزت لێ بوو، دواتر دایئەبەزێنی.

ناوی گۆرانیبێژەکە تایپ ئەکەم و دەستییەکەم متئەکەم بۆ ئەوەی دواتر بەبێ پچڕ گوێیلێبگرین. زۆراو ئەپرسێ:

- نەتدۆزیەوە؟

- چارەکێکی پێئەچێ هەتا دابەزێ.

- دەی با من بچم دەمی ئەو زەردەواڵەیە بنێمەوە.

کورسییەکەی ئەکێشێتە دواوە. هەڵدەستێت و ئەچێ بەرەو لای چەپی باخەکە، ئەو شوێنەی وا چرادوکمەی سەوزی ڕۆبۆتەکە لە تاریکیدا بریسکەی دێت.

- کونتڕۆڵەکەی لە سەر ئاسکەمیلەکەدایە.

زۆراو ناچێ بەرەو ئەو ئاسکەمیلەی وا بەر لە تاریکان لە بەر ئەستێرکەکەدا ئەبینرا. خۆی ئەچەمێنێتەوە و وەها ڕێئەکات کە بیر مۆتەکەیێکم ئەخاتەوە بیهەوێ منداڵێکی چەتوون بترسێنێ یان کەڵەبابێ بگرێت. پێی یان دەستی ئەنێتە سەر دوکمەی ڕۆبۆتەکە و ئەو ناوە بێدەنگ ئەبێت. گۆرانییەکە هێشتاکە دانەبەزیبوو، بۆیە شتە زیادییەکانی سەر مێزەکەی بردەوە بۆ چێشتخانەکە. کە گەڕایەوە پێکێکی بچووکتر

لەوەی خۆی بۆ تێکردم. پێکەکەم هەڵدا و گورانییەکەم هەڵکرد. گۆرانییێکی خەمین بوو. چاوم لە کێرستێن داگرت بۆ ئەوەی کاردانەوەی لە هەمبەر گۆرانییەکە ببینم. بەرلەوەی خوێندنەکە دەستپێبکا، زۆراویش پێکەکەی خۆی هەڵدا و لەگەڵ یەکەم دێڕی گۆرانییەکە هەڵیدایە پرمەی گریان:

گێژی لادێ هام بە تاسەی پەلکەڕەش سەر شانەکەت

هام بە تاسەی دەم بەیانی بۆی تەنووری نانەکەت

وەک منالّی دایک مردوو ئەگریا و فرمێسک ئەهاتە چاوی. شتی وام لە زۆراو چاوەڕواننەئەکرد. تەنانەت مۆسیقاکەش ئەیگریاند، بەڵام هەمووجارێ لەگەڵ خوێندنی گۆرانیبێژەکە و بیستنی شێعرەکە، هوژمی گریان سەری ئەشەکاندەوە و لێوەکانی ئەفڕاند. ئەگەر چەن دەقەی پێشتر زۆر لەسەرخۆ هەڵنەستابایا بۆ کوژاندنەوەی ڕۆبۆتەکە، بێگومان هۆکاری ئەو هەڵقرچانەیێم ئەگەڕاندەوە بۆ سەرخۆشبوونی. کێرستێن ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. دیاربوو بێدەرەتانیی بەرامبەر بە ڕەگئاژووی تەنیایی شووەکەی، دەمێکە ئازاریئەدات. لە شوێنێکی بەرزتر لە بەرهەیوانەکە و تەنانەت بەرزتر لە قاتی دووهەمی خانووەکەی ئەڕوانی، وا تیایدا سەردەمانێک توێژینەوەی لە هەناوی نەخۆشە دەروونیەکانی ئەکرد، بەر لەوەی لە ناوەڕاستی شاردا، مەتەبێکی ئەمڕۆکەیی بکاتەوە. لە چاوە فیرۆزەییەکانی ڕامابووم و بیرم لەو تابلۆیە ڕەنگپەڕیوە ئەکردەوە وا بێشک لەم تاریکەشەوەدا نەئەبیندرا، تەنانەت ئەگەر سەر و کورسیەکەشم بەرەو دوا بسووڕاندبایاتەوە. گۆرانییەکە شەش دەقەی خەماویی خایاند، کەچی پاشگەز نەبوومەوە لە پێشنیاردانی. زۆراو لەگەڵ تەواو بوونی، چاویتێبڕیم.

- فرە خوەش بوو، فرە فرە.

قسەکەی زۆر دۆستانە لە گوێمدا زرنگایەوە. پێمخۆشبوو تەوابێکی شەرمنۆک و تێکشکاوی ناو ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، من بە دۆستی خەڵوەتی خۆی ئەزانێ. سەری بەرەو کێرستێن سووڕاندەوە. ئەو هێشتا هەر لە خەیاڵاتی خۆیدا بوو. دەستی برد بەرەو ڕوومەتی و بە ئارامی پەنجەی بە سەر کوڵمیدا خشاند. هیچ کاردانەوەییێکی نەنواند. سەری بردە پێشەوە و دەمی نایە ناو دەمی. ئەویش دەستی چەپی خستە سەر شانی زۆراو و چاوگەلی نووقاند. وەها بە تامەزرۆییەوە کەوتنە ئەوینانەدن، چما کەسیان لە دەور نەبێت. لە مەمکە قوتە سپییەکانی ڕامام و لە دڵەوە باریقەڵایی ئەو ژنە بوێرەم ئەکرد وا لەم تەمەنەدا ستیانی نەبەستبوو. خەریکی ماچکردن و ملیوانی کراسەکەی هێندە باز بوو کە ئەگەر هەڵسایامە سەر پێ، سازای گۆی مەمکە قاوەییەکانیشیم ئەدی. هەستمکرد شورتیشی لەپێنەکردووە و ئەگەر من لەوێ نەبوایام کورسییەکەی ئەکشایە دواوە و دائەنیشتە سەر ئەژنۆی شووەکەی. زۆراو دەمی لە سەر لێوەکانی هەڵگرت و کەوتە ماچکردنی کوڵم و چاوەکانی. پاشان سەری بەرەو لای من سووڕاندەوە و وتی:

- شۆڕەژنە.

کێرستێن چاوەکانی کردەوە و وەها بزەیێکیگرت، چما مانای ئەو وشە کوردییە ئەزانی. زۆراو سێ جاریتریش ئەو گۆرانییەی پێ هەڵکردم. لەم نێوانەدا بەردەوام پێکی هەڵئەدا. منیش بە قنەپەرداخ هاوڕێیەتیم ئەکرد. کاتێ کە من خاڵیبوونی باتریم کردە بیانۆو دەستییەکەمم کوژاندەوە، ئەو ڕەشەمەست ببوو. بوونی کێرستێن یەکسەر لە بیر کرد و کەوتە یادەوەری گێڕانەوە بە کوردی. وا بوو ژنە بەجێیهێشتین. زۆراو گەلێ بەسەرهاتی جارانی خۆی بۆ باسکردم و زۆر شتی سەبارەت بە بیروباوەڕی جیلی نوێی کورد، لێ پرسیم. دوای دوو ساعەتێ، بە دەم گوێگرتن لە قسەکانمەوە خەو دایگرت. کەوتمە تەکی هەتا پاڵ کورسیخەوێ. هەر دامنایە سەر کورسییەکە خەویلێکەوت. منیش جلەکانمم دەرهێنا. چوومە ناو ئەستێرکەکە و خەریکی مەلە کردن بووم هەتا

پڕۆژێکتۆرەکە کوژایەوە. بوو بە شەوەزەنگ. بەرەو تارمەکەم ڕوانی. کێرستێن وەک تارماییێک بە پلیکانەکاندا داگەڕا. شتێکی سپی لە سەر دەست بوو. بردی بەرەو ئەو کورسیخەوەی وا زۆراو لە سەری نووستبوو. داینا و گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی. هەرچەن من زۆر ئارام مەلەم ئەکرد و تاریکیش بوو، بەڵام دیار بوو زانیببوی لە ناو ئاوەکەدام، چونکە هەر کە لە ئاوەکە دەرکەوتم. لە نێزیکی خۆمدا دیم. خاولییێکی پێدام.

- کەیکی سێوم دروست کردووە. ئەگەر ئەم ناوە زۆر تاریکە ئەتانین بچینە ماڵەوە. زۆراو حەز ئەکات لە تاریکیدا بخەوێ.

- دەرەوە خۆشترە. چاوم ڕاهاتووە بە تاریکییەکە.

ئەو چوو. خێرا خۆمم وشککردەوە و هەوڵمدا خاولییەکە بە لقی دەرەختێکەوە هەڵواسم. پێمنەکرا و بە ناچار لە پاڵ کونتڕۆڵەکە دامنا. تاوێ چاوەڕوانی گەڕانەوەییم کرد. پاشان هەستمکرد باشترە بچم و لە هێنانی شتەکاندا یارمەتیی بدەم. چووم بەرەو ئەو تیشکە کزەی وا لە چێشتخانەکەوە دیار بوو. لە بەر تیشکی شەوخەفێکدا خەریکی بڕینی کێکەکە بوو. مەتارە و کاسەوکوچەڵەکانم نایە سەر سینییێک. هەڵمگرت و بە ئەسپایی گەڕامەوە و لە پشت مێزەکە دانیشتم. چرای دەستییەکەمم هەڵکرد و کەلووپەلی سەر مێزەکەم لە سووچێکیا کۆ کردەوە. کێکەکەی هێنا و بەرامبەرم دانیشت.

- فەرموو کێک و قاوە.

تیکەییێک لە کێکەکەم بە چەتاڵ هەڵگرت و نامە سەر دەوریێکی بەردەمم. کێرستێنش تیکەییێکی هەڵگرت و وتی:

- خەبەرت هەیە کە چەن مانگیتر ئەفڕین بەرەو کوردستان؟

- چەن لەوێ ئەمێننەوە؟

- مانگێک.

- هیوادارم سەفەرێکی خۆش بێ بۆتان.

- ئاواتی منیش هەر ئەوەیە. بە تایبەت بۆ زۆراو. دوای بیست و چوار ساڵ ئەیهەوێ بگەڕێتەوە. بەشکەم پەشیمان نەبێتەوە لە گەڕانەوەکەی.

- خەمت نەبێ، خۆشی لێئەگوزەرێ. بە تایبەت چۆن تۆش لە گەڵی ئەڕۆی.

- دڵنیای وا ئەبێ؟

- ئەرێ. زۆراو خزم و کەسداره. پێشوازیێکی باشتان لێئەکرێت. هەموو ڕۆژێ لانیکەم بۆ خواردنی شێو داوەتئەکرێن.

- من شام ناخۆم. ڕژیم ئەگرم.

- ناکرێ لەبەر ڕژیمگرتن داوەتی خەڵک ڕەتبکەیتەوە. لەوێ به باشی نابینن. ئەتانی ژەمەکانی خواردنت بگۆڕی. شەوان درەنگ بخەویت و بۆ بەیانییەکەی چاشت نەکەی. خەڵکی سنە زۆر درەنگ ئەخەون. ئەکرێ بۆ خۆتان هەتا درەنگانی شەو لە بناری شاخدا بسووڕێنەوە و سەیارە لێبخوڕن و سەیری شێوەژیانی تەواو جیاوازی ئەو خەڵکە بکەن.

- چۆن ئەکرێ لەگەڵ ئەو خەڵکە پێوەندی بگرم؟

- لە گەڵ کورد پێوەندی گرتن هەر زۆر ئاسانە. هەنگاوێ بەرەو لایان بنە، دە هەنگاو بەرەو ڕووت دێن. ناوی خۆت بێژە پێیان، سەربوردەی دا و داپیرانیشیان بۆت ئەگێڕنەوە. کە لە کاتی خواردندا دییانت، بچۆ پێشەوە و خۆت بکە بە برابەشیان.

پیانخۆشئەبێ.

- زۆر چاکە. کوردگەل ئەوەندە مێهرەبانن؟

- ئەرێ هەتا ئەو کاتەی غەریبی، مێهرەبان ئەبن لەگەڵت. لەوێ وشەی غەریب مانایێکی تەواو جیاوازی هەیە لە چاو ئێرە. غەواره لەوێ واتە میوان، واتە کەسێ کە هەمووان ئەبێ ئاریکاریی بکەن. هەڵسووکەوتی کوردگەل لە گەڵ کەسی غەواره وەک هەڵسووکەوتی ئاڵمانییەکان وایە لەگەڵ ئاژەڵەکان. ئاڵمانییەکان ئاژەڵخۆشەویستن، کەچی قاڵاوی پلاستیکی لە بەر پەنجەرەکانیان دائەنێن بۆ ئەوەی کوتر نەوێرێ لەوێ بنیشێتەوە یان سەگە خۆشەویستەکانیان لەبەر ڕاحەتی خۆیان قێڕە ئەکەن. وەک وتم سەفەرێکی خۆشتان ئەبێ. بە مانگێ خۆمانیی نابیتەوە.

- شتێکیتریش کە لێی ئەترسم، کوردی قسەکردنەکەی زۆراوە. زۆرم سەرنجداوە کاتێ لەگەڵ تۆ قسە ئەکات. هەرچەن لێم نەپرسیوە، بەڵام هەستئەکەم لەڕوویەهەڵنایە لەگەڵ بنەماڵەیدا قسە بکات. هێشتا هەر چەتیان لەگەڵ ئەکات. کوردییەکەی زۆر خراپە؟

- بە ڕەنگەزاری ئاڵمانیی ئەدوێ. بەڵام زۆر خراپیش نییە. ئەگەر ڕۆژێ چەن ساعەتێ کوردی قسە بکات، چارەسەر ئەبێت.

- تۆ ئەتانی یارمەتی بدەی؟

- بەداخەوە کاتی ئەوەم نییە. چونکە ئەبێ ئاڵمانییەکەم باشبکەم. بەڵام ئەوە گرفتێکی وا گەورە نییە. من ئەتانم دەیان کەسی پێ بناسێنم کە بیانەوێ ڕۆژانە قسەی لەگەڵ کەن.

- بەڕاست، کێ مەسەلەن؟

- کوڕ و کچە دۆستەکانم، دایکم...

- ئەتانی تکای ئەوە لە دایکت بکەی؟

- تکای ناوێ، ئەو لە خودایە قسەوباسی وڵاتێ ببیستێ وا ئاخرچۆڕەکەی تیایا ئەژیت.

- بە زۆراو ئەڵێم هەموو شتێکی لا باسنەکات.

- ئەوەی ناوێ، دایکم لای خۆی ئێژێ کەمپی پەنابەران هیچ نەبێ لە زیندانی ئێران باشترە.

پەرداخێ لە سەر مێزەکە هەڵئەگرێت.

- قاوەیێک ناخۆیتەوە؟

- دەستت خۆش بێت، نە. حەز ئەکەم چەن پێکێ لە ئارەقەکە بخۆمەوە.

بە دەستپارێزییەوە قاوەیێکی تێکرد بۆ خۆی. لە خوڕەی قاوەکە دیاربوو بەس بنەکەی پڕکردووە. مەتارەکەی ڕاستکردەوە. چرای دەسییەکەمم هەڵکرد و پاڵمدا بە گوڵدانەکەوە. دەستم بە بتڵی ئارەقەکەدا هێنا. گەرم ببوو. خواردنەوەکەم لەبەرچاوکەوت، بەوەشەوە بتڵەکەم لە نێو ئاوەکە دەرئانی و لە بەر تیشکی چرای دەستییەکەم پێکە بچکۆلەیێکم تێکرد و بە نابەدڵ خواردمەوە. دوای ئەوەی پێکەکەم هەڵدا و کەوچکێ لە جاجگەکەم کردە شوێنیا، کێرستێن شوێنی قسەکانی خۆی گرتەوە.

- ئەکرێ شتێکت لێ بپرسم؟

- چیت پێ خۆشە بپرسە.

- سپاس. زۆراو بۆ ئەگریا؟

- بە هۆی گۆرانییەکەوە بوو.

- ئەزانم. گەرەکمە بزانم گریانەکەی لەبەر ناوەڕۆکی سترانەکە بوو، لەبەر تامەزرۆیی نیشتمان، یان کەوتنەوە بیر کەسێ، یان هەر هەموو ئەمانە پێکەوە؟

- کێرستێن، هەتا ئێستا دەنگی بارانت بیستووە؟

- تێناگەم مەبەستت چییە.

- سووک و ئاسان،مەبەستم دەنگی بارانە.

- ڕەنگە ئەو خوڕەخوڕە بێژی وا باران سازیئەدات، کاتێ بەر شووشەی پەنجەرە یان سواڵەکانی سەربان ئەکەوێ.

- نە، ئەوانە دەنگی شووشە و سواڵەن. بەس کاتێ ئەتوانی گوێ لە دەنگی باران بگری کە لە ژێر ڕەشماڵدا بخەوی. کۆچەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ژێر دەوارگەلێکدا ئەخەون کە لە مووی بزن دروستی ئەکەن. موو تاقە مۆڤێکی سروشتییە کە بە تەڕیی کێشیدێت. ئەو خەڵکەی لە ژێر ڕەشماڵدا ئەخەون، بارانیان بەرناکەوێ، کەچی دەنگی باران بە هەموو وردەکارییەکانیەوە ئەبیسن. قەت تێناگەی خەوی ژێر باران چەن خەیاڵاوییە، هەتا بۆ خۆت لە ژێر ڕەشماڵدا نەخەوی. مێلیۆنەها دلۆپ، بەر تووکەکان ئەکەون و دەنگی سەمفۆنیاییێکی سروشتیت دێتە گوێ کە فرِ و ئاستەدەنگ و خێراییەکەی، ڕووداوەکانی شەوەسات دیاریئەکەن. لە شەوێکی ئاوەهادا، زۆراو بۆ یەکەمین و دوایین جار بە لای بنەماڵەیێکی دەوارنشینی کوردەوە لە سەرووی چیادا، ڕۆژئەکاتەوە. چونکە لەپڕ بارانێکی تووش دائەکات و ئەمانیش جلی پێشمەرگایەتیان لەبەرئەبێت. لەو شەوەدا پیاوی خاوەندەوار و کچە پەلکە

ڕەشەکانیان، ئارەقیان لەگەڵ ئەخۆنەوە و پێکەوە لە ژێر ڕەشماڵەکەدا ئەخەون. پاش شەوێکی باراناوی، زۆراو و عیسا بە بۆنی نانی ساجی و دەنگی خۆشی گۆرانیچڕینی یەک لە کچەعازەبەکان خەبەر ئەبنەوە. گۆرانییەکەی ئەمشەو زۆراوی بیر ئەو شەوە خستبووەوە.

- نازانم بۆ زۆراو باسی ئەم شتانەم بۆ ناکات. ڕەنگە هەستبکات دڵی لێ چەپەڵئەکەم.

- نە کێرستێن، زۆراو باسی ئەم شتانەی بۆ نەکردووی، چۆن بە قسە ناوترێن. من ئێستا چیرۆکێکی خۆمم بۆت گێڕایەوە. زۆراو بەس پێی وتم گۆرانییەکە بیر شەوێکی خستۆتەوە کە لەگەڵ دۆستێکی لە ژێر دەواری پیاوێکی شیوعیدا ئارەقیان خواردۆتەوە. ئەوانەیترم لە گۆرانییەکە و ژیانی خۆم بۆ گێڕایتەوە. تۆ چی تێئەگەیشتی ئەگەر زۆراو ئەم چەن دێڕەی پێ بگوتبای؟ ئەمڕۆکە، بێت و کەسێ بەسەرهاتەکانی خۆی وەک حیکایەت بگێڕێتەوە، خەڵک بە گەمژە یان فرەوێژی دائەنێن. ئیتر خەڵک وەکوو جاران تاقەتی درێژدادڕییان نەماوە. ئەوان بەس ئەیانەوێ بزانن کەی و لە کوێ، شتێ ڕوویداوە و چ کاریگەرییێکی ڕاستەوخۆی لە سەر ژیانیان ئەبێت و لە سەدا چەند ئەگەری ئەوە هەیە لەم ڕووداوە شتێکیان دەسکەوێ.

- پێت وایە زۆراو هێشتاکە ئەو ژنەی خۆشئەوێ؟ ڕەنگە لەم سەفەرەدا بتانین بیدۆزینەوە. ژیانی دەوارنشینەکان هەمیشە بۆ من سەرنجڕاکێش بووە.

- نە کێرستێن، ئەمانە ئەو کەسانە نین تۆ بتانی لە سەر فەیسبووک بیاندۆزیتەوە. کە مرۆڤ لێیان دابڕا بۆ هەمیشە ونیان ئەکات.

- بۆ؟! شوێنی هەموو کەس ئەکرێ هەڵبکەی.

- وایە، بەڵام نەک لە پاش سی ساڵەوە، جا ئەویش کورد بێت. تۆ ناتانی باوەڕ بکەی کوردگەل چەندە ئاسان شت لەبیرئەکەن. کە شەش ساڵم تەمەن بوو، هەواڵی

دەرکەوتنی شاجوانێ سنەی شڵەژاند. وابوو نمایشیاندا. خەڵک پارەیان ئەدا و لە سەرە ڕائەوەستان بۆ ئەوەی چاویان بەو پەرییە، بەو خواژنە بکەوێ. ماوەی چەن حەوتە خەڵک، بە تایبەت پیاوان، ناویان دانەئەنا. پاش بیست ساڵەوە کە بۆ نووسینی یەکەم ڕۆمانم ویستم بیبینم، کەس هیچی لە بیر نەمابوو. ئەگەر چەن ژنێک ناویان نەزانیبا، بێگومان کۆڵمئەدا و ئەمگوت خەو و خەونەزاییێکی مناڵیم بووگە. پاش بە دواداچوونێکی زۆر ماڵەکەییم دۆزیەوە. بەڵام لەوێ نەمابۆو کەسیش نەیدەزانی چی بە سەر هاتووە. من ماوەی یەک ساڵی ڕەبەق لە شارێکدا وا تیایدا لە دایک بووگم، بە دوای ژنێکی بەناوبانگدا گەڕام و لە ئاکامدا جگە لە چەن چرکەییێک دیتنی وێنەکەی، هیچم دەستنەکەوت.

- جا شتی وا چۆن ئەبێت؟!

- یانێ چی چۆن ئەبێ؟

- ناتوانم باوەڕ کەم هەر هەموو پیاوانی شارێک، ژنێ بۆ هەمیشە لەبیربکەن، کە ئاوەها بە جوانیان زانیوە.

- بۆ منیش هەر وابووە. لەو کاتەوە زۆر بیرم لەم شتە کردۆتەوە و ئێستا خەریکە بۆم دەرئەکەوێ کە هیچ نەتەوەییێک لە جیهاندا بوونی نییە کە وەک کوردگەل جوانی کاریانتێبکات و خێراش فەرامۆشیبکەن. بە درێژایی تەمەنمدا گەلێ کچی جوانم دیوە کە ویستوویانە شوو بە کوڕی بێکار و بێعار بکەن، سەرەڕای ئەوەی دەرفەتی زۆر باشتریان بۆ شوو کردن هەبووە. ئەگەر کەسێ لەو کچە عازەبانەی بپرسیایا، بۆ ئەبێ ئەستەرەم شوو بەم کوڕە خوێڕییە بکەی، لەوانەیە لە وڵامدا بیبیستایا، خوەش هەڵئەپەڕێ. دەی با من لە تۆ بپرسم، لە ئاڵماندا کچ قەت لە بەر سەما شوو ئەکات؟

- لەوانەیە بایەخی جوانی لای کوردگەل زۆرتر بێت.

- مەبەستم ئەوە نەبوو. هەڵپەڕکێ دەورێکی ڕاستەقینە ئەبینێت لە ژیانی کوردگەلا. سەمای کوردی شانۆیێکی جوان و پر لە درۆیە کە بەردەوام دووپاتئەبێتەوە. لەم سەمایەدا، مەودای چینایەتی، ئایین، ڕەگەز و تەمەن دەور نابینن. هەموو کەس، وەرزێر و نوێنەری پارلەمان، کرێکار و پرۆفێسور، ژن و پیاو، مەلا و بێدین، دەست لە ناو دەست هەڵئەپەڕن. گرنگترین کەسی ناو ئەم شانۆیەش ئەوەیە وا جوانتر هەڵئەپەڕێت و شاباشی زۆرتری ئەکرێت. بەڵام لەگەڵ تەواو بوونی هەڵپەڕکێ، یەکسانی و گرێدان و یەکیەتیش تەواو ئەبێت. ئەم شانۆیە ئەبێ بەردەوام دووپاتبێتەوە، بۆ ئەوەی جوانییەکانی لەبیر نەکرێن.

- لە هەموو شوێنێکا هەر وایە. بەناوبانگترین وەرزشکار و یاریوانگەلیش، بێت و چەن مانگێ دەرنەکەون، لەبیرئەکرێن.

- قسەکەت ڕاستە...ڕەنگە نەمتوانیبێ باش بۆتی شیکەمەوە.

- دواتر ئەتانی بە تێروتەسەل بۆمی لێکبدەیتەوە. من پێموایە هەموو شتێک لەم جیهانەدا مومکینە، تەنانەت دۆزینەوەی کۆچەرێکی بێناونیشانیش.

- واز لەو باسە بێنە. بهێڵە با شتێکت لێ بپرسم.

- چ شتێ؟

- شتێکی تایبەتی و تاکەکەسی.

- من چل و حەوتساڵم تەمەنە.

پێکەنین دایگرتم، کەچی دەسبەجێ بیر زۆراو کەوتمەوە.

- ببووره، لەبیرم کرد خەوتووە.

- خەمت نەبێ. ئەو بەس بە ڕووناکی و زەنگی دەستییەکەی خەبەری ئەبێتەوە. وڵامی خۆت وەرگرت؟

- نە، ئەمەوێ پرسیارێکی لەوەش تاکەکەسیترت لێ بکەم.

- پرسیار هیچی تێناچێ. ڕاست یان درۆ وڵامێکت هەر ئەدەمێ.

- هەر جنێو نەدەی باشە.

- نا، من ژنێکی مت ماقووڵم، جنێو بە کەس نادەم.

- جا خۆ ئەوە لە ڕۆژ ڕوونترە. کێرستێن چۆن توانیت زۆراو ڕازی بکەی مناڵت ببێت؟

- گەرەکتە زانیاری بۆ نووسینی ڕۆمان کۆکەیتەوە؟

- نە، بەس لام بووەتە پرسیار.

- خۆمیش نازانم. ڕەنگە ڕێکەوت بووبێ. چەنەها ساڵ لە سەر ئەو شتە دەمەقرێمان بوو، کەچی نەک هەر نەئەگەیشتینە هیچ ئەنجامێ، بەڵکوو سێبەری خستبووە سەر دۆسایەتییەکەشمان. ڕۆژێکا بڕیارمدا بۆ هەمیشە واز لەو تەقالا بێئەنجامە بێنم و پاشماوەی ژیانم بەس ڕابوێرم. پاش ئەوەی مێرسێدێسێکی بەرزی شازم کڕی، دام قژمیان بە نوێترین مودێل کورتکردەوە و مۆڵەقێ جلی تازە و گەوهەرم کڕی، هەتا لە ئاهەنگەکانی ناو پاریسدا بە گوێرەی شوێن خۆمی لێ بڕازێنمەوە. چەنەها ساعەت لە سەر گەورەڕێ و شەقامەکانی شاردا ئەخولامەوە و بیرم لە حەوتە بریسکەدارەکەی داهاتووی نێو پاریس ئەکردەوە. لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ، لەسەر شەقامێکی بچکۆلەدا مناڵێکم بەرچاوکەوت. کوڕێکی زەڕەشیرینی سێ چوار ساڵان بوو

که هەوڵیئەدا پشیلەیێک لە سەر ئەرز هەڵبڕێت و بیگرێتە باوەش. لەخۆوە تورمزمگرت. وەک مێرووله لە پەسا هەوڵە بێئەنجامە شیرینەکەی دووپاتئەکردەوە. لەپڕ پشیلەکەی بەردا، لایکردەوە و بەرەو ماشێنێکی داشقە ڕایکرد. دایکی بە خۆشحاڵییەوە لە ماشێنەکەی دابەزی، بە تورکی شتێکی پێ وت، هەڵیبڕی و توند لکاندیە سنگیەوە. پاش چەن چرکە مناڵەکە لەگەڵ دایکی دوور کەوتنەوە، بە بێ ئەوەی بۆ جارێکیش چییە ئاوڕ بداتەوە و لە پشیلەکە بڕوانێ. پڕ بە دڵ ئیرەییم بە بەختەوەرییە ئەو ژنە برد و ئیتر نەمتانی لێبخورم. دوورێک لە نێو ماشێنەکەدا گریام. پاشان تەلەفۆنم بۆ زۆراو کرد و سوێندی دنیام بۆ خوارد کە هەتاکوو ماوم قەت قسەی لەگەڵ نەکەم ئەگەر بێت و هەتا شەوی ڕۆژی داهاتوو ڕازی نەبێت مناڵێکم لێ ببێت. بۆ ئەو ئێوارەیە یەکترمان بینی و لە هەمان شەودا بۆ یەکەمجار کەوتە گێڕانەوەی بیرەوەرییە ترسناکەکانی ژیانی خۆی. هەرچەند گوێگرتن لەو بەسەرهاتانە بۆ من زۆر دژوار بوو، کەچی هەوڵمدا هەتا کۆتایی گوێی لێ بگرم، بەڵام بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە  قوڵپی گریان تەنگی بە خۆی هەڵچنی. ویستم ئارامی کەمەوە بۆ ئەوەی ڕەگی ئەو ئازارە بدۆزمەوە وا ژیانیان لێ کردبووە کابووس. لەناکاو تووڕە بۆو قیڕاندی:

- لەوە زیاتر ئەتەوێ چی ببیستی. ئەتەوێ بزانی چۆن تێکیان شکاندم؟ گەرەکتە بزانی دەروونی ئەو زیندانیە بۆ چنگتێوەردان چەن بەپێزە وا لە ژوورە تاکەکەسییەکەیدا لێی تێکئەچێ کە ئاخۆ حەوت مانگ یان پازدە ساڵی ژیانی تێپەڕیوە؟ ڕێک چیتر ئەتەوێ ببیستی پرۆفێسۆر؟

دوای ئەم قسانەی بوغزاوی بووم. دەروونم قوڵپی دا و دامە پرمەی گریان. چەن هەوڵمدا نەمتانی خۆم ڕاگیرکەم و لە سەر کورسییەکە بەربوومەوە. زۆراو هەڵات بۆ یارمەتی دانم. باش نازانم چی ڕوویدا. ئەو ڕوومەت و قژگەملی لە پەسا ماچئەکردەوە و ئەیگوت:

- تۆ ڕاست ئەکەی گوڵەکەم، ئێمە پێویستمان بە منالّە.

هەوڵمدا پێی بڵێم کە ئیتر حەزم لە منالّ خستنەوە نییە. ئیتر ڕازی نابم زارۆیێکی بەستەزمان بهێنمە نێو ئەم جیهانە بۆگەنە، بەڵام لە توانامدا نەبوو لێوەکانم بگەڕێنم و ددانەکانم بەر یەک ئەکەوتن. نازانمیش چەندەی خایاند هەتا هاتمەوە سەرخۆ. هەمیسان لە سەر کورسییەکە دانیشتمەوە، پاشماوەی ئاوجۆکەمم خواردەوە و وتم:

- دەستت خۆش بێت وا بەزەییت پیاما دێتەوە، بەڵام ئیتر منالّم ناوێ.

- نە کێرستێن، من بۆ دڵدانەوەی تۆ نەموت. زۆر بیرم لێ کردۆتەوە. ئێمە پێویستمان بە منالّە.

- نە زۆراو، ئێمە قەت ناتانین لە داهاتوومان دڵنیابین. هیچ دوور نییە گەمژەیی دیسانەوە ئەم وڵاتە دابگرێتەوە. قسەکەت ڕاست بوو. ئێمە بۆمان نییە لەبەر بەرژەوەندی خۆمان، منالّێکی بێتاوان ناچار بکەین سەر بکات بە نێو ئەم جیهانە چەپەڵە.

- نە کێرستێن، خەڵکیتر هێڵایان ئێمە پێ بنینە نێو ئەم دنیایە، بۆیە ئێمەش بۆمان هەیە دەرفەتی خوڵقان بە کەسێکیتر بدەین.  تۆ خۆت ئەتانی بڕیار بدەی کە ئایا من ئەوەم ڕازیکرد، یان ئەو لەبەر دڵی من ڕازی بوو منالّدار ببم.

- ئێستا هەستت چۆنە؟

- ڕاستییەکەت ئەوێ هەستێکی باشم نییە. جارناجار ئەم ئاوڵەمەیەی ناو منالّدانم، وەک دەعبایێکی نەویست دێتە بەر چاوم. بڕێجار هەستئەکەم زۆراو بەس بە دوای بەزاندنی منەوە بووگە.

- بەزاندن، یانێ چۆن؟

- ئەگەر ئەو بەسەرهاتەکانی خۆی وەها دڵتەزێن و بە هەموو وردەکارییەکانیەوە نەگێڕابایاتەوە، من نەئەکەوتمە دۆخێکی وەها هەستیارانەوە کە سوێندەکەی خۆم بشکێنم. هەستئەکەم ئەو خاڵی لاوازی منی پێکا، بۆ ئەوەی بمبەزێنێت و پاشان بۆ خۆی، وەک ساقەسەر، ئاواتەکەم بێنێتە دی.

- چی؟! بەڕاستی ڕاستە کە ئەڵێن کسم و کار کەسێتی خەڵک دیاریی ئەکات. زۆراو ئەو شتانەی ئاوەها بۆت گێڕاوەتەوە، چۆن بۆخۆشی بە هەمان شێوە بیستوویە. من بۆ خۆم گوێم لە قسەی پیاوانی شەڕکەر بووە. ئەوان وەها بێهەست باسی هاوار و زریکەی قوربانییەکانی خۆیان ئەکەن، وەک ئەوەی مێکانیکێ قسەی بۆڕەبۆڕی ماشینێ بکات. جگە لەوەش ئاساییە کەسێکی دەروونناس بە دوای پاڵنەر و ویستەناوی کردەوەی کەسەکاندا بگەڕێت.

- ئەوەش هەر ئاساییە کە نووسەرەکان خەڵکیی وەک سووژەی داستان بەکار بێنن؟!

- بە داخەوە وایە. نووسەرگەل لایەنی بەرامبەریان وەک تەوەرەی داستان ئەبینن. بەڵام ئەوە گرنگترین تایبەتمەندی نووسەرگەل نییە.

- لەوە گرنگتریشیان هەیە؟!

- ئەرێ. ئەوان لە خەڵکانیتر باشتر درۆ ئەکەن.

- مەبەستت خەیاڵ و فراندنە؟

- مرۆڤ دیاردەکان بە مەیلی خۆی مانا ئەکاتەوە. بەڵام من مەبەستم هەر هەمان واتای باوە. بۆ وێنە نووسەر گۆشەنیگای جۆراوجۆر بە کار دێنێت بۆ ئەوەی کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی لە پشتیانەوە بشارێتەوە. ئەمەش درۆیێکی زەبەلاحە.

- بەڵام نووسەری واش هەن، وەک کەسێتیێ لە نووسراوەکانیاندا دەرئەکەون. بە

ناوی ڕاستەقینەی خۆشیانەوە.

- وایە، بەڵام هیچ دادوەرێک ناتوانێ ئەو شتانەی وا نووسەرێ لە سەر خۆی نووسیویەتی، وەک بەڵگەیێک بۆ تاوانبارکردنی بە کاربێنێت. چونکە چیرۆک، بە پێچەوانەی هەواڵ و دیرۆک، بە گریمانەی ناڕاستبوونەوە ئەنووسرێت و ئەخوێندرێتەوە... ئەزانی بۆ حەزم لە زمانی ئاڵمانییە؟

- بۆ؟

- چونکە لە ئاڵمانیدا یەک وشە بۆ چیرۆک و دیرۆک دانراوە. واتە ئاڵمانییەکان بەردەوام ئەوەیان زانیوە کە هەردووکیان لە بنەڕەتا درۆن.

- هەر بە ڕاست درۆ کردن بە ئاسایی ئەبینی؟

- ئەرێ. پێم وایە هەموو خەڵک درۆئەکەن. کە لە ئێران لە زیندان بووم، پیاوێکم ناسی. کابرا دز بوو. هەر کەسێ لێی بپرسیبا کسمت چییە، ئەیوت کسمم دزیکردنە. سەرەتا وەمانئەزانی گاڵتەمان لەگەڵ ئەکا. دواتر لە قەراخێکدا پێم گوت یانێ تۆ دزی کردن بە کسم و کار ئەزانی؟! لە وڵامدا وتی› گشت خەڵک ئی دنیا دزن. یەی سری دووکان کوتن، یەی سری بانک کوتن، ئەی سری مەملەکەت کوتن و یانەیتریش موخ کوتن‹ بە پێی دانراوەی ئەو کوڕە، هەر هەموو خەڵکی ئەم دنیایە درۆزنن. کۆمەڵێ درۆ لەگەڵ خەڵکیی ئەکەن و ئەوانەیتریش لە گەڵ خۆیان.

- گریمان واش بێت، خۆ ئێمە نابێ بانگەشە بۆ درۆکردن بکەین.

- من نەمگوت درۆ شتێکی باشە. بەڵام وەک ڕاستی مەترسیدار نییە.

- چی؟! تۆ ئەتەوێ پەڕۆیێک بهێنی بە سەر هەر هەموو مێژووی گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتیدا و هەر هەمووی بسڕیتەوە؟

- مەبەستت کامە مێژووە، دیرۆک یان چیرۆک؟

- هەرچێ. خۆ من نامەوێ بە وشەکان یاری بکەم. ڕەوتی گەشەکردنی ئاوەز.

- ڕاستیی، فری بە سەر مێژووی گەشەکردنی ئاوەزەوە نییە. بەڵکوو دۆزراوەیێکی مێژووی دەسەڵاتە. بەرلەوەی ئەم وشەیە بدۆزرێتەوە، خەڵکی لەگەڵ دەسپێکردنی بەهاردا جێژنێکیان ئەگرت. ئەم جێژنە سیازدە ڕۆژی ئەخایاند. لە بەرامبەر هەر مانگێکدا ڕۆژێ. ڕۆژی سیازدەهەمیش بۆ درۆ کردن بوو. جەماوەری ئەو سەردەمە درۆیان توور نەدابووە دەرەوە لە ژیان. چونکە بە بەشێ لە سروشت و ژیانیان ئەزانی، وەک دیاردەیێکی هێشتا دەرنەکەوتوو. کەچی ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێ ئیدعای ئەوەی کرد کە گوایا کرۆکی ڕاستیی دۆزیوەتەوە. لەو ڕۆژەوە سیازدەی ساڵ، بوو بە رۆژی قەشقەیی و ژمارەی سیازدەش بوو بە ژمارەیێکی قەشقە.

- لە ئاڵمانیشدا هەر سیازدە بە قەشقە ئەزانن.

- وایە، چۆن ئوستێرفێست و جێژنی نەورۆز ڕەگیان لە یەک جیهانبینیی واتە تیشکپەرەستییدایە. هاوچەشنییەکانی نێوان ئەم دوو جێژنە حاشاهەڵنەگرن. هەردووکیان لە یەک کاتدا دەستپێئەکەن و خەڵکیی، نەریتی هاوچەشنی تیا بەجێدێنن. ڕەنگکردنی هێلکە و هێلکەشکێنی لەم کاتە تایبەتییەدا هێماییێکی هاوچەشن وێنائەکەن. لەوانەشە وشەی ئاپریل لەگەڵ وشەی کوردیی ئافرین هاوڕیشە بێت. چونکە تیشکپەرەستەکان لایان وابوو سروشت لە گەڵ دەسپێکی بەهاردا خۆی ئەژینێتەوە. جگە لەمانەش ڕۆژی درۆی ڕۆژهەلات، سیازدەبەدەر، لە گەڵ ڕۆژی درۆی ڕۆژئاوایی، یەکی ئاپریل، ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ جیاوازی زەمەنیی هەیە.

- تۆ لەم شتانەی باستکرد دڵنیای؟ ئەم هاوچەشنیانە زۆر نێزیکن، کەچی من هەتا ئێستا هیچم لێ نەبیستوون.

- تەنانەت ئەگەر هەر هەموو ئەو شتانەی بۆتم باسکرد درۆش بن، خەسار لە کەس نادەن.

- تێئەگەم. تۆ لە وڵاتی داستانەکانی هەزار و یەک شەوەوە هاتووی.

- نە، من لە وڵاتی بەیتبێژە بێ ناونیشانەکانەوە هاتووم.

- بەیت چییە؟

ویستم وڵامی بدەمەوە، کە دەنگی زۆراوم هاتە گوێ. وەمزانی بە نیازە شتێ بێژێ. بەرەو دوا ئاورڕم دایەوە. لە سەر کورسیخەوەکە ڕاکشا بوو. بە دەم خەوەوە ئەدوا. دیار نەبوو چی ئەڵێت. لە کێرستێنم پرسی:

- لە کاتی وڕاوە کردنا بە چ زمانێ ئەدوێ؟

بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەگەر باسی چتێ بکات کە پێوەندی بە منەوە بێت، ئاڵمانی قسە ئەکات.

بیر باوکە هەژارەکەی خۆم کەوتمەوە وا هەمیشە لە خەودا وڕاوەی ئەکرد و بۆیە هەموو کەینوبەینێکی لە گەڵ ژنان، بۆ دایکم دەرئەکەوت. فەقیرە هەتا ساڵانێکیش هەر نەیزانیبوو چۆن دایکم بەر لە خۆی، ئاگاداری کەینوبەینەکانی ئەبێ. دەرەنجامەکانی ئەم وڕاوەکردنگەلەی باوکم بۆ خۆی ڕۆمانێکی دوور و درێژە، بەڵام گرنگترینیان لای من ئەو نوکتەیە بوو وا دایکم وەک هێمای چارەڕەشی هەر هەموومان دژ بە باوکم ئەیگێڕایەوە. گوایێ جارێکان پەریی ئاوات لە باوکم دەرئەکەوێت و پێی ئێژێت >من ئەتانم سێ ئاواتت بەدیبێنم. ئاواتەکانت چەن؟

باوکیشم ئێژێ، هیچێ، بەس بێسە با بتگێم<

پێکەنین دامیگرت. کێرستێن پرسی:

- بە چی پێئەکەنی؟

- زۆرینەی خەڵکی کورد بۆ هەموو شتێ نوکتە دروستئەکەن. ڕێک بە پێچەوانەی بەیتبێژەکان. ئەو دەنگبێژانە زۆربە ڕووداوە تاڵەکانی مێژوو ئەگێڕنەوە. هەتا ئەم دواییانە ئەو بەیتبێژگەلە تاقە کەرەستە بوون بۆ پاراستنی نەستیی مێژوویی زمان لە نێو کۆمەڵگای نانڤیساری کوردیدا. ماوەیێکی لەمەوپێش هەوڵمدا بۆ دۆزینەوەی بەیتێ کە چەن ساڵی لەوەوپێش ژنەفتبووم. چونکە بەنیازبووم سەرەتای ڕۆمانە تازەکەم بە کورتەی ئەو بەیتە دەستپێبکەم. کەچی نەک لە ئینتێرنێت و نەک لە لای ئەو کەسانەی وا خەریکی کۆکردنەوەی ئەو شریتگەلەن، نەمتوانی بیدۆزمەوە. ئەو بەیتە باسی ژیانی بەیتبێژێک ئەکات کە لە کوردستانەوە هەڵدێت بەرەو وڵاتێکیتر. هۆی هەڵاتنەکەیێم لە بیر نەماوە. لەوێ ئەیگرن. بە سیخوڕی دائەنێن و ئەیانەوێ لە دارقەواخی بدەن. کەچی یەکێک ئەڵێت کوردگەل خاک و خۆڵی خۆیانیان زۆر خۆشئەوێت. تۆزێ خۆڵی وڵاتەکەی بکەنە ژێر پای و سوێندی پێ بدەن. بەیتبێژەکە سوێند بە خاکی کوردستان ئەخوات کە بێتاوانە و بەرەڵا ئەکرێت. کەچی لە کوردستاندا دیسانەوە قوڵبەستی ئەکەنەوە و پێی ئەڵێن ئەگەر سیخوڕی ئەوان نەبوایای قەت بەرەڵا نەئەکرای. بەیتبێژەکە سوێند ئەخوات بە هەموو شتە پیرۆزەکان، بە خاکی کوردستانیشەوە، کە بێتاوانە. بەڵام خەڵک بڕوای پێ ناکەن. لە کۆتاییدا یەکیان ئێژێت. دیواری بە دەوردا بچنن، با هەتا دیوارەکە تەواو ئەبێت، دەرفەتی ببێت بە گێڕاندنەوەی بەیتێک پارێزگاری لە خۆی بکات. بەیتبێژەکە

دەستئەکات بە خوێندنی بەسەرهاتی خۆی و هاوکات کەسێکیش دەستئەکات بە هەڵچنینی چواردیوارێک بە دەوریدا. ئەو ناتوانێ بەیتەکەی خۆی تەواو بکات بەرلەوەی لە دیوارەکەدا بخنکێت. خەڵکێکی ئاوەها  بە ئەفسانەی پاشاکان ناناسرێن.

- بەڵام داستانەکانی شەهرزاد، چیرۆکی پاشاکان نین.

- تۆ کێ بە قارەمانی ئەو چیرۆکانە دائەنی؟

- شەهرزاد.

- بۆ؟

- چۆن ئەو تاقە ژنی پاشا بوو وا بە ژیرێتی توانی ژیانی خۆی بباتەوە.

- تۆ هەڵاتن لە مەرگ بە قارەمانێتی دائەنی؟

- مەرج نییە وابێ. بەڵام شەهزاد زۆر ژنیتریشی لە مردن دەربازکرد.

- بەڵام دواتر شووی بەو پاشا خوینخۆرە کرد. من پێموایە، پاشا قارەمانی چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە.

- بۆ؟

- بیرت لەوە کردۆتەوە، کە بۆچی پاشا ژنەکانی خۆی ئەکوشت؟

- من ئەو ئەفسانەگەلەم بە مناڵی خوێندۆتەوە.

- منیش هەروا. بەڵام تازە لە ئاڵمانا هەستمکرد کە هۆکاری کوژرانی ئەو ژنگەلە لە لایەن پاشاوە ئەبێ شەرمی پاشا لە بچووک بوونی کێری بووبێت. ترساوە ژنەکانی باسی بچووک بوونی کێری بۆ دیتران بگێڕنەوە. کە شەهرزاد یەکەم چیرۆکی جوانی خەڵکیی بۆ گێڕایەوە، تێگەییشت کە جەماوەر گەلێ شتی سەرنجراکێشتر لە قەبارەی کێری پاشایان بۆ گێڕاندنەوە هەیە. لەم شەوەدا شەهرزاد گەمەکەی بردەوە، بەڵام ئەوەندە ژیر نەبوو تێبگات کە پاشا لە توانایدا نییە بیکوژێت و هەزار شەویتریش لە بەرزەخدا مایەوە و لە ئاکامدا بوو بە ژنی نەخۆشێکی خوێنمژی وا.

- جا تۆ بڕوات وایە ئەم شتانەی گێڕاتەوە ڕاستن؟

- جا کوا ڕاستیی بوونی هەیە. حەوسەد ساڵێ لەمەوبەر شاعیرێکی فارس، مەولانا بەلخی، نووسیویە› ڕاستیی ئاوێنەییێکی گەورە بوو کە جارێکان لە ئاسمان داکەوتە خوار و پەراش پەراش بووەوە و هەر کامە لە ئێمەمانان بەس پارچەییێکی بچووکیمان دەسئەکەوێت‹

- زۆر جوانە. جا خۆ ئەمە هەر ڕێژەگەرییە.

- نە، ڕێژەگەریش وەکوو دیکەی ئایدۆلۆژیاکان چەقبەستووە. ئەم ڕستە باوە› هەموو شتێ ڕێژەییە‹ لە خۆیدا گیرساوەتەوە. ئەمرۆکە وەکهەسەکان ڕێژەیی و ڕاستییەکان نەگۆڕ بووگن. کۆمەڵێ کەسی تایبەتی، پارچە ئاوێنەکەی خۆیان ئەگرنە بەر زەرەبینی گەورە میدیاکان و هەزار هێندە گەورەتر پیشانئەدرێن. هەمیشە هەر وا بووگە. کە جەماوەر هاوکات درۆ بکەن، ناوی ئەنێن ڕاستیی. بەڵام کە کەسێ، جیاواز لە ڕای گشتی شتێکی وت، بەرتوێڵی بە کافر و خەونبردوو، داخئەکەن.

- قسە هەر تەواو نابێ. ناتەوێ بخەوی؟

- پێکێکیتر ئەخۆمەوە و ئەخەوم. قاوەکەی تۆش بوو بە دەمی مردوو.

- تازەودوا ناخۆمەوە. ئەچم ئەخەوم.

- کێرستێن پرسیارێکیترم هەیە. ئەکرێ بە کورتی وڵامم بدەیتەوە.

- پرسیار بێت قەیناکا، بەڵام تاقەتی مشتوومڕم نییە.

- پاش بڕیاری مناڵدار بوونتان چیڕوویدا. وا دیارە هەموو شتێ زۆر بە خێرایی تێپەر بووە.

کێرستێن دەستی چەپی لە سەر مێزەکە هەڵگرت و لە مەچەکی دەستەکەیتری شتێکی وەکوو بازنەی کردەوە. دەستی هەڵبڕی بەرەو ڕوومەتی. بە هەر دوو دەستی، قژی خۆی بەرزکردەوە و چەن جار بە دەور سەریدا بایدا و وەها بە خێرایی بە بازنە کیشییەکە بەستنیەوە، چما لە ژوورێکی ڕووناک و لە بەر ئاوێنەدا ئەوەی کردبێت. کچەدۆستێکی جارانی منیش هەر وا بوو. ئەو بە بێ ئاوێنە، ڕیملی چاوە گەورە و هەنگوێنییەکانی خۆی ئەکێشا. پاش دوو ساڵ دۆستایەتی بەو توانامەندییەیێم زانی. نیوەشەوێ لەپڕ خەبەرم بووەوە. بەرامبەر بە من لە سەر کورسی دانیشتبۆو مکیاجی ئەکرد. لە ژێر چاوەوە لێی ورد بوومەوە هەتا لە مکیاجکردنەکەی بووەوە. ئەوسا بە سەر تەختەکەدا پلم خوارد و گڵۆپەکەم هەڵکرد. لەو هەموو شارەزاییەی حەپەسام، بەڵام بیرمکەوتەوە کە پەردەی ژوورەکەی نەکێشاوە و ویستم گڵۆپەکە بکوژێنمەوە، کەچی بۆخۆی چوو بەرەو پەنجەرەکە. دەستەکانی دانایە سەر لێواری

ستادییەکە و وتی> ئەو پیاوەی سەعاتی دووی نیوەشەو بە خەبەرە و سەیری بارینی بەفر ئەکات، بۆی هەیە هەموو ژنێ بە ڕووتی ببینێت< حەز ئەکەم چرای دەستییەکەم هەڵکەم و ببینم کێرستێن بە بێ گوارە گەورەکانی گوێی چۆن ئەنوێنێ. کەچی ئەو دێتە گۆ:

- پاش بە ئاکام گەیشتنی مشتومڕەکەمان حەزمئەکرد زیاتر بخۆمەوە. زۆراو چووبوو لە نێو ماشێنەکە چەن ئاوجۆیتر بێنێت. هەڵسامە سەر پێ و لەو بەرزاییەوە لە شار و لە هێماکەی مێرسێدێس بێنز ڕامام. لەناکاو شتێکی سەیر ڕوویدا. هێماکەی بێنز و دیکەی چراکانی شار کاڵبوونەوە و شار دەرکەوت. ئەمتوانی ماڵەکان، درەخت و شەقامەکان ببینم. ئەم دیمەنە زۆری نەخایاند. بەڵام وەک دڵەزایێک بوو بۆ من.

- عەرەبگەڵ بەم ساتەوەختە ئەڵێن، بەیانیی درۆزن.

- بەڕاست؟! من وەمەزانی خەیاڵ بووە.

- نە، ئەو دیاردەیە هەموو ڕۆژێ ڕووئەدات. بەڵام لە شارە چراخانەکاندا هەستی پێ ناکەین.

- من وەمەزانی تووشی ئەو حاڵەتە ببووم، چۆن بە مەستی و لە دۆخێکی خۆشی دەروونیدا، دوورێک لە سووڕانەوەی هێماکەی مێرسێدێس ڕامابووم.

- گائەز. یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە زۆر بیرت لە دێڕەکەی هێگڵ کردۆتەوە.

- کام دێڕ؟

- ئەوەی وا بە قەد دیواری هەمان بورجی مێرسێدێسدا نووسراوە› ئەو ترسە لە ڕێ ون کردن، هەر هەمان ڕێونکردنە‹

- من هەتا ئێستا ئەوەم نەدیوە.

- چی؟!! بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێ بە لانیکەمەوە دوو جار بە بەردەم ئەو دیوارەدا تێئەپەڕی.

بە دەست تیکەیێک لە کێکەکەی هەڵگرت. قەپێکی بچووکی لێگرت و کەوتە جاوینی. کە قورتیدا وتی:

- ئەگەر لە دیتنا کوڵ نەبوایام، ئەبووم بە دەرهێنەر یان سەماکار. نە، من ئەو دەمەوبەیانییە بیرم لە ڕۆژێکی سەردەمانی منداڵی خۆم ئەکردەوە. لە گەڵ دایک و باوکم لە ناو فڕۆکەدا بووین. کە زۆراو گەڕایەوە، بۆم گێڕایەوە کە لەو ڕۆژەدا بەردەوام لە باوک و دایکمم ئەپرسی کە ئایا ئەو کێو و ڕووبارانەی لە ئاسمانەوە ئەیانماندی هی ئاڵمانن یان هی وڵاتێکیترن. بەڵام ئەوان نەیانئەزانی وڵامم بدەنەوە. ئەو کاتە لای خۆم ئەمگوت ئەوان جیهان باش ناناسن. هەتا گەورە بووم و بە تەنێ خۆم سواری فڕۆکە بووم. ئەوسا تێگەییشتم کە لە ئاسمانەوە سنووری وڵاتەکان دیار نین. لەوێوە شاخ و دەشت و دەریاکان پێکەوە لکاون. مرۆڤ ئەو کاتە هەست بە سنوورەکان ئەکات وا قاچەکانی ئەنێتە سەر ئەرد. ئەوسا خۆی لە وڵاتێکی ڕووپێوکراو و شارێکی پێناسەکراودا ئەبینێتەوە. زۆراو بیری خستمەوە کە دوایین دەسکردی مرۆڤ، وا لە ئاسمانەوە ئەبینرێت، دیوارێکە. بۆیە لێم پرسی:

- حەز ئەکەی منداڵەکەمان لە کامە وڵاتدا لە دایک بێت؟

- بۆم گرنگ نییە.

- دەی ئەگەر وایە با ئەم ساڵەوە سەفەرێکی سەر ئوقیانووسی ئارام بکەین و بهێڵین منالەکەمان لەوێ لە دایک بێت.

چاوەکانی لە خۆشیا بریسکەیان تێ کەوت. دەستەکانمی گرتە نێو دەست. چاوگەلی نووقاند و کەوتە ماچکردنەوەیان. کە چاوەکانی کردنەوە لێی پرسیم:

- بەڵام تۆ چل و حەوت سالت تەمەنە!

شتووتگارت

٢٠١٣/٠٧/٠٣

**که بیر له نیشتمانتان ئەکەنەوه، یەکەم شت چی دێته پێش چاوتان، هەست به چ بۆنێک ئەکەن، چ دەنگێ ئەبیستن؟**

یەکەم دیمەنێ دێته پێش چاوم ئەو چیا جوانانەیه وا دەسەڵاتی تورکیه ڕۆژانه بوردمانی دەکات یان به ئەنقەست ئاوری تێبەرئەدرێت. نیشتمان بۆ من بۆنی بازاری جوولەکەکانی سنه ئەدات وا دووکانداره جوولەکەکان تیایدا بێئەژمار گژوگیای بۆنخۆشیان ئەفرۆشت ئەو دەمەی هێشتا مناڵ بووم. ئەو شتەی ئەیبیستم دەنگه ئەفسووناوییەکەی مەزنترین سترانبێژی کورد، سەی ئەسکەرکوردستانییه وا لەوانەبوو دەنگه سیحراوییەکەی بۆ هەمیشه وندا بێ ئەگەر گرووپێکی ئاڵمانی بەر له سەدەیێک ئەو چوارده سترانەیان لێ تۆمار نەکردبا.

**ئێوه کتێبتان لێ بڵاوبۆتەوه، چەن ڕۆمان وکتێبێکیش له سەرشیکردنەوەی ڕۆمان. ئەتوانن هێندێ باسی ئەوبەرهەمگەلەمان بۆبکەن. کەی وله کوێ له چاپدراون، باسی چی دەکەن؟**

له ساڵی 2001 یەکەم کتێبم به ناوی «مێژوویيتری زامی دایکم» له چاپ درا. ئەم کتێبه له 10 کورتەچیرۆک پێکهاتووه. له ساڵی 200۳ یەکەم ڕۆمانمم به

ناوی سوەیلا لە چاپ دا. کەسێتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە کەسێکی تووشبووی هێرۆئینە. لەبەر پێویستی نووسینی ئەم ڕۆمانە هەموو ئەو مۆڤەسرپکەرگەلەی ئەو دەم لە ئێراندا دەستئەکەوت تاقیم کردنەوە. لە ساڵی 2006 دووهەم ڕۆمانی خۆم بە ناوی بیربا لەچاپدا. تەوەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە نامومکین بوونی هەوڵی خۆکوژییە. ژیانم لە بەغداد، پاش داگیرکرانی لە لایەن ئامریکاوە بە تۆخی لەم بەرهەمەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ساڵی 2008 کتێبێکی ڕەخنەم لە چاپدا. لەم کتێبەدا هەوڵمدا بەرهەمێکی زمانی کوردی بە شێوەڕخنەی تایبەت بە خۆم «ڕاڤەکاریی پێگە» شیبکەمەوە. لەبەرئەوەی لەم کتێبەدا زۆرێ لە تەکنیکەکانی ڕۆماننووسینم خستۆتە بەرباس و هۆنەرە جۆربەجۆرەکانم لەگەڵ یەکتر بەراورد کردووە، زۆرجار وەک کتێبی تیۆری هۆنەر ناوی لێ ئەبرێت. لە ساڵی 2009 سێهەمین ڕۆمانم لەژێرناوی پاڵتاوشۆڕ بڵاوکردەوە. تەوەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە دەسەڵات و خەونەزای سەرۆککۆمارێکە کە مەترسی دەربەی لەسەرە. لە ساڵی 2010 پێش ئەوەی ئێران بەجێبێڵم کۆی شیعرەکانمم لە ژێر ناوی «تەنیا خەریکی پیر بوونین» لە چاپدا.

***چۆن پێوەندیتان لەگەڵ هۆنەر، چاند و فەلسەفەی ئەورووپیدا سازدا؟ حەزی دەسپێکتان چۆن گەشەی کرد؟ کامەها لایەن بەهێزتر بوونەتەوە؟ لە کام بوارگەلا دوورکەوتنەوە ڕوویداوە؟***

لە ساڵی 1988 شەڕی دە ساڵەی ناوچەکە کۆتایی پێهات. ئەم شەڕە خەساری زۆری لێکەوتەوە، ئەمن بۆ خۆم دوو برام لەم شەڕەدا لەدەستدا. ئەوەی بۆ من

و مێرمندالانی هاوگەڕەکی من بگەڕێتەوە، ئەم بزاڤە ئاشتیخوازانەیە بە کۆبوونەوەی شاراوەی حەوتانەوە دەستیپێکرد. لەم کۆبوونەوانەیەدا زۆرێ لە نووسەرە ئەورووپییەکانم ناسی. لە 26 ساڵەی ڕابردوودا بێ پسانەوە خۆم بە هۆنەر  و فەلسەفەی ئەورووپییەوە مژووڵ کردووە. چەتری زمانی ئاڵمانی گەلێک نووسەری باشی  وەکوو کافکا، هێرمان برووخ، تووماس مان، هاینریش بۆل و... لە ژێر خۆیدا خڕ کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی لەم کتێبخانەیەدا بەدی ناکرێت، ڕۆمانی وەکهەسگەرانە (ڕیالیستی )یە. بە پێچەوانەی زمانەکانی ڕووسی و فەرانسی و ئینگلیزی هەتا ئێستاش لە مێژووی وێژەی ئاڵمانیدا ڕۆمانێکی ڕیالیستی باشمان بەرچاو ناکەوێ. لەوانەیە ئەم قسەیەی دوایی من پووچ بنوێنێ، بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەگەر ڕۆمانی ڕیالیستی لە ئەدەبی ئاڵمانیدا نووسرابێت، ئەو ڕۆمانانەن وا کافکا نووسیویەتی. بۆ مۆسیقای ئاڵمانی بارودۆخەکە پێچەوانەیە. مۆسیقای کلاسیکی ئاڵمانی لە گەڵ سات و لە نێو زەمەندا گەشەی کردووە. لە باخ ەوە، هەتا موتسارت و بێتهۆڤێن و ڤاگنێر و... ئەمڕۆکە مۆسیقای ئاڵمانی گەورەترین ڕووبەری مۆسیقای کلاسیکی بۆ خۆی تەرخانکردووە، بەڵام ئەوەی لەم سامانی مۆسیقاییەدا نەبوونی دیارە، مۆسیقای پۆست کلاسیکە. من جێگەی کەسێکی وەک میکیس تیودراکیس لە مۆسیقای ئاڵمانیدا زۆر خاڵی ئەبینم. بەڵام مێژووی فەلسەفەی ئاڵمانی مێژوویێکی جوان گەشەکردووی  ڕەوتی ئەندێشەیە. ئەم ڕەوتە بە چوار پرسیارە گرنگەکەی کانتەوە دەستیپێکرد. ئەو جیهانبینیە وردبینانەیەی لە

سەر ئەزموون و تێڕوانین دامەزراوەی کانت قەرەبووکردنەوی مێژووییێکی مەیلەودەسەڵاتی دووهەزار ساڵەی بەرهەمهاتووی ئەفلاتوون و ئەرەستوو بوو. دوابەدوای کانت گەلێک فیلسووفی ئاڵمانی تر دەرکەوتن کە کاریگەرییێکی زۆریان لە سەر مێژووی فەلسەفە بووگە. شیکاری وردبینانەی چەمکگەلێکی گرنگی وەک تێڕوانین، دیالکتیک، خواستەناو «Willen»، وربوون « Dasein» لە ڕاستیدا پێشوەچوونێ بوو لە ڕەهاخوازییەوە بەرەو زانیینناسی، لە جیهانێکی داخراوەوە بەرەو جیهانێکی کراوە. لە دیرۆکی فەلسەفەی ئاڵمانیدا بەردەبینای مەزنی وەک شۆپێنهاوێر و مارکس بەدی ئەکرێن، بە بێ ئەوان کۆشکی فەلسەفە قەت وەها پڕشکۆ نەیدەنواند.

***ئەکرێ باسی سونەتی ڕۆماننووسی کوردیمان بۆبکەن. چۆن ئەتانەوێ سونەتی ڕۆماننووسی کوردی لەگەڵ سونەتی ئەورووپی پێکەوە گرێ بدەن؟ سنوورەکانی ئەم دوو سونەتە کامەن؟ ئەگەرئەم ئاراستەیە گونجاوە، چۆن ئەکرێ تێکەڵ یان زوڵاڵ بکرێنەوە؟***

شیکارییێکی وا لە سەر ڕۆمانی کوردی زۆر دژوارە، هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەی کاریگەرییان لە سەر زمانی کوردی هەبووە. بە پێچەوانەی شیعر کە تا بووگە بەشی بووگە لە سونەتی وێژەیی کورد و ڕەگی لە وێژەی زارەکی و فولکۆلوردایە، بۆ دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی، وەرچەرخانێکی زمانی پێویست بووگە. شاعیرە کلاسیکە خۆرئاواییەکان و لە نێویاندا شاعیرە کوردەکانیش ئەبوایا ئەو کەسگەلە

بوونایا وا ئەکەوتنە بەر بڕووسکەی ڕووداوە سەیر، هەرەجوان و بەهێزەکانی جیهانی دەرەوە یان سروشتی ناو «دڵنواڕی» ەوە و توانیویانە ئەم بەرکەوتنەیان بە زمانی پڕهەست و سۆز دەرببڕن. بە پێچەوانەی شیعر، بۆ نووسینی ڕۆمان زمانێکی زەینی «سوبجێکتیو» پێویستە کە بۆ نوویسکارێکی کوردی سەدەی نۆزدەیەم لە بەردەست نەبوو. ئەوە ڕێکەوت نەبووە کە یەکەمین ڕۆمانی کوردی نەک لە چوار بەشە گەورەکەی کوردستان،بەڵکوو لە بچووکترین بەشی کوردستان، کوردستانی ئەرمەنیستان کە ئەو کات لە ژێر دەسەڵاتی سوڤیەت بۆو بە دەستی کوردێکی ئێزەدی، عەرەب شەمۆ، لە ساڵی ١٩٣٥هاتۆتە نووسین. لەو کاتەدا کوردگەل لە گەورەترین پارچەی کوردستان، کوردستانی تورکیە، تەنانەت لە ماڵی خۆشیاندا بۆیان نەبوو بە زمانی خۆیان قسە بکەن، هەتا سێ دەیە لەوەو پێشیش ئەو دۆخە هەر درێژەی هەبوو، لە پارچەکانی دیکەشدا بۆیان نەبوو لە قوتابخانەی فەرمی یان تەنانەت نافەرمیشدا فێری خوێندن و نووسینی زمانی خۆیان ببن، بۆیە نووسەرانی ئەو سەردەمە نەیاندەتوانی هەستەزمانی خۆیان پەرەپێبدەن و لە ڕێگەی بەکارئانینەوە بیکەن بە نەستەزمانێ کە بۆ دارشتنی جیهانبینی و نووسینی ڕۆمان دەوری سەرەکی ئەگێڕێت. لێرەدا ڕستە بەناوبانگەکەی کانت تان وەبیر دێنمەوە «ئەو واتایانەی وا بە کەڵک وەرگرتن لێیان ئەزموون ئەکەین، بۆ خۆیان ئەزموونکراو نین، بەڵکوو پێشمەرجی ئەزموونکردنن» لە حەفتاکاندا، پاش ئەوەی کوردگەل لە پارچەیێکی کوردستان، کوردستانی

عیراق، لە قوتابخانە فەرمییەکاند فێری زمانی کوردی ببوون، بزاڤێکی فەرهەنگی دەستیپێکرد و زۆرێک بەرهەمی پڕپایەخی لێکەوتەوە بەڵام نەک لە ئەدەبی ڕۆماننووسی، بەڵکوو لە هەمان سونەتی ئەدەبیی پێشینەدار واتە شیعردا. ڕۆماننووسەکانی ئەو سەردەمە دەبوایا کۆڵی وەها لە ئەستۆ بگرن کە بۆ هیچ ڕۆماننوسێک نایێتە هەڵگرتن. ئەوان خۆیان دەکردە کەرەسەی خۆزیا رامیاری و زمانییەکان. زۆرێک ژانری ئەدەبی وەکوو ڕۆمانی بەرگری، ڕۆمانی دژەدەسڵات و ڕۆمانەشیعر هاتەئاراوە، بەڵام هیچ ڕۆمانێکی بایەخدار نەهاتە ئافراندن، هێندێ حیکایەتی مەیلەو دەسەڵات و هەراڵەدان نەبێ.

لە دەوری بیست ساڵی لەوەو پێش، شەپۆلێکی ڕۆماننووسین لە پارچەکانیتری کوردستان دەستیپێکرد. ئەم شەپۆلە فرەچەشن و بگۆڕ و ڕخنەگرانەن. لە درێژەی ئەم گۆڕانکارییانەدا زمانی پارچە و پچڕی کوردی گۆڕا بۆ زمانێکی پۆختە و واتادەربڕ. بە هۆی دەستلێنەدراوی توخمە داستانییەکان و نەستی مێژووی نەگێڕدراوی ئەم زمانە، توانامەندییێکی زۆر دەرکەوتووە کە ئەکری لە لایەن نووسەرانەوە کەڵکیان لێ وەربگیردرێت.

***ئێوە یەکەم ڕۆمانی ئاڵمانی خۆتان نووسیوە. ئەکرێ بۆمان باس بکەن گیروگرفتەکانتان چی بوون بۆنووسینی ئەم ڕۆمانە. بە چیوە زۆرتر ترۆقاونەتەوە؟***

من تازە دوو ساڵ ئەبوو پێم نابووە نێو ئاڵمان کە دەستمکرد بە نووسینی ئەم ڕۆمانە بە زمانی ئاڵمانی. ڕێزمانی ئاڵمانی زۆر بە خێرایی فێری  بووم. ڕەگەزی سەڵتی ناوەکان( die abstrakten Geschlechtsartikeln) لە گەڵ شێوەزاری زگماگی من لە زمانی کوریدا و هەروەها  زمانی فارسی نەدەهاتنەوە. لە زاراوەکانیتری زمانی کوردی بۆ وێنە کرمانجیدا دوو ناسێنەری ڕەگەزی سەڵتی نێر و مێ بوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هێندێ نەریتی زمانی دیاریش پەیڕەو دەکەن. بۆ وێنە هەر هەموو ئەندامانی جەستە و جۆرەکانی جلووبەرگ بە نێر دێنە ئەژمار. هەروەها شێوەی کۆاندنی ناوەکان نەریتێکی زمانیتریان هەیە جودا لە کوردی و فارسی. لێرەدا ناچار ئەبووم ئەم شێوە کۆاندنانە لە گەڵ زمانی عەرەبی، کۆاندنی شکاو «جمع مرخم» بەراورد بکەم و هەر لە سەرەتاوە و هاوکات لە گەڵ ناو و ناسێنەری ڕەگەزیدا لەبەریان بکەم، بەبێ ئەوەی بە دوای ڕێئاوەز «Logik» ێکی زمانیدا بگەڕێم. پاشان گرفتی  پێگەپیتەکان ( Präpositionen ) سەریهەڵدا. ئەو هەموو پێگەپیتانە وا زۆربەیان نەریتی زمانیی دیاریکراو پەیڕەو ناکەن. بۆ ئەبێ مرۆڤ ئەستەرەم بێژی «  Du machst dich lustig ÜBER mich» پێم ڕائەبوێری, وە ناتوانێ بێژێ «  Du machst dich lustig AUF mich» بە من ڕائەبوێری ؟ بۆ ئەڵێن « Ich frage DICH» تۆ ئەپرسنم /بەرکاری ڕاستەوخۆ یان Akkusative / بەڵام Ich antworte DIR وڵامت پێ ئەدەمەوە/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ یان Dative /؟ گەورەترین گرفتم لەم پێوەندییەدا چاوەڕوانیی زمناسانەم بوو. برێ لە نەریتە ڕێزمانییەکانی زمانی

ئاڵمانی لە دژوازیدان لە گەڵ واتاناسی/ Semantik/ و ڕستەبەندی «Syntax» زمانی دایکی من و هەروەها نەریتە گشتییەکانی زمان.

بۆ ئەبێ هەموو ناو و ڕاناوی پاش پێگەپیتەی FÜR ببێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی واتاناسی و ڕستەبەندییەوە بەرکاری ناڕاستەوخۆ بن / Dieser Apfel für DICH .تۆم ئەم سێوە. / بۆ لێرەدا دووهەم کەسی تاک وەک بەرکاری ڕاستەوخۆ دەسنیشان ئەکرێت؟ مانای ئەم ڕستەیە ئەبێتە « Ich gebe DIR einen Apfel » من سێوێک ئەدەم بە تۆ. من پێموایە زمانی ئاڵمانی لەم پێوەندیەدا تووشی یەکاندن بووگە. ئەوە ڕاستە کە زۆرێک لە پێگەپیتەکان دۆخی کارگێڕی دیاریکراویان ئەوێت. کە مرۆڤ گوتی « Ich kann ohne meine Tablette(Akkusative) nicht schlafen » من بە بێ قورسەکانم /بەرکاری ڕاستەوخۆ/خەوم لێ ناکەوێ، بە واتای ئەوەیە کە « Ich brauche meine Tablette( Akkusative), um zu schlafen » من قورسەکانمم/ بەرکاری ڕاستەوخۆ/ پێویستە بۆ ئەوەی خەوم لێبکەوێ. بەڵام ئەم ڕێسایە بە تەواوەتی لەگەڵ Für دا ناگونجێ. سەرەنجڕاکێش ئەوەیە کە لە زمانی ئاڵمانیدا لادان لەم یاسا پتەوە زمانییە بەرچاویش ئەکەوێت> « Was für ein Baum(Nominative) ist das? » ئەوە چ درەختێکە؟ فرۆید بە جوانی گوتوویە «ئەو کەسگەلەی وا لە پاڵ دەریادا ئەژین، دەنگی شەپۆلەکان نابیستن».
دژواری دیکەی من تێگەییشتن لە مانای مەتەڵ و زاراڤۆکەکان بوو. من وای بۆ ئەچم کە مانای زۆرێ لەو مەتەڵ و زاراڤۆکانە نەک لە ڕێگەی شیکردنەوەی

واتاناسانە یان دیاردەناسانەوە بەڵکوو بە پێ مەبەستی کردەوەخوازانە پەرژێن ئەکرێن. نموونەیێکتان بۆ دێنمەوە «لە گەڵ گورگەکاندا لووراندنەوە» لێرەدا مەبەست سەرکۆنەکردن، تیتاڵی کردنە یان ئامۆژگاری کردنە؟ هاوواتای ئەم مەتەڵە لە ئینگلیزیدا ئەرێنیە «go with flow» لە زمانی فارسیشدا هەروایە «خواهی نشوی رسوا همرنگ جماعت شو» لە زمانی کوردیدا واتاییێکی تەواو نەرێنی هەیە و مەعنا دووڕوویەتی ئەدات «بە هەر بارێکا با بێت شەن ئەکا» بەڵام وەک من بۆم دەرکەوتووە، مانای ئەم مەتەڵە لە زمانی ئاڵمانیدا گرێدراوی دۆخی بەکارهێنانیەتی، تەنانەت ئەگەر وەک ئەمرپێکردنیش بە کار بهێنرێت> لە گەڵ گورگەکاندا بلوورێنە. بۆ مەتەڵە بەناوبانگەکە «زەمەن پارەیە» شیکردنەوەی واتایی لەوەش دژوارترە، بە تایبەت ئەگەر ئەوەش ڕچاو بکەین کە کتێبی «زەمەن و بوون» نەوەد ساڵ بەر لە ئێستا بە زمانی ئاڵمانی نووسراوە و ئاڵمانییەکان ئەبوایا باشتر بیانزانیبایا کە زەمەن یەک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی بوونە.

***نێودانان هەمیشە دەورێکی سەرەکی گێڕاوە لە ئەدەبدا. ئەتوانن بۆ خوێنەران باس بکەن چ دەور و واتایێک ئەنوێنن ناوی کەسێتییەکانی نێو ئەم ڕۆمانەتان.***

ناوی عیسا بە مانای یێزووز کریستووسە و کیرستێن یش وێرژنی سکاندیناویانەی ئەو ناوەیە. مانای زۆراو لە کوردیدا هێزی ئاوە. ئەو کوڕی بە ناوبانگترین پاڵەوانی ڕۆژهەڵاتییە کە بە دەستی باوکی و لە شەڕێکی دووقۆڵیدا

به فێڵ بریندار ئەکرێت. تازە پاش ئەوەی کێرد ئەکاتە سکی شۆفارەکی خۆی و ناکاری ئەکات، تێئەگات لە کوڕەکەی خۆی داوە و غار ئەدات بەرەو کۆشکی پاشا بە نیازی وەرگرتنی شادەرمان. بەڵام لەوێ ئەوەندە چاوەڕوان ئەیهێڵنەوە هەتا کاتێ بگاتە لای کوڕەکەی کە ئیتر درەنگ بووگە و مردووە. لەم حیکایەتەوە، زۆراو لە لایێکەوە هێمای جۆرێ لە جۆرەکانی ڕۆڵەکوژی «Infantizid » واتا کوڕکوژی و لە لایێکیترەوە سەرچاوکەی مەتەڵێکی بەناوبانگی خۆرهەڵاتیی «نوشداروی بعد از مرگ سهراب» ە . مارگرێت لە کوردیدا مرواری پێ ئەوترێت و لە دوو وشە پێک هاتووە. مری/ تیشک/+ واری/ باران/. بەپێ ئۆستوورەیێکی خۆرهەڵاتی، مرواری کاتێک چێ ئەبێت کە ئەو دڵۆپە بارانەی بەر تیشکی مانگەشەو کەوتووە، داکەوێتە نێو سەدەفێک. مر، هێمای میترا، خۆدای تیشک و واریش هێمای ئاناهیتا، خۆدا ی بارانە. ئەم دووانە، خۆدا( من خۆدا بە مانای مێخودا و خودێ بە مانای نێرخودا بەکار دێنم*) سەرەکییەکانی تیشکپەرەستین کە لە سەدەکانی سێی زائیندا لە ڕێگەی فلۆتین و دیکەی نوێ ئەفلاتوونییەکانەوە ئایینی کریستیانی لێ سازدرا. ناوی کوردی ئەوین یش بە واتای لیبێ ی ئاڵمانییە.

***مناڵێتی و سێکس تابۆن؟ سێکس چۆناوچۆن بۆ مێرمنداڵان شیئەکرێتەوە؟ بۆخۆتان چۆن لە سێکس ئەڕوانن؟ من بیرلە دیمەنەکانی نێو ڕۆمانەکەتان ئەکەمەوە، بەڵام لە سەرووی ئەمەش ( لە کوردستان لە ئێران ولە ڕۆژهەڵاتی ناوین ) ؟***

هەتا چل ساڵی لەمەوبەر، تەمەنی ڕەوای شووکردنی کچان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بەپێ قەڵافەت و گەشەی جەستەیی لە دەوری چواردە ساڵاندا بوو. دایکی من بۆ وێنە، شەست ساڵی لەوەووپێش لە ١٣ ساڵاندا بەشوودرابوو. ئەمڕۆکە ئەم تەمەنی شووکردنە بەپێ زاکۆنێکی نەنووسراوی کۆمەڵایەتی لە دەوری بیست ساڵدایە. کۆمەڵگای کوردی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستان، کوردستانی ئێران و سووریە، کۆمەڵگاییێکی سکۆلارە. بەڵام لەبەر هۆکارە پراگماتیستییەکان و لای ڕووناکبیران بە هۆی تێگەیشتنی ژینناسانە و دەروونناسانەوە، سێکسی نێوان کەسە پێگەیشتووەکان لەگەڵ منداڵان بە توندی ڕەتئەکرێتەوە. بەڵام سێکسی نێوان مناڵان بۆخۆیان، باشترە بێژین گەمەسێکس، وەک هەسێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگایە، چونکە بە پێچەوانەی بەشەکانیتری جیهانی ئیسلام، لە کوردستاندا بە کراوەیی باسی تەوەرەکانی پێوەندیدار بە سێکسەوە ئەکرێت. لە زەماوەندەکانی کوردستاندا شیعری گۆرانی وا ئەخوێندرێت، لە بەشەکانیتری جیهانی ئیسلامدا بۆ گوێگرتن و خوێندن نابن. بۆ وێنە ئەم شیعرە فولکلۆرە «جفتە مەمکەکەت وەک هەنار تورشە  دەسیان بۆ ئەوەم، بۆم ئەکەن پرشە». لە ئەنجامی ئەم کراوەبوونەدا، مناڵان پێشوەخت ئاگاداری واتاکانی پێوەندیدار بە سێکسەوە ئەبن. کە مناڵ بووم لە گەڕەکەکەماندا ژنێک هەبوو کە بە سەر شووەکەیدا دۆستی هەبوو. بۆیە خەڵکی گەڕەکەکەمان وەک لەشفرۆش سەیریان ئەکرد. من لەوکاتە شەش ساڵم تەمەن بوو کەچی لەگەڵ کوڕەدۆستەکانم دەستمانکرد بە

پارەمان کۆ کردنەوە بۆ ئەوەی بتوانین سێکسی لەگەڵ بکەین. پرۆژەی ئەو کاتەمان فەشەلی هێنا، چۆنکە پاش چەند ڕۆژ دەممان بۆ جۆرە نوقلێکی تازە زیاتر ئاوی تێزا.

***ژنەکانی نێو ئەم ڕۆمانەی ئێوە زۆرورووژێنەرو بوێرن. لە ناوەنددان و بەشی پەراوێزیشن، هەتا ئەوپەری خۆی نەترس و پڕلە خۆباوەڕین، بەڵام لە هەندێ شویندا وەها دەیاننواند وەک بڵێی دەوری پڵتۆکوەشێن ( Stichwortgeber) بۆ پیاوان ئەگێڕن. ئەتوانن لەگەڵ من هاوڕا بن؟ ڕای ئیوە لەسەرژنانی مودێرنی ئەمڕۆی ئورووپا چیە؟ چۆن سەیری ژنانی نیشتمانی خۆتان ئەکەن و هەرلەم پێوەندییەدا بۆمان باس بکەن زەواجی کاتی چیە؟***

لەگەڵ ڕووداوەکانی کۆبانێ و بەشداری بەربڵاوی ژنان لە شەڕی دژ بە داعش، سەرەنجی ڕای گشتی خەڵک بەرەو تایبەتمەندییێکی کوردگەل بووەوە کە هەمیشە بەشێک بووگە لە فەرهەنگی کوردی. لەبەر هۆکارە جوغرافیایی، ئابووری، دیرۆکی و هەروەها جیهانبینی کەونی هێشتا نەمردووی تیشکپەرەستی، ژنان لە نێو جڤاکی کوردیدا دەورێکی سەرەکی ئەگێڕن. لە کوردستاندا دایک بە کەیوانوو بانگ ئەکرێت و ئەم وشەیە بە مانای خودایماڵ ە. ئەوان دەست لە ناو دەستی پیاوان هەڵئەپەڕن و لەگەڵیان لە کاری مەزرا و باخەکاندا بەشدار ئەبن. ئەگەر پیاوێک لە گوندێکی کوردەواریدا لە دەرگا بدات و پیاو لە ماڵ نەبێت، ئەگەری زۆرە لە لایەن ژنێکەوە پێشوازی

لێ بکرێت، بە بێئەوەی ئەم کارەی لەو جڤاکە بچووکەدا لای خەڵک گوماناوی دەرکەوێت.

لە کوردەواریدا پیاوان بە ناوی دایکیشیانەوە بانگیان لێئەکرێت، شتێک کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا باو نییە. لە دیرۆکی کورددا زۆرێک سەرکەردەی ژنمان بەرچاو ئەکەوێت. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا پێگەی ژنان ئاوەهایە. شوێنی واش هەیە، کە تیایدا توندوتیژی کردنە سەر ژنان، بە شوودانی زۆرەملی و کوشتن لە سەر ناموس دەگمەن نین. بە تایبەت لەو بەشانەی کوردستاندا وا دەشتی بەرینی تێدایە و هەر بۆیە دەرەبەگایەتی و ئایدۆلۆژیای دژەژنی، لە ڕووی مێژوویەوە باڵادەست بووگە.

بەڵام بۆ ژنانی کورد ئەوەندە نەترسن. من پێموایە لە پاڵ هۆکارەکانیتر، خواستی پیاوان و بنەماڵەش دەور ئەبینن. من ئەتوانم باسی سنەتان بۆ بکەم. لەوێ چاوم بە مناڵەکوڕ کەوتووە کچۆڵە لێیداوە، چونکە لە لایەن باوک و دایکەوە هاندراوە بۆ بەڕەڤانی کردن لە خۆی . لەوێ بۆ پیاوانی جیلی نوێ، شاکچ ئەو کچە نییە وا لە ڤالۆنجە ئەترسێت و ڤیزوبیز ئەکاتەوە، بەڵکوو ئەو کچانەن وا سەرەڕۆن و ئارەڤی تاڵ وەک ئاوی خواردنەوە هەڵئەقوڕێنن.

دڵنیا نیم دەستەواژەی ژنی مودێڕن زاراوەیێکی گونجاو بێت بۆ ژنانی ئەمڕۆکەی ئورووپا. بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە ئورووپا مێژوویێکی دوور و درێژی هەیە و بووگە بە سونەتی سەرەکی ئاواتی یەکسانی و دادپەروەری، بە زۆر کەسێتی

گرنگی وەک رۆزا لاگزامبوورگ، هانا ئارێنت، سیمون دێبوار، ویرجینیا ڤۆلف... ئەوان دەرەنجامی مێژوویێکی خەباتی دژ بە نادادگەری لە وڵاتە پێشکەوتووەکانن لە ڕووی پیشەسازییەوە و کاریگەری زۆریان هەبووە لە سەر ڕەوتی بیر و هزری مرۆڤ لە هەر هەموو جیهاندا. ئەم چالاکە ڕزگاریخوازانە بوون بە دەستپێکەری چەرخێکی زێڕینی شەڕی کۆمەڵایەتی لە دژی هەڵاواردن و نابەرابەری، کە تیایدا جەماوەر کەوتنە شەڕی وەرگرتنی مافە مرۆڤییەکانی خۆیان.

ئەوەی ئێستا لە ئورووپادا لە پێوەندی لەگەڵ ژنان لە یەکەم نیگادا بەرچاو ئەکەوێ، جۆرێکە لە سیاسەتپەرێزی (Politikverdrossenheit) نەک هەر لای لاوان، بەڵکوو لای ژنە بەساڵاچووەکانیش. ئەو ژنە سەرسووڕهێنەرە کاریگەرانە بەس لە دیرۆکی ئورووپادا بەرچاو ئەکەون، بەڵام بەوەشەوە خۆپیشاندانە پڕئەژمار و گەڵالە بۆ داڕێژراوەکانی دژ بە ڕێکەوتننامە بازرگانیە جیهانیەکانی TTIP و CETA سێبەری تۆخی ئەو ژنە مەزنانەی لە سەر کۆمەڵگای ئەرووپی نواندەوە. بە داخەوە هەتا ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و نێزیک لەم کەڵەژنانەی بە خۆوە نەبینیوە.

مارەبڕینی کاتی شێوە لەشفرۆشیێکە کە لە ئایینزای شیعەدا ڕەوایەتی پێبەخشراوە. مەلاییێکی شیعە بۆی هەیە هەم مارەی هەمیشەیی و هەمیش مارەی کاتی، بۆ ماوەی ساڵێ، حەوتەییێک و تەنانەت چەند ساعەتی ژن و پیاوێک ببڕێت. دامودەزگا ئایینیەکانی شیعە و دینکارانی، پشکی خۆیان و جووتە

کاتیەکانیش ڕێپێدانێکی یاسایی و ڕەوایەتییێکی ئایینی وەرئەگرن. ئەم شێوە سێکسفرۆشییە لای من بە هەمان ئەندازەی گانفرۆشی یاسایی نێو وڵاتی ئاڵمان دزێوە، وا لە ڕێگەیەوە نەک ژنە زۆربە لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپاوە هێنراوەکان، بەڵکوو پشکدارە زەبەلاحەکانی بازرگانی سێکس سوودمەند ئەبن.

***بۆئەوەندە بە وردی باسی دیمەنە بێڕەحمانەکانی ئەشکەنجەگاکان ئەکەن؟***

باشتر نەبوو بپرسن بۆ ئێمە ئەبێ لە جیهانێکی ئەمەندە بێڕەحمدا بژین؟ کەچی ئێوە ئەپرسن بۆ بە تێروتەسەلی باسی ئەشکەنجەدرانی ئینسانەکانم کردووە. داڕشتنی پاژنواڕانە پێویستی ڕۆمانە. ئێوە ئەتوانن ئیدعای ئەوە بکەن کە مرۆڤ ڕۆژانە لە هەواڵەکاندا زیاتر لە پێویست لەم دیمەنە تۆقێنەرانەیە ئەبینیت، ئەخوێنێتەوە و بەرگوێی ئەکەوێت. بەڵام من لە سەر ئەو باوەڕەم کە زلمیدیاکان، بەردەوام هەوڵئەدەن هەواڵە پینەوپەڕۆ کراو و ئاراستە بۆ دیاریکراوەکانمان پێشکەش بکەن. ئەوەی ڕۆژانە لە ڕێگەی زلمیدیاکانەوە ئاراستەمان ئەکرێت، زۆربە بەرهەمی دەرەنجامخوازانەن. هەواڵی تێروتەسەل سەبارەت بەو کارەساتانەی جیهان ئاراستەمان ئەکرێت وا لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی سیستەمی پیشەسازی ماڵی جیهاندا دێنەوە. سەبارەت بە کارەساتە سەرەکییەکانی جیهان، یان هەواڵی دەسچن و هەستاژینکراومان پێشکەش ئەکرێت یان ئەژماری پەتی. هەموو کەس ئەتوانێ ئاگادار بێتەوە کە ساڵانە زێدەتر لە حەڤدە میلیۆن کەس لە جیهاندا لە برسا دەمرن. زانیارییەکان لە بەر دەستن و ئەژمارەکانیش لەوانەیە ڕاست بن، بەڵام بەس وەک ئەژمار

بوونیان هەیە. ئێمە ڕۆژانە لە ڕێگەی میدیاکانە بە ژمارەکان بوردمان ئەکرین و پیان ڕادێین و لە هەمبەریدا بەرگردار ئەبینەوە و ئەمە مەترسیدارترە لە بەرگرداری « Immunität » لە هەمبەر ئانتی بیۆتیکەکان. ئێمە ئەبێ لە ناخی دەروونمانەوە تێبگەین کە ئەم ئەژمارانە لە مرۆڤگەلێکی وەکوو ئێمە پێکهاتوون، بە هەمان هەست و شوناسی مرۆڤانەوە. هەموو ئەو تاکانەی وا لە ئەشکەنجەگاکاندا ئەشکەنجە ئەدرێن، هەر هەمان پێکهاتەی عەسەبی ئێمەیان هەیە. هەموو مرۆڤێکی برسی و لە ژێر هەڕەشەی مردن، هەر هەمان مافی ئێمەیان هەیە بۆ ژیان، چونکە هیچ چین و نەتەوەیێک ئەم ئەرزەی ئێمەی نەخولْقاندووە و زەوی هەر لێرە بوو، ٤/٨ میلیارد ساڵ بەرلەوەی ئەم ئاژەڵە خۆبەزلزانە لە سەری قوت بێتەوە. ئەز باوەڕم ئەوە ئەرکی وێژە و ڕۆمانە شوناسی دووبارە ببەخشێتەوە بەو ئەژمارانەی وا جێی مرۆڤەکانیان گرتۆتەوە.

***دووپاتکردنەوەی چەنەها جارەی وشەی ئێران لە ڕۆمانەکەتاندا دەورێکی واتایی ئەبینێت یان خوێنەر ئەتوانێ چاوپۆشی لە ناوی وڵاتەکان بکات، چونکە بارودۆخی کوردگەل لە هەموو ئەووڵاتانەی تیایاندا ئەژین لە ڕووی ژێردەستی و ستەم و ڕاوەدوونانەوە وەکوو یەک وان؟***

ئێران لێرەدا شوێنەجێ «Lokation » یێکە وەکوو کوردستان یان ئاڵمان. سنووری وڵاتەکان هیچ گرنگییێکیان بۆ من نییە. سنووری هەموو وڵاتێ لە ئەنجامی تێکەڵچوونە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە دروست ئەبێت. ئێرانیش لە چەشنی دیکەی وڵاتانیتر وەک کالای نایاب و دانسقە ئەفرۆشرێتەوە بە

دانیشتووانی و سنوورەکانی بە پیرۆز دائەنرێت. لە سەد ساڵی لەوەوپێشەوە ئەم ناوە بۆ دیاریکردنی وڵاتێ بەکارئەهێنرێت. بەرلەوە، وشەی ئێران ئاماژە بوو بۆ ناوی فەلاتێک. من لە ڕۆمانەکانی پێشترمدا شوێنەجێی جۆراوجۆرم بەکارهێناوە. شوێنەجێی سەرەکی ڕۆمانی یەکەمم شاری سنەیە، لە ڕۆمانی دووهەممدا شاری بەغداد ئەو دەورەی گێڕاوە. ڕووداوەکانی ڕۆمانی سێهەمم لە شوێنەجێیێکی سەڵت و گریمانەییدا ئەگێڕدرێنەوە.

***لە بەشێک لە ڕۆمانەکەتاندا دیمەنگەلێ لە کۆشکی پاشایێکی سەردەمی کۆنی یۆنان پیشان ئەدرێت کە تیایدا فەیلەسووفە بە ناوبانگەکانی ئەو سەردەمە دەرئەکەون. مرۆڤ چییە وکەی ئەبێتە کویلە؟ ئەوەی وەک دابڕانێک لە دەقەکەدا ئەنوێنێت، پێوەندی هەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی پێش و پاش خۆیدا. دەور وکاریگەری ئەم بەشە لە ڕۆمانەکەتاندا چۆن ئەخەملێنن؟ یان بە دارشتنەوەیێکیتر، بۆئەبێ من کوڵە لە فیلسووفە عەنتیکەکان بگرم لە سەردەمی دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەکاندا؟ ئەمرۆ وا نییە؟ / دوو ڕستەی دوایی لەوانەیە تەشەرئامێزبنوێنن./***

ئەم بەشە باس لە ڕەوتی سازبوونی دادگاییێک ئەکات. ئەوەی لێرەدا پیشان دراوە دادگاییێکی سیاسیە، بەڵام بە ڕای من ڕەوتی دروستبوونی هەر هەموو دادگاکان هەتا ڕادەییێکی زۆرهەر ئاوەهایە. لە پشت هەموو دانیشتنێکی دادگاییکردنەوە دەسەڵاتێک بوونی هەیە کە هەوڵئەدات ڕەوایەتی ببەخشێتە مەبەست و بەرژەوەندییەکانی خۆی. ئەم دەسەڵاتدارگەلە لە دوورەوە ڕائەوەستن و

ئەهێڵن لە ڕێگەی کەسانیتر و یان خوداوە پلانەکانیان جێبەجێ بکرێن.
مەبەستم لە دادگا بە تەنیا داموودەزگا بڕیاردەرەکانی داد نییە، بەڵکوو هەروەها بڕیارگە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت هۆنەریەکانیشم مەبەستە کە تیایاندا لە سەر مژارە مرۆڤیە جۆربەجۆرەکان، مەبەستمەندانە دەمەتەقێ ئەکرێت و لە دژی کۆڵنەدەران و ڕخنەگران بڕیار ئەدرێت. ئەم دانیشتنانە لە شەوە تەلەفیزیۆنییەکانی ئێستا و لە زەماوەندەکانی کوردستاندا کە تیایدا تەوابێک دائەبەزایە ئاستی گۆڤەک و پوخڵەوات، هاوچەشن بەڕێوە ئەچن. مرۆڤ بە پێچەوانەی ئاژەڵەکان لە فەرهەنگی بڕیار و پێشبڕیاردا گەورە ئەبێت. مێژووی دەسەڵات هاوکات مێژووی خاوەنداریێتی هزر و ئەندێشەشە.
لەم سیستەمەدا پارە، ئاسمان، ئایدولۆژیا، ئاژاوەگێڕی و تەنانەت کەمتەرخەمی وەک مۆڤی سرکەر بەکار دەهێنرێن. پەیغەمبەران و بیرکاران قوت ئەکرێنەوە و ئەوانیش زەقەباوەڕ بەرهەم دێنن و لە ڕێگەی مزگەوت و کەلێسە و قوتابخانە و زانکۆکانەوە لەگەڵ بنج و بناوانی کۆمەڵگا شەتەک ئەدرێن.

ئەم بڕیارگەلە ئەخزێنە ژێر پێستی کۆمەڵگا و ئەبن بە بڕیاری خۆدراو و تاکەکەسی ئێمە و بە نەستی مێژوویی زمانمان. ئەوەی بۆ من وەک نووسەرێ ئەگەڕێتەوە، خراپترین دۆخ ئەو کاتە رووئەدات کە هۆنەریش لەم گەمەی دەسەڵاتەدا دەور بگێڕێت. ڕۆژانە بێئەژمار دادگایی ئەدەبی لە گۆڤار و بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکاندا بەڕێوە ئەچێت کە تیایاندا هۆنەرە پینەوپەڕۆ کراوەکانی پەسەندکراوی دەسەڵاتداران وەک بەرهەمی دانسقە ئەفرۆشرێن و ئەو

بەرهەمانەی وا لە گەڵ بەرژەوەندی زلهێزەکاندا نایێنەوە ترۆ ئەکرێن و لەوەش خراپتر یەکسەر نکۆڵیان لێئەکرێت.

***ئەکرێ بێژن کەی لە نووسینی ئەم ڕۆمانە بوونەوە، یان پرسیاری وا بۆ ڕۆمانی پردی دیلان نەگونجاوە. ئەگەر ناچار ببن ئەم ڕۆمانەتان لە چوارچێوەیێکدا بگونجێنن، ئەیخەنە خانەی کامە جۆری ئەدەبییەوە؟***

کاتی تەواوکردنی ئەم ڕۆمانەم باش لەبیرە. ئێوارەی سێشەمەی ڕۆژی سێ مانگی حەوتی ۲۰۱۳ بوو. پاشان سەرم بە ناو دارستانا کرد و ۳ کاژێر بەو ناوەدا خولامەوە. بۆخوم ڕۆمانەکەم ناوزەد بکەم؟ ئەوە بۆ من ئاسان نییە... ئەکرێ ئەم ڕۆمانە وەک ڕۆمانێکی ڕیاڵئێکسپێرسیۆنیستی بخوێندرێتەوە. هەموو زناگەکانی ناو ئەم دەقە ئەکرێ هەم وەک زناگ و هەم وەک هێما سەیر بکرێن. هەر هەموویان، مەرگ، ژیان، تەنانەت بیرە و ئارەقیش.

***هیچ بڕوایێکتان بە فەلسەفە هەیە؟ ئەگەر ئەرێ، چ لایەنێکی فەلسەفە بۆ ئێوە سەرەنجڕاکێشە و کامە لایەنی بێزارتان ئەکات؟ ئەکرێ مرۆڤ باس لە سیستەمی فەلسەفی ڕۆژهەڵاتی ناوینیی بکات؟***

مەبەستی من لە ڕۆمانەکەمدا ڕەتکردنەوەی فەلسەفە نەبووە. فەلسەفە بوونی هەبووە و ئەیبێت، بە تایبەت ئەگەر مرۆڤ پێداگری لە سەر مانای دێرینی فەلسەفە، واتا «ڕوونبینیخوازی» بکات. هەم لە خۆراوادا هەمیش لە خۆرهەڵات، لە سەردەمی کۆن و لە داهاتوویشدا. لەبەر ئەوەی من لەم

کتێبەمدا زیاتر فەلسەفەی خۆرئاواییم خستۆتە بەر باس و وشەی فەلسەفەش لە زمانی یۆنانیەوە هەڵقولاوە، تەرکیز ئەکەمە سەر ڕوونبینی

(Weisheit) . ئەم فەلسەفەیە بە ئەویناداری بەرامبەر بە سروشت دەستپێکردووە. یەکەمین کەسێ کە وەکوو فیلسووف ئەیناسین، لێکۆڵەرێکی سرۆشت بۆو ئەچووە نێو بیری وشک بۆ ئەوەی باشتر شێوەبزاڤی ئەستێرەکان چاوەبین بکات. فیلسووفەکانی پاش ئەویش هەر هەمان ڕەوتیان لە ڕێگەی وردبوونەوە لە سروشت و دیاردە دیارەکانی درێژە پێدا. ئەم ڕێگا مەیلەو ڕوونبینیخوازییە لە هێراکلیتدا گەیشتە تەشقەجێی خۆی. هێراکلیت ڕێبازێکی لە جیهانڕوانینی داهێنا کە هەتا ئەمرۆش پێی سەرسامین. لە سەردەمی کوانتۆم و بیگبانگیشدا ڕستەکانی هێراکلیت هێشتاکە هەر ئەزرنگێنەوە «مرۆڤ ناتوانێ دووجار قاچ ڕۆکاتە نێو یەک چۆم». پاش ئەو هەموو ساڵە ئێمە هێشتاکە ئەتوانین لەو دەلاقەیەی فەلسەفەی هێراکلیتەوە لە جیهانی بێسنوور، تەڤگۆڕ و دیار، بەڵام دەستەمۆ نەکراو بڕوانین. بەڵام تەریب لەگەڵ ئەم جۆرە جیهانبینییە، جۆرە ڕوانینێکیتر لە جیهان، سەریهەڵدا و ئەویش لە لایەن فیلسووفێکی هاوچەرخی خۆیەوە. ئەو ئەیگوت جیهان و هەموو دیاردەکانی نێو جیهان نەگۆڕن و ئەو تایبەتمەندییانەی وا ئێمە وەکوو گۆڕان بەرچاومان ئەکەون، بەس ڕێڕەوێکن لە بوون یان نەبوون. مناڵبوونی من مانای ئەوە ئەدات کە من پێگەیشتوو نیم، کە گەورە بووم ئێتر مناڵ نیم. ئەو هەوڵیداوە بیسەلمێنێ کە بوون بریتییە لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی وا بوون ساز

ئەدەن و پاش ئەم بوونە یەکجارییە، نەبوون دەست پێئەکات. قوتابیەکەی پارمنیدێس، زێنۆن، هەوڵیدا ئەم دانراوەیەی مامۆستاکەی لە ڕێی چیرۆکی دژوازی ئاشیل و کیسەڵەوە بچەسپێنێت. شتێ کە لە ڕێگای بیرکاری مودێڕنەوە هەڵە بوونی سەلمێندرا. ئەم ڕەوتی بیرکردنەوە دژەسروشتییە لە ئەفلاتوون و ئەرەستوودا بوو بە ڕەهاخوازی. لای یەکیان لە ڕێی بەرواتا (Idee) کۆن و نەگۆڕەکانەوە بوو بە پێناسەی جیهانێکی کۆن، داخراو و نەگۆڕ و لای ئەوەیتریان بۆ هەر هەمان جیهانی داخراو بەڵام بە ناوێکیترەوە پێناسە کراو، جیهانی ناخواتا (Substanz)کان. ئەم جیهانبینییە مەیلەو ڕامیاری و دەسەڵاتە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ سێبەری تۆخی نەزانینی خستە سەر مرۆڤایەتی. هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش کاریگەری کوشەندەی ئەم جۆرە جیهانبینییە لە سەر فەلسەفە ئەبینین. بە باوەڕی من سەردەمی ڕووناکگەری بە کەشفەکەی کۆپێرنیکەوە دەستیپێنەکرد. مرۆڤ لانیکەم دوو هەزار ساڵ بەر لە کۆپێرنیک بەو ڕاستیەی زانیبوو، لێرەدا ئاماژە ئەدەمە فیلۆلائۆس. من ئیدیعای ئەوە ئەکەم کە فیلسووف و زاناکانی سەدەکانی ڕووناکگەری تەقریبەن هیچیان نەکردووە جگە لە ڕاستکردنەوەی گریمانە هەڵەکان و بیرۆکە وەک ئایەت بینراوەکانی ئەرەستوو. ئەرەستوو و ئەفلاتوون ئەمڕۆکەش نەک هەر وەک گەورەترین بیرمەندانی مێژووی ئەندێشە ئەبینرێن بەڵکوو ڕێئاوەزەکانیان، Deduktion و Induktion لە ڕێکەوتنگەری نوێ ( moderner Kontraktualismus ) لای John Harsanyi و John Rawls و بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە لە بونیادنانەوەی

گوتاری ئاکارمەند لە وتاری پاساودەری نێوان ئاوەزیدا لە لایەن Karl-Otto-Apel ەوە وەک ڕێباز و بەڵگەی سەلمێنەر بەکار دێن، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە پاش شیکردنەوەکانی David Hume و Karl Popper ئەبوایا ئەم دوو ڕێبازی سەلماندنە لانیکەم بخەینە بەر گومانی قووڵەوە. مرۆڤ ئەکرێ زۆر ڕوون و ئاشکرا بێژێت کە Induktion و Deduktion لە بەکارئانینی فەلسەفیدا نەک ڕێبازی توێژینەوە بەڵکوو دوو ڕێگەی جیاوازی سەلماندنی دەرەنجامە لە پێشەوە گەڵاڵە بۆ دارێژراوەکانن.

مرۆڤ ئەکرێ لە مانا ئورووپییەکەیدا چەن فیلسووفێک لە مێژووی خۆراوادا بدۆزێتەوە، بۆ وێنە ئەبوو عەلی سینا و ئێبنێ ڕوشد. بەڵام بە ڕای من ئەم کەسانە تەنیا شیکارانی سیستەمی فیکری کلاسیکی یۆنان بووگن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە خۆرهەڵات خاوەن جیهانبینی نەبووە. کە مرۆڤ ئاوڕ لە بنچینەی فەلسەفەی ڕۆژاوایی واتە ئەویندارێتی سروشت بداتەوە، لە تالێسەوە هەتا پیتاگۆراس، تێئەگات کە ئەم فەلسەفەیە لە خۆرهەڵاتەوە سەرچاوکەی گرتووە. بەڵام بەمەشەوە ناتوانین مێژووی ئەندێشەی خۆرهەڵاتی پۆلێنبەندی بکەین. بە پێچەوانەی فەلسەفەی ڕۆژاوایی فەلسەفەی خۆرهەڵاتی لەگەڵ وێژە و بە تایبەت شیعردا تێکەڵە. کۆمەڵێکی زۆر لە کەڵەشاعیرانی وەک خەیام، ئەحمەدی خانی و مەولەی بەلخی و ... بوونیان هەبووە کە ڕوانینی قووڵیان بەروەو کۆجیهان ( Weltall)، مێژوویێکی سەرەنجڕاکێشی ڕوونبینی یان ساز داوە کە مرۆڤ لە ڕووی مێژوویەوە ناتوانێ

بیانخاتە نێو سیستەمێکی فەلسەفی. لەم بەرهەمە شیعریگەلە، نەک هەر بۆچوونە کلاسیکەکانی فەلسەفەی خۆراوایی، لەوانە چێژخوازی و ئێشپەرێزی (Epikureismus) یان چارەنووسگەری(Fatalismus) بەڵکوو کرۆکەبیری زەینخوازی(Subjektivismus) و بوونگەری (Existenzialismus) و هتد زۆر پێش لە دەرکەوتنیان لە خۆراوادا بدۆزێتەوە. سەرڕای ئەمانەش لەبەر نەبوونی پاژنواڕی و شیکردنەوەی بابەتییانە لەم بەرهەمە هۆنەرییانەدا بۆ پۆلێنبەندی کردن لە مێژووی فەلسەفە نابن. مرۆڤ ئەکرێ وەک تێگەییشتنی فەلسەفی یان سامانێکی ڕوونبینی سەیریان بکات.

***فەلسەفەیێکی جیهانی بوونی هەیە؟ ئەبێ هەڵگری چ تایبەتمەندیگەلێکی بنەمایی بێت؟ فیلسووفی وا هەبووە کە کاریگەری زۆرتایبەتی لە سەرئێوە بوو بێت؟***

سەرسامی من بەرامبەر بە هزری هیچ فیلسووفێ وەک هێراکلیت نەبووە. سەرەڕای ئەوەی ئەزانین کە هیچ نووسراوەیێکی لێ نەماوەتەوە. هەموو ئەو شتانەی ئێمە لە هێراکلیت لە بەر دەستماندایە، هەموو ئەو شتانەی لێی ئەزانین، تەنیا برێ ڕستەن کە لە لایەن کەسانیتر و لەوانە نەیارانی ئەو و بە مەبەستی تایبەتەوە گێڕدرانەتەوە. سەرباری ئەمەش ئەم ڕستەگەلە وەها قووڵن و پێوەندییێکی وەها پتەو لە نێوانیاندایە کە پێکهاتەهزرێکی زۆر شکۆداریان ئافراندووە. لە سەرەوە یەک لە ڕستە بەناوباگەکانیم لەسەر چەمی جیهان بە نموونە هێنایەوە. لێرەدا چەن ڕستەیتری ئەوتان بیرئەخەمەوە.

«ڕێی سەرەوژێر و سەرەوژوور هەر یەک ڕێگان» ئەم ڕستەیە زۆر ساکار ئەنوێنێ، بەڵام ئێجگار کاریگەرە. مانای ئەم ڕستەیە بۆ من ئەوەیە کە هیچ ڕێگاییێکی سەرەوژوور یان سەرەوژێر بوونی نییە. ئەوە گرێدراوی گۆشەنیگای ئێمە و ئەو ئاراستەیەیە وا پیایدا ئەڕۆین. ئەم ڕستەیە زۆر ئاریکاری منی داوە وەک نووسەرێ. من لەم ڕستەیە ئەخوێنمەوە کەخێرخواز و تاوانبار، شەهید و مرۆڤکوژ ئەکرێ یەک بن و بڕیارەکانی ئێمە گرێدراوی گۆشەنیگا و خواستەکانی ئێمەن. هێراکلیت هەروەها وتوویە «سنوورەکانی بوونەزا (Geist) قەت نایێنە تێپەڕ کردن، هەر چەندەش پیایدا بڕۆین». واتای ئەمە بۆمن ئەوەیە کە قەت ناتوانم بووگێکی خاوەن بوونەزا بە تەواوەتی بناسم و بیناسێنم، تەنانەت ئەگەر هەموو تەمەنی خۆم بۆ تاکە مرۆڤێک و تەنانەت بوونەوەرێکی نەدوێش تەرخان بکەم. واتا ڕۆمانێکی بەنرخ بەس بڕووسکەییێکە لە ئاسمانی هەبوون کە تەنیا بۆ چەن چرکەییێک ڕوونی ئەکاتەوە و ئەمەش دیسان ڕستەییێکیتری هێراکلیتە «بڕووسکە هەموو شتێ دەئاژوێ.» پێش و پاش بڕووسکە تاریکی باڵادەستە. ئێمە هیچ لەو ڕابردووەی خۆمان نازانین وا هێشتا توخمەژینمان لە سرووشتدا نەهاتبووە ئافراندن و هەروەها لە داهاتووی نەهاتوومان. ژیانی ئێمە وەک بڕووسکەییێکە کە تەنێ چەن چرکە ئەخایێنێ، بەڵام نیگارکێشێ ئەتوانێ ئەم برووسکەیە بکێشێت و ڕۆماننووسێ وێنای بکات، بۆ ئەوەی ژیانی کورت و ناوازەی ئێمە دەمێکی درێژتر خۆی بنوێنێت و مرۆڤەکانی پاش ئێمە بتوانن هەستی ناهەرمانیی خۆیانی پێ سارێژ بکەن.

یان ڕسته بەناوبانگەکەیتری «شەڕ باوکی هەموو شتێکە.» مانای ئەم ڕستەیە زۆرجار بە لارێدا براوە. کە مرۆڤ بە وردی لە کۆی ڕستە بەجێماوەکانی هێراکلیت بڕوانێت تێدەگات کە لێرەدا مەبەست لە شەڕ، ململانێ، دژوازی و دیالکتیکە. جیهان و هەموو ئەو شت و بوونەوەرگەلەی وا لە جیهاندا بوونیان هەیە و هەموو ئەو هەست و هزرەی لەوانەوە هەڵدەقوڵێت، لە مەیدانی شەڕی دژوازییەکاندا دێنە ئاژووتن، یان جیهان هەڵقوڵاوی دژوازییە. لە ململانێ نێوان تاریکی و ڕووناکی، قین و ئەوین، نەخۆشی و لەشساغی و هتد. ئەگەر من قەت نەخۆش نەبوومایا نەمدەتوانی لە واتای لەشساغی تێبگەم. لەم ڕستەیەوە ئەگوازمەوە کە ئەگەر ئێمە ئەمانەوێ ئەم جیهانە پڕ لە بێڕۆحمییەی خۆمان بگۆڕین، ئەبێ بە دلۆڤانی شەڕی لەگەڵ کەین. ئێمە ئەبێ جیهان جوانتر بکەین ئەگەر بە نیازین شەڕی قرێژی بکەین. من فەلسەفەی هێراکلێت هەرە جوان ئەبینم و تێدەگەم لەبەرچی نیتسشە ئەوەندە بە حەماسەتەوە پیایدا هەڵئەدات. ئەوەی لێی تێناگەم ئەوەیە کە چۆن ئەکرێ مرۆڤ بڕوای بە بەرزەپیاو (Übermensch) بێت، ئەگەر ئەویش هاوڕا بێت لەگەڵ هێراکلیت کە سنوورەکانی بوونەزا قەت نایێنە بەزاندن، هەرچەندەش پیایدا بڕۆین.

### ***چۆن ئەکرێ مرۆڤ حەقێقەتە هەتاهەتاییەکان بدۆزێتەوە؟***

گەلێک گرفتی مرۆڤی لە شیکردنەوەی ئەم وشەیەدا دێتە گۆڕێ. من هیچ وشەیێکیتر ناناسم کە ئەوەندە پۆی پێوەدرابێت و شیکرابێتەوە. نەک هەر لە زمانی ئاڵمانیدا بەڵکوو لە هەموو ئەو زمانانەی ئەیناسم جگە لە زمانی کوردی.

واتای ئەم وشەیە دەبوایە پێچەوانەی وشەی درۆ بێت. من حەقێقەتت پێ ئەڵێم «درۆت لەگەڵ ناکەم» کە مرۆڤ بیهەوێ ئەم دوو وشەیە بگێڕێتەوە سەر زمانی کوردی لە هەموو بارودۆخە زمانییەکاندا هەر دوو وشەی / درۆ-ڕاستی/ پێویست ئەبێت. بەڵام لە زمانەکانیتری وەک فارسی یان عەرەبی وەها سووک و ئاسان نییە. ئەگەر ئێمە هەر کامە لەم دوو وشەیە بە تەنێ بەکاربێنین، هاوواتایان دیارە. لە عەرەبیدا / حقیقت-کذب/ و لە فارسیدا / حقیقت-دروغ/ بەڵام کە بمانەوێ ئەم دوو وشەیە بە پیتی پێوەندی >یا < پێکەوە گرێبدەین، وشەگەلێکیترمان پێویست ئەبێت. لە عەرەبیدا / حقیقت او باطل/ و لە فارسیدا یەک لەم چەشنە ئاوێتەگەلە / درستی یا نادرستی- حقیقت یا کذب/. لە کوردیدا ئەکرێ هەمیشە و لە هەموو دۆخەکاندا لەباتی وشەی حەقیقەت وشەی ڕاستی دابنرێت، بەڵام ئەم وشەیە لە دەقێکی فەلسەفیدا تیژێتی واتاکەی بە توندی دائەبەزێ. ئەگەر مەبەستتان لەو وشە تیژواتایە بێت، بڕوام پێ نییە. باشتر ئەبینم بڕوا بکەم بە کۆڕستە بەناوبانگە سووفیستییەکەی پرۆتاگوراس «مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە، ببووگەکان، ئەوانەی وا هەن، نەبووگەکان، ئەوانەی وا نین.» منیش لە سەر ئەو باوەڕەم کە هەر تاکەمرۆڤێ پێوەری هەموو شتێکە. ئێمە چی تێدەگەین لە ڕاستی شتەکان؟ ئێمە لەو تایبەتمەندیگەلەی شتەکان تێئەگەین وا خۆیان بۆ ئێمە ئەنوێنن. لە ڕێگەی پێنج هەست، ئەزموون و بیرکردنەوەمان و هەروەها ئامێرەکانەوە. بەڵام هیچی ئەم کەرەسە و ئامێری نواندنانە تەواو نین و هەموویان تەڤگۆڕن. ئێمە تەنێ

ئەتوانین لە شتەکان تێبگەین. بۆیە پێموایە تێگەیشتن (Wahrnehmung) بروواتا ( alternative Bedeutung)یێکی باشترە بۆ وشەی حەقێقەت لە مانا فەلسەفییەکەیدا. ئەکرێ مرۆڤ ئەو تێگەیشتنەی خۆی لەبەر هۆکار و مەبەستی جۆراوجۆر ئاڵشت بکات. کە مرۆڤ بیهەوێ ئەم تێگەیشتنەی خۆی لەگەڵ دیتران بگۆڕێتەوە، فەلسەفە دەستپێئەکات. چالاکی فەلسەفی لە دوو شێوازی زمانی خۆدوان و مشتوومڕدا دەرئەکەوێت. ئەم چالاکییە ناکرێ لە تاکبێژیدا رووبدات. مەبەستی من ئەوە نییە کە تاکبێژی ناتوانێ بیری فەلسەفی بگوازێتەوە. ئەوە زۆرجار ڕوو ئەدات، بەڵام ڕەوتی بیرکردنەوە پێشتر روویداوە، لە شێوەزمانییەکانی خۆدوان و مشتوومڕ لە گەڵ ئەویتردا. لەگەڵ تاکبێژیدا چالاکی فەلسەفی ڕائەوەستێ، حەقیقەت سەرهەڵئەدات و ڕەهاخوازی دەستپێدەکات. ڕێک ئەو شتە بۆ یەکەم دەقە تاکدەنگە بەناوبانگەکەی مێژووی فەلسەفە ڕوویدا،کاتێ کە ئەفلاتوون مشتوومڕە فەلسەفییەکانی مامۆستاکەی خۆی لە دەقێکی تاکدەنگدا چەقبەستە کرد. خوێندکارەکەشی هیچ مشتوومڕێکی لەگەڵ ئەو دەستپێنەکرد، بەڵکوو چەنەها دەقی تاکدەنگی تری نووسی و بەم چەشنە سەدەکانی تاکدەنگی دەستپێکرد کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ئەناسرێن.

تازە لە سەدەی شازدەیەم و لە پاش ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییانەی دەرکەوتەی دوو ڕووداوی مێژوویی گرنگی شکەستی قوستەنتەنیە و دۆزرانەوەی پارزەوی ئامریکا بوون، توانامەندییێکی کۆمەڵایەتی وەها پتەو چێ

بوو کە ڕێژەیێکی زۆر لەبیرمەندان بتوانن ئەو دەسەڵاتی تاکدەنگییە تێکبشکێنن و سەدەکانی مشتومڕ بخەنە گەڕ. لەم قوناخەدا فۆیەباخ مەرگی حەقێقەتی ئەو سەردەمە واتە خودای ڕاگەیاند. ئەم قۆناخە مێژووییە بە کتێبی ئانتی دۆرینگی فریدریش ئێنگێلز گەیشتە تەشقی خۆی. لە سەدەی بیستەمدا جیهانبینییەکان زۆربە لە دوو شێوەی تاکدەنگی مارکیست لێنینیستی و لیبرالیزمی سەرمایەدارانە دەرئەکەوتن. پاش ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت دەسبەجێ بیرکارانی سەرمایەداری دایان لە دەهۆڵ بۆ سەرکەوتنی مێژوویی خۆیان و کۆتایی مێژوویان ڕاگەیاند و هەوڵیان دا بە یاریە زمانییە تاکدەنگەکەی خۆیان بیسەلمێنن. بەڵام لەگەڵ دەسپێکی قەیرانی ئابووری ئەم دواییەدا ئەم وتارە تاکدەنگە دیسانەوە کەوتە بەر هێرشی گومان. تەنانەت بەر لە دەسپێکی ئەو قەیرانەش هەندێ لە بیرمەندانی قوتابخانەی لیبرالیستی بەرەی سەرمایە ناچار ببوون دیان بە ئامادەیی مێردزمەی مارکس لە کۆمەڵگادا بنێن. سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ناوەندەکانی بیرسازی سەرمایە، چیدی کاپیتالیزم وەک حەقێقەت نابینرێت. سەردەمێکی نوێ دەستی پێکردۆتەوە بۆ ئاگادار بوونەوەی بیروڕای گشتی لە کویلەدارییێتی جیهانی سەرمایە. ئەمڕۆکە تەنانەت لە ئامریکاشدا نەک هەر باسی هزراندنی مەبەستخوازانە، بەڵکوو باسی هزراندنی هەلپەرەستانە ئەکرێت و سیستەمێکی داپڵۆسێنەری بەرهەمهاتووی سیستەمی ماڵی جیهانی  کە چیدی بە هزراندنی پێوەندیگر

نایەتە تێکشکان بەڵکوو بە بەشداربوونی هەمەلایەنەی جەماوەر و بیری پێشڕەو.

***دەور و نەخشی نووسەران لەم ڕۆمانەی ئێوەدا ڕخنەگرانە ئەکەوێتە بەر باس. ئەبوایا چ دەور و نەخشێک بگێڕن لە ئێستای ئورووپا ولە ڕۆژهەڵاتی ناویندا؟***

من نامهەوێ دەور و نەخشی نووسەران قەبە یان گچکە کەمەوە. نووسین ئەکرێ چالاکی یان کسم بێت. بە ڕای من کاری نووسەران وەک کاری جووتیارێ وایە بیهەوێ ئەردیلە بەرهەم بێنێت. بەڵام وەک جووتیارێکی بەرزەفڕ کە ئەیهەوێ جۆرە ئەردیلەیێک بەرهەم بێنێت کە تامی گۆشت بدات، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاژەڵی کەمتر سەربڕن.

**پرسیارەکان لە لەیەن زیکفرید نووکە ی ڕۆماننووسەوە ئاراستە کراون.**